# شانامەی کوردی

## چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب

چوار دەقی جیاواز و  یەک چیرۆک

# SHANAMEY KURDI

CHIROKI ROSTEM U ZORAB

CHWAR DEQI CYAWAZ U YEK CHIROK

Copyright: Siawas Goudarzi
Utgivare: Apec Förlag AB
Print 2013
ISBN: 978-91-86139-72-8

# شانامەی کوردی

## چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب

چوار دەقی جیاواز و یەک چیرۆک

ئامادەکردنی:
سیاوەش گۆدەرزی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

شانامەی کوردی - چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب
ئامادەکردنی: سیاوەش گۆدەرزی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٨٧
چاپی یەکەم ٢٠١٣
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٣٠٧ - ٢٠١٣
نەخشاندنی ناوەوە و ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم

ژپنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-91-86139-72-8

وەبەردانی سێ دەقی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی کوردیدا لەگەڵ یەکتری. وەبەردانی دەقە کوردییەکان لەگەڵ دەقی هەمان چیرۆک لە شانامەی فیردەوسیدا، بڵاوکردنەوەی دەقێکی نوێ لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب بۆ یەکەم جار.

پێرست

– سەرەتا ........ 9
– وەبەردانی دەقە جیاوازەکانی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی کوردیدا ........ 17
* پاشخان ........ 17
* وەبەردانی نوسخە جیاوازەکان ........ 19
١– دین و ئاماژەی ئایینی (ئیسلام و یارسان) ........ 19
٢– ئاماژە و تایبەتمەندییە کوردییەکان ........ 23
٣– زمان و جیاوازیی شێوەزار ........ 25
٤– جیاوازیٚ ناوەرۆک لە تێکستدا ........ 29
٥– دارِشتنەوە و دووبارە نووسینەوە ........ 35
٦– قارەمان و کەسایەتییەکان ........ 37
– وەبەردانی دێر بەدێری دوو دەق ........ 41
– چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە دەقی شانامەی فارسیی فیردەوسی...... ........ 217
١– کورتەی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب، دەقی فیردەوسی ........ 219
٢– جیاوازییەکان لە نێوان دەقی فارسی و کوردیدا ........ 222
– وەبەردانی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابی کرمانجیی ژووروو لەگەڵ دەقە...... ........ 249
١– پاشخان ........ 251
٢– جیاوازییەکان ........ 254
– دەقی داستانەکانی ڕۆستەم و زۆراب لە چوار دەقی کوردیدا ........ 263
١– دەقی نووسخەی سیاوەش گۆدەرزی ........ 265
٢– دەقی نووسخەی محەمەد ڕەشید ئەمینی ........ 351
٣– دەقی نووسخەی ئیرەج بەهرامی ........ 425
٤– دەقێکی بڵاونەکراوە ........ 491
– فەرهەنگۆک ........ 548

# سەرەتا

کاتێک خەریکی نووسین و هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی، وەرگێڕان، داڕشتنەوە و پەڕاوێز نووسینی یەکێک لە دەسنووسەکانی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب بووم، کە دواتر لە کۆتایی ساڵی ۲۰۱۲دا لە دەزگای ئاراس لە هەولێر چاپ کرا، لەگەڵ ئەوەی دەمزانی دەقە کوردییەکانی شانامە جیاوازیی تەواویان لەگەڵ شانامەی فارسیی فیردەوسیدا هەیە، هاوکات سەرەنجم بۆ ئەوەش ڕاکێشرا، کە دەقە کوردییەکانیش بۆ خۆیان زۆر لێک جیاوازن. ئەم جیاوازییە نەک تەنیا لە زاراوەی جیاوازدا بەڵکو لە فۆرم، داڕشتن و تەنانەت ناوەڕۆکیشدا لە نێو دەقە جیاوازەکانی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆربدا بەرچاون.

بێجگە لە چەند شانامەی چاپکراوی کوردی، ئەویش تەنیا وەک دووبارە نووسینەوەیەک یان هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی، هێشتا لێگەران و لێکۆڵینەوە و وەبەردانی دەقە کوردییەکانی شانامەی کوردی لەگەڵ دەقی فیردەوسی و هەروەها وەبەردانی دەقە جیاوازە کوردییەکان لەگەڵ یەکتریدا نەکراوە. نەک تەنیا لێکۆڵینەوە بەڵکو هەتا ئێستاش شانامەی زارەکی، کە خەریکە دوا بێژەرەکانیان لە کوردستاندا کۆچی دوایی دەکەن، تۆمار نەکراون و بە دەیان و بگرە سەدان دەسنووسی شانامەی کوردیی دیکە هێشتا بە چاپ نەکراوی خەریکن لە بیر بچنەوە.

لە سۆنگەی پێویستییەکی گرینگی چاپ و بڵاوکردنەوەی دەقە کۆنە کوردییەکان و لێکۆڵینەوە لە سەریان، بڕیارم دا وەبەردانێک لە نێوان نوسخە جیاوازەکانی لانی کەم هیچ نەبێ وەک سەرەتایەک لە نێوان چیرۆکە جیاوازەکانی ڕۆستەم و زۆرابدا بکەم. بۆ ئەوەش وەک هەوڵێکی سەرەتاییی سێ نوسخەی چاپکراوی جیاوازی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابم لە نێو سێ کتێبدا هەڵبژارد: "شانامەی کوردی، داستانی ڕۆستەم و زۆراب، سیاوەش گۆدەرزی، "شاهنامەی کوردی (هەورامی)، محەمەد ڕەشید ئەمینی و "شاهنامە کردی، ئیرەج بەهرامی".

لە دووتوێی ئەم کتێبەی کە ئێستا لە بەردەستدایە، لە پێشدا وەربەردانێکی گشتی

داستانی ڕۆستەم و زۆراب لە هەر سێ دەقی ئاماژەپێکراوی سەرەوەم کردووە. لێرەدا وەک بنەمای لێکۆڵینەوەی وەبەردان چەند سیمبۆلێکم هەڵبژاردووە و خاڵی هاوبەش و لێک جیاییی هەر سێ دەقەکەم لە سۆنگەی سیمبۆلەکانەوە دەرخستووە. دواتر وەک شێوازی لێکۆڵینەوەی کلاسیک دوو دەقی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە دوو شانامەی کوردی نوسخەی گۆدەرزی و شاهنامەی کوردی نوسخەی ئەمینی دێر بەدێر وەبەر وەبەر یەکتری داوە. بە دوای ئەمەدا هاتووم و هەمان دوو دەقی وەبەردراوم جارێکی دیکە وەبەر دەقی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی فیردەوسی داوە و هەوڵم داوە لێرەشدا لێکچوون و جیاوازیی نێوان شانامەی کوردی و فارسی لەم چیرۆکەدا دەر بخەم. پاشان لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەدا هەوڵم داوە وەبەردانێکی سەرەپێی لە نێوان چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب بە کرمانجی سەروو و دەقە کوردییەکانی دیکە و دەقی هەمان چیرۆک لە شانامەی فیردەوسیدا بکەم. دواتر جارێکی دیکە هەر سێ دەقی نوسخەی گۆدەرزی، نوسخەی ئەمینی و نوسخەی بەهرامیم لە ڕێنووسێکی هاوبەشدا نووسیوەتەوە. لە نوسخەی گۆدەرزیدا تەنیا هەڵەکانی چاپی پێشووتر ڕاست کراونەتەوە. لە نوسخەی ئەمینیدا هەڵەکان لە وشە و دێردا ڕاست کراونەتەوە و ڕێنووسی چیرۆکەکە یەکدەست کراوە. نوسخەی بەهرامی لە چاپی پێشووتردا تەنیا دووبارەنووسینەوە بە ڕێنووسی فارسی بووە، کە ئەویشم لە بنەوە بە ڕێنووسی کوردی نووسیوەتەوە و هەروەها هەڵەکانیشم ساغ کردووەتەوە. هەر لەم بەشەدا دەقێکی بڵاونەکراوەی نوسخەیەکی دیکەی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابم بە وێنە داناوە. ئەم دەقە بە دوو خەت نووسراوەتەوە، خەتی یەکەم زۆر خانا نووسراوە، کە دەکرێ لە ڕووی وێنەکان بە ئاسانی بخوێندرێتەوە. خەتی دووەم شێواو و تێکەڵ پێکەڵ نووسراوە و هەتا ڕادەیەکیش بەشێک لە بەیتەکان نەماون، کە ئەم بەشی کۆتاییە پێویستی بەسەرڕاستکردنەوە هەیە. بە گشتی ئەم نوسخەیە تەواو نییە. ئەم دەقە لە لایەن شانامەناسی کورد کاک بێهرووز چەمەنئارا لە کتێبخانەی دەوڵەتی بەرلین وێڕای کۆمەڵێک دەسنووسی دیکەی بڵاونەکراوە، بە دەستم گەیشتووە.

لە دوا بەشی کتێبەکەدا فەرهەنگۆکێکم بۆ ناو و وشە زەحمەتەکان داناوە، کە لە خۆیدا دەتوانێ یارمەتیدەرێکی بچووکی ئاسان خوێندنەوەی دەقە جیاوازەکانی ڕۆستەم و زۆراب بێت.

### بۆ ئەم کتێبە؟

شانامە کوردییەکان پێناسەیەکی کوردییان هەیە و بە ناوی شانامەی کوردی ناسراون و جیاوازیی بەرچاویان لە باری فۆرم و ناوەڕۆکەوە لەگەڵ شانامەی فیردەوسیدا هەیە. کەوابوو شانامەی کوردی بەشێکە لە ناسنامەی ئەدەبی کوردی و لەو ڕوانگەیەشەوە بەشێک لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد پێک دێنێ. هەر بۆیە هەموو هەوڵدانێک لە پێناوی چاپ و بڵاوکردنەوە، لێکۆڵینەوە و لێگەڕانی زیاتر لە شانامە کوردییەکان بە کامە شێوەزاری کوردی بێت، جیاوازیی نییە، لە خۆیدا هەوڵدانێکە بۆ بتەوکردنی ناسنامەی کوردی و هاوکات جوڵاندن و قایمکردنی هەستی هاوبەشی کوردی لە هەموو بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا. ئەگەر لە باری کولتوورییەوە لەم بەشەی کوردستان بۆ ئەو بەشەی کوردستان لە ژێر کاریگەریی کولتووری دەوڵەتی سەردەستدا گۆڕانێک لە نێو بەشە جیاجیاکانی کوردستان هەبێت، ئەوە ئەدەبی کوردی بە گشتی و ئەدەبی زارەکی و شانامە کوردییەکان بە پێچەوانە، ژانری هاوبەشی کورد لە هەموو کوردستانن. کەوابوو هەر چەشنە هەوڵدانێک بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە پێناوی شانامەی کوردیدا هەوڵدانێکە لە پێناوی بتەوترکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کوردا.

لەم ساڵانەی دواییدا چەند شانامەی کوردی لە ئێران چاپ و بڵاوکراونەتەوە. ئامانج لە بڵاوکردنەوەی شانامە کوردییەکان چی بێت با ببێت، ئەمە لە ناخی خۆیدا ئەرێنییە و وەک جۆرێک خزمەت بە ئەدەبی کوردی دێتە ژماردن. بەڵام لایەنێکی نەرێنی لەم پێوەندییەدا بەتایبەتی بە سەرەنجدان بەو نوسخە چاپکراوانەی شانامە، کە من دیتوومن، ئەوەیە یەکەم، تەنیا جۆرێک دووبارە نووسینەوەی شانامەکانە ئەویش بە ڕێنووسی فارسی، کە ئەمە لە خۆیدا خوێندنەوەی دروستی چیرۆکەکانی شانامە زۆر تووشی گرفت دەکا. چونکە ڕینووسی فارسی لە بنەڕەترا بۆ کوردی ناشێ. بۆ ڕێنووسی فارسی لە دووبارەنووسی شانامە کوردییەکاندا بەکار دەبرێ؟ ئەمە لە خۆیدا، جێگەی سەرەنجە، لە کاتێکدا ئێمە ڕێنووسێکی هەتا ڕادەیەک جێگرتووی کوردیمان لە هەر دوو بەشی کوردستان، باشوور و ڕۆژهەڵاتدا هەیە. لە لایەکی دیکەوە لە پێشەکی و ناساندنی ئەم شانامانەدا جۆرێک لێک گرێدانی دەستکرد لە نێوان شانامەی کوردی و شانامەی فیردەوسیدا بە ئامانج و مەبەستێکی تایبەتی کراوە. وەک هەمان وتەی مەنشوور، کە کوردەکان ئێرانین و ئەدەب و مێژووی هاوبەشیان لەگەڵ ئێراندا هەیە. لێرەدا ئیتر مەبەست ئێرانی کەوناران، شوێن و

وارگەی کورد، فارس، بەلووج و... نییە بەڵکو مەبەست دەوڵەتی نەتەوەیی ئێستای ئێرانە. ڕاستە کورد و ئێرانییەکان مێژوو و میتۆلۆجیای هاوبەشیان هەیە بەڵام ئەمە نابێ ببێتە هۆکار، کە لە ژێر ئەم ناونیشانەدا ئەدەبی کوردیش بە سووک و ئاسانی بدزرێ و بکرێتە مڵکی دەوڵەتێکی نەتەوەیەک، کە خەڵکی کورد لە مافە نەتەوایەتییەکانی بێبەش دەکا. ئەوەی، کە لە ژێر پەردەدا لە ئێرانی ئیمڕۆدا لەم پێوەندییەدا دەکرێ، لە ڕاستیدا هەوڵدانێکی شاراوەی ناسیۆنالیزمی ئێرانییە، کە دەیهەوێ شانامە کوردییەکان لە ناسنامەی ڕاستینەی کوردی خۆیان دابڕێ. بەڵام لێکۆڵینەوە زانستییەکان لە سەر شانامە کوردییەکان دەتوانێ ئەو هەوڵانە نەزۆک و بێ کاریگەر بکا. کەوایە لەو سۆنگەیەوە گرینگە شانامە کوردییەکان وەک چۆن هەن دووبارە بە ڕێنووسی ئێستای کوردی بنووسرێنەوە، لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێ، ئاماژە تایبەت و کوردییەکانیان دەستنیشان بکرێن و بە بێ دەمارگرژی و لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوەی زانستی جیاوازییەکانیان لەگەڵ شانامەی فیردەوسیدا دەربخرێن و دواتریش وەک بەشێکی گرینگ لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی بخرێنە بەردەستی خوێنەرانی کورد.

جیاواز لە لایەنی ناسنامەی کوردی لە شانامە کوردییەکاندا و جیاواز لەوەی، کە ئەوان بەشێکی گرینگ و نەپچڕاون لە ئەدەبی کوردی، دیسان شانامە کوردییەکان وەک ڕەنگدانەوە و ئەزموون لێ وەرگرتنی ئەوەی لە ڕابردوودا رووی داوە و ئەوەی ئێستا لە کوردستان ڕوو دەدا گرینگییەکی تایبەتی خۆیان هەیە. دەگوترێ بەشێکی زۆر لە ئەفسانەکان ڕاستن و ڕەنگدانەوەی مێژوو و بەسەرهاتی کەوناران. مێژووزانێک دەبێ ئاگای لە میتۆلۆجیا و ئەفسانەکان هەبێت بۆ ئەوە بە باشی لە مێژوو تێ بگا. ئەگەر هاتوو تێگەیشتنێکی ڕاستیش لە مێژوو نەکرێ ئەوە خوێندنەوەی ڕاستییەکانی ئێستا، کە لە پاشخانی دوێنێدا خۆیان حەشارداوە، نابیندرێن. کەوابوو ئێمە وەک کورد بە بێ ئاگاداری لە میتۆلۆجیا و ئەفسانەی خۆمان ناتوانین نە لە ڕابردوو تێ بگەین و نە هەنگاویش بەرەو پێشەوە بهاوێژین. لەو سۆنگەیەوە شانامە کوردییەکان باشترین سەرچاوەی میتۆلۆجیایی کوردین.

بە گشتی دەکرێ بگوترێ بە دەگمەن ڕەنگە دەسنووسێکی کۆن دەست بکەوێ، کە بە تەواوەتی و ڕێکوپێک و بێ عەیب نووسرابێتەوە. بێجگە لەوە، بە دەگمەن دەسنووسێکی کوردیش هەڵدەکەوێ، کە دوای سەد ساڵ یان زیاتر لە کەشی نم و شێ، قرتاندنی جرج و مشک و کەمتەرخەمی و نەزانینی چۆنیەتیی پاراستن، پارێزراو بێت. تەنیا لەم چوار

نوسخە جیاوازەی شانامە، کە لەم کتێبەدا دەخرێتە بەر سەرنجتان، ئەم کەمایەسییە بە ڕوونی دەبیندرێ. لە نوسخەی ئەمینیدا نەک دێر چەند لاپەڕە لە چیرۆکەکە فەوتاوە. لە نوسخەی بەهرامیدا ئەگەرچی دوای بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکەش ئاماژەی پێ نەکراوە، بەڵام بەشی کۆتاییی چیرۆکەکە بە دەیان دێری ناتەواوە. لە نوسخەیەکی نوێدا، کە بۆ یەکەمجار لەم کتێبەدا بڵاو دەکرێتەوە، دیسان بەشێک لە چیرۆکەکە نادیارە. لە نوسخەی گۆدەرزیدا، کە بە ساقترین نوسخە دەژمێردرێ دیسان دەیان وشەی شێواو و نەخوێنراو دەبینرێ. کەواتە لە سۆنگەی ڕاستییەکی بەم شێوەیە، دەتوانرێ لە وەبەردانی نوسخە جیاوازەکانی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا، چیرۆکێکی تەواو و جێگەی باوەڕ لە سەر هەموو نوسخە جیاوازەکان ساخ بکرێتەوە. کەوابوو دواجار چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەش هەنگاوێکی گرینگە لەو پێناوەدا.

١

# دەقە جیاوازەکانی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی کوردیدا، خاڵە هاوبەش و ناکۆکەکان

## دەقە جیاوازەکانی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب
## لە شانامەی کوردیدا

**پاشخان:**

لە نێو شانامە کوردییەکاندا دوو جۆری سەرەکیی شانامە هەیە. یەک شانامەی نووسراو و یەکیش شانامەی زارەکی، کە ڕەنگە دەیان شێوازی جیاوازی ئەگەر لە بەیتبێژان و میرزاکانی کوردستان بە دەنگ تۆمار کرابن، هەبێت. هەر دوو جۆری شانامە بۆ خۆیان بە دەیان شێوازی جیاوازیان هەیە، کە بە پێی ناوچە و هەرێمی جیاواز گۆڕانیان بە سەردا هاتووە. خاڵی سەرەکی و هاوبەشی هەموو شانامە کوردییەکان ئەوەیە، کە باس و گێڕانەوەی پاڵەوانەتی و قارەمانانی ئەفسانەیی دەکەن. لە هەر داستان و چیرۆکێکی کوردیدا باسی پاڵەوانگەلی ئەفسانەیی بکرێ ئەوە ئەو چیرۆکانە چ زارەکی و چ نووسراو بن، دەکەونە نێو چوارچێوەی شانامەی کوردییەوە. شانامەی کوردی، "ڕەزمنامە" یان "شەڕنامە" شی پێ دەگوترێ. زۆربەی هەرە زۆری شانامە کوردییەکان بە تایبەتی ئەوانەی نووسراونەتەوە بە شێوەزاری گۆرانی یان هەورامی نووسراونەتەوە. تێکەڵی و لێک نێزیکیی ئەم دوو زاراوەیە وای کردووە، کە لە شانامەکاندا جێگۆڕکێ بە ناوی هەورامی لە باتی گۆرانی یان بە پێچەوانەوە بکرێ. بێجگە لە شێوەزاری گۆرانی، شانامەی کوردی بە شێوەزاری دیکەی کوردی وەک سۆرانی (جافی)، لەکی و کرمانجیی سەروو هەیە. هەروەها شانامەی لوڕیش وەک نزیکترین شانامە لە باری زمانەوە بە شێوەزاری لەکی و زمانی کوردی چەند شێوازی جیاجیای هەیە.

شانامە کوردییەکان بە گشتی وەک بەسەرهات و ناوی پاڵەوانەکان، وەک شانامەی فیردەوسی دەچن. بەڵام بە پێی هەڵکەوتەی جوگرافی، مەزهەبی و ئێتنیکی گۆڕانکاری بەرچاو لە ناوەڕۆکی شانامە کوردییەکاندا لە درێژایی مێژوودا هاتووەتە گۆڕێ. هێندێک کەس بەتایبەتی ئەوانەی، کە تا ئێستا شانامە کوردییەکانیان چاپ و بڵاوکردووەتەوە شانامە کوردییەکان وەک وەرگێرانی دەقاودەق یان وەرگێڕانی ئازادی شانامە دەزانن. من

لەگەڵ ئەم بۆچوونە نیم و وەک دواتر لە درێژاییی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا دەردەکەوێ، شانامە کوردییەکان پێناسەیەکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە لە فۆرم و ناوەڕۆکدا لە شانامەی فیردەوسی جیاوازن. هەربۆیە شانامە کوردییەکان نەک وەک وەرگێران لە شانامەی فێردەوسی بەڵکو ناسنامەی تایبەت بە خۆیان وەک "شانامەی کوردی" هەیە. شانامە کوردییەکان تەنیا لە باری زمانییەوە نا بەڵکو لە باری فۆرم و ناوەڕۆکیشەوە جیاوازی بەرچاویان لەگەڵ شانامەی فیردەوسی هەیە.

جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان شانامە کوردییەکان و شانامەی فیردەوسیدا ئەوەیە، کە لە شانامە کوردییەکاندا تەنیا چیرۆکی پاڵەوانگەل باس کراوە نەک دیرۆکی ئەشکانی و ساسانی وەک لە شانامەی فیردەوسیدا هەیە. لە شانامە کوردییەکاندا چیرۆک گەلێکی وەک ڕۆستەم و زۆراب، ڕۆستەم و زەردەهەنگ، ڕۆستەم و ئەسفەندیار، ڕۆستەم و شوغاد، بەهمەن و فەرامەرز، بەرزو و فلاوەند، مەنیژە و بێژەن و... هەیە و ئیتر ئەو بەشە لە شانامەی فیردەوسی، کە بە شێوازێکی کرۆنۆلۆجیک باسی دیرۆکی پادشایانی ساسانی و بەر لەوان دەکا، نییە.

لە کاتێکدا شانامە کوردییەکان پێناسەی کوردیی خۆیان هەیە بەڵام بۆ خۆشیان جیاوازیی بەرچاویان لەگەڵ یەکتریدا هەیە. لەم سێ نوسخەیەی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا، کە لێرەدا وەبەر یەکتری دەدرێن و هەروەها نوسخەیەکی چاپ نەکراوی هەمان چیرۆک لە کتێبخانەی دەوڵەتی بەرلین، کە دواتر وێنەکانی ئەو دەقەش لەم کتێبەدا بڵاو دەکرێنەوە، هەر چواریان جیاوازییان پێکەوە هەیە و تەنانەت چەند بەیتێک نابیندرێنەوە، کە لە یەکتری بچن. لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامە، کە ڕەنگە سەدان جۆری جیاوازی شانامەی کوردی هەبن. بێهروز چەمەنئارا، شانامەناسی کورد باس لەوە دەکا، کە ئەو زیاتر لە شێست جۆری شانامە و زیاتر لە شیست هەزار بەیت شانامەی کوردیی کۆکردووەتەوە[1]. من پێم وایە هەژماری شانامە زۆر لەوە زیاترە ئەگەر بێتو ئەوە لە بەرچاوبگرین، کە لە ڕابردوودا هەر خێڵ و هۆزێک یان تەنانەت بنەماڵەیەکی کورد خاوەنی جۆرێک شانامەی تایبەت بە خۆیان بوون. تەنانەت ئەگەر شانامە کوردییەکان بە کرمانجیی سەروو نەژمێرین دیسان هەژماری شانامەکان لەو هەژمارە ئاماژە پێ کراوە زۆر زیاترن.

---

١. چمن آرا، بهروز، درآمدی بر ادب حماسی و پهلوانی کردی با تکی بر شاهنامه کردی، مجله علمی پژوهشی جستارهای ادبی، دانشگاه فردوسی مشهد، سال ٤٤، شماره۱، بهار ۱۳۹۰

شانامەی زارەکی، کە لە ڕابردوودا دەنگبێژان بە ئاهەنگەوە لە دیوەخان یان لە نێو گەورە ڕەشماڵاندا خوێندوویانەتەوە، لە لای کوردە کۆچەرەکان هەر لە لوڕستانەوە تا باکوری کوردستان برەوی هەبووە. بەڵام ئێستا بە داخەوە بێجگە لە چەند شانامەیەکی زارکی، کە خراونەتە سەر کاسێت، بە دەیان و سەدان شانامەی دیکە بە هۆی گۆڕان لە پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستان لە نێو چوون و شوێنەوارێکیان لێ نەماوە.

**وەبەردانی نوسخە جیاوازەکان:**

لەم بەشەدا سێ نوسخەی چاپکراوی جیاوازی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە نێو سێ کتێبدا هەڵدەبژێردرێ:

یەکەم، شانامەی کوردی، داستانی ڕۆستەم و زۆراب، سیاوەش گۆدەرزی، ئاراس لە هەولێر، ساڵی ٢٠١٢.

دووەم، شاهنامەی کوردی (هەورامی)، مەحمەدڕەشید ئەمینی کوردۆنیا، سلێمانی، ساڵ نادیار.

سێهەم، شاهنامە کردی، ئیرەج بەهرامی، ئانا، تاران، ساڵی ٢٠١٠.

من لێرەدا وەک یەکەم بەشی کتێبەکە ئەم سێ دەقە بە بنەما دەگرم و وەربەردانێکی گشتی هەر سێ دەقەکە دەکەم و هەوڵ دەدەم وەک بنەمای لێکۆڵینەوەی وەبەردان چەند سیمبۆلێک هەڵبژێرم و خاڵی هاوبەش و لێک جیاییی هەر سێ دەقەکە لە سۆنگەی سیمبۆلەکانەوە دەربخەم.

١- دین و ئاماژەی ئاینی

دین و باوەڕی دینی چ یارسانی و چ ئیسلام لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا لە هەر سێ چیرۆکەکەدا دەکرێ وەک سیمبۆلی جیاکەرەوەی شانامەی کوردی لە فارسی دابنرێ. بە شێوەیەکی دیکە دەکرێ بگوترێ دین پێناسەیەکی کوردی بە شانامەی کوردی دەدا و وەک دایکۆتۆمی یان "پێناسەی لێک جیا" شانامەی کوردی لە شانامەی فیردەوسی دادەبڕی.

دەقە پیرۆزەکانی یارسان وەک دەفتەری سەرئەنجام لە خۆیاندا ئەو سەرچاوە ئاینییانەن، کە چیرۆکەکانی شانامەی کوردی هەتا ڕادەیەکی بەرچاو تێیاندا ڕەنگی داوەتەوە. ناوی پادشا و پاڵەوانگەلێکی وەک کەیقوباد، کەیکاوس، جەمشید، ئارش و ڕۆستەم و زۆراب و هەروەها چیرۆکەکانی وەک ڕۆستەم زۆراب و ڕۆستەم و ئەسفەندیار لە

دەقە ئاینییەکانی یارساندا هەن[2]. بێجگە لەوە ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی شانامەش کاریگەریی گەورەی ئاینی یارسانی پێوەیە. لە داستانی ڕۆستەم و زۆرابدا باوەڕی ئاینی دونادون، یان تەناسوخ، کە بنەمای ئاینی یاری لە سەر ڕاوەستاوە، بە ڕوونی دەبیندرێ. لە لایەکی دیکەوە دەکرێ کاریگەریی مەزهەبی ئیسلامی وەک پێناسەیەکی تایبەت بۆ شانامەی کوردی دابندرێ. وەک جیاوازیی بەرچاو چ لە دەسپێک و چ لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا لە دەقی کوردیدا بە شێوەی جیاواز هەژمارێک بەیتی تایبەت هەن، کە هێمان بۆ بیروبۆچوونی ئیسلامی و بە تایبەت شیعەی نووسەر یان بێژەری کوردی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب. ئەم بەیتانە دەکەونە دەرەوەی چیرۆکەکە و هیچ پێوەندییەکیشیان بە ناوەڕۆکی خودی چیرۆکەکەوە نییە. ئەم بەیتانە وەک پێشەکی، ناوئاخن یان کۆتاییی چیرۆکەکان لە لایەن بێژەری کوردیی چیرۆکەکانەوە داندراون و پێوەندی ئۆرگانیکییان لەگەڵ ناوەڕۆکی چیرۆکەکاندا نییە. بەڵام دیسان هەمان دەسپێک و کۆتاییی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابی کوردی پێک دێن و بەشێکی جیانەکراوەکان لە کۆی چیرۆکەکە، ئەڵبەت لە خوێندنەوە و داڕشتنێکی کوردیدا.

**ئیسلام:**

بۆ نموونە لە دەقە کوردییەکانی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا، ناوی ئیمامانی شیعە و بیروباوەڕی مەزهەبی نووسەر تێکە هەڵکێشی چیرۆکەکە لە دەسپێک و کۆتاییدا کراوە. بێجگە لەوە لە ناوەڕاستی چیرۆکەکاندا لە مناجات یان پارانەوەی ڕۆستەم لە یەزدان ناوی ئیمامانی شیعە هاتوون، کە ئاماژەن بە باوەڕی مەزهەبی دانەر یان بێژەرانی چیرۆکەکانی ڕۆستەم و زۆراب.

لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب نوسخەی گۆدەرزیدا هاتووە:

بە ڕەفەرف سوار عەرسەی لامەکان

بە شەوق پابۆس ئاغەی خوراسان

بە دوڵدوڵ سوار حەلوەلا فەتا

پەرێش نازڵ بی سوورەی چل...

لێرەدا "ڕەفەرف" ناوی یەکێک لە دوو ئەسپی حەزرەتی مەحەمەدە. "ئاغەی خوراسان"

۲. چمن آرا، بهروز، درآمدی بر ادب حماسی و پهلوانی کردی با تکیه بر شاهنامه کردی، مجله علمی پژوهشی جستارهای ادبی، دانشگاه فردوسی مشهد، سال ٤٤، شماره۱، بهار ۱۳۹۰

مەبەست ئیمام ڕەزا، ئیمامی هەشتەمی شیعەکان و "دولْدولْ"یش بەهەمان شێوەیە ناوی یەکێکی دیکە لە ئەسپەکانی حەزرەتی مەحمەدە.

لە شوێنی دیکەی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا هێندێک چەمک و دەستەواژەی ئاینی ئیسلامی وەک وشەی "قەساس" لە باتی "تۆڵە" هاتووە، کە دیسان گوزارە لە باوەڕی مەزهەبی دانەری شانامەی کوردییەوە دەکا.

لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب نوسخەی بەهرامیدا ئاوا هاتووە:

ئاما پەی قەساس جگەرگۆشەی وێش
سەف بەستەن نە دەشت بێ خۆف و ئەندێش

چەمکی "غەزا"، کە ناوەڕۆکێکی ئاینینی هەیە و مانای شەڕی موسڵمان لە دژی کافر دەدا لە شەڕنامەی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە چەند جێگەدا لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابی کوردیدا هاتووە.

لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب نوسخەی بەهرامیدا هاتووە:

ئێختیار وە تۆن هەر چە ڕەزات هەن
مەیلتەن ئاشتی یا عەزم غەزاتەن

"ڕۆژی کەربەلا" مەبەست ڕووداوی کەربەلا و کوژرانی حەزرەتی حەسەین و هەڤاڵەکانیەتی، ئەم بەیتەی خوارەوە لە نوسخەی ئەمینی وەک زۆر بەیتی دیکە تەنیا تایبەتە بە شانامەی کوردی و ئاماژەیە بە بیروباوەڕی مەزهەبیی دانەری شانامە:

واچە جەی دنیا ڕۆستەم خەتا کەرد
خەتای فەرزەندان ڕۆی کەربەلا کەرد

لێرەدا چەند نموونەیەکی دیکە لە ئاماژە مەزهەبییە ئیسلامییەکان لە چیرۆکە جیاوازەکانی شانامەی کوردی لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا دەخرێنە بەر سەرەنج:

نوسخەی گۆدەرزی:

نام حەق بەردەن ئەڵاهوئەکبەر
جە هەردوو تەرەف گرتشان کەمەر

نوسخەی بەهرامی:

هەر دوو واتشان ئەڵاهوئەکبەر
گێرتشان بە چەنگ کەمەربەند یەکدگەر

نوسخەی ئەمینی:

بە تەوفیق حەق ئەلاهو ئەکبەر
بازهەم وە کوشتی گرتشان کەمەر

یان:

زاڵ زەڕ نەوەد، شاد بی وە جەمین
کەردش شوکرانەی ڕەبەلعالەمین

نوسخەی گۆدەرزی:

بە یا ڕەب یا ڕەب هەر شەو بێداران
بە سەدای ئەکبەر سوبح و ئێواران

خاڵێکی جێگەی سەرەنج لە چیرۆکە کوردییەکانی ڕۆستەم و زۆرابدا ئەوەیە لە کاتێکدا شوێنەواری ئاینی زەردەشتی بە دەقی فیردەوسییەوە ماوە بەڵام لە دەقە کوردییەکاندا ئەمە سڕدراوەتەوە یان زۆر کەم ڕەنگ کراوە. وەک نموونە لە دەقە کوردییەکاندا لە باتی مۆبدی زەردەشتی لە شانامەی فیردەوسیدا وشەی وەزیر داندراوە.

**یارسان:**

باوەڕی دوونادوون یان تەناسوخ وەک بنەمای ئاینی یارسان بە زەقی بە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابی شانامەی کوردییەوە دیارە و هەر ئەمەشە وەک فاکتەرێکی هەرە گرینگ زیاتر لە هەموو فاکتەرەکانی دیکە، پێناسەیەکی کوردی بە چیرۆکەکانی ڕۆستەم و زۆراب دەدا و ئەوان لە شانامەی فیردەوسی جوێ دەکاتەوە. لە کۆتاییی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا لە دەقی فیردەوسیدا، (ئەڵبەت لەم نوسخەیەی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابی فیردەوسی، کە لێرەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە) دوای ئەوە تەهمینە لە مەرگی زۆراب ئاگادار دەبێ دوای ساڵێک لە غەم و خەفەتی زۆرابدا دەمرێ بەڵام لە دەقە کوردییەکاندا و لە هەر دوو نوسخەی گۆدەرزی و ئەمینیدا چیرۆکەکە درێژەی دەبێ. دوای ٤٠ ڕۆژ ئازیەتباری تەهمینە بە لەشکەرێکی گەورەوە دەچێتە شەڕی ڕۆستەم دواتر بە نێوبژیوانی زاڵ ئاخرەکەی تەهمینە ئاشتی لەگەڵ ڕۆستەمدا دەکا و پێکەوە ژیانێکی نوێ لە زابول دەست پێ دەکەن و دوای نۆ مانگ کوڕێکی دیکەیان دەبێ، کە ناوی دەنێن "فەرامەرز" و بەو شێوەیە زنجیرەی پاڵەوانانی سام بەردەوام دەبێ. ئەمەش وەک ئاماژەی پێ کرا لە فەلسەفەی دوونادوونی ئاینی یارسانەوە سەرچاوەی گرتووە. هەر پەیوەست بەم باسەوە جێگەی تێڕامانە لە

زۆربەی چیرۆکە شیعرییەکاندا چ لە چوارچێوەی شەڕنامە و شانامە یان لە دەرەوەی ئەوان بە شێوەزاری گۆرانی، باوەڕی دوونادوون ڕەنگدانەوەی زەق و بەرچاوی هەیە. وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە وەرگێرانی کوردیی چیرۆکی "گول و بولبول"[3]، لە نووسینی میرزا کازمی هەمەدانی بکەین، کە لەم چیرۆکەشدا دوونادوون بنەمای هزریی چیرۆکەکە پێک دێنێ.

کاریگەریی ئاینی یارسان لە ڕەستە و دەستەواژە بەکارهاتووەکانی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا لە زۆر شوێنی دیکەی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێ. لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب نوسخەی بەهرامیدا لە دوو دێردا هاتووە:

هەر چە بپرسی ژە پاڵەوانان

پەرێت مەوانووم چووین دەفتەروانان

لە نوسخەی گۆدەرزیشدا بە هەمان شێوە هاتووە:

هەر چی مەپرسی جە پەهلەوانان

پەنەت مەواچوون چون دەفتەروانان

لێرەدا دەفتەر یان کەلام بە سرووده ئاینییەکانی یارسان دەگوترێ. ئەو کەسانەی کە بتوانن دەفتەرەکان بە ئاسانی بخوێنن و لێکدانەوەیان لە سەر بکەن پێیان دەگوترێ دەفتەروان یان دەفتەرخوێنەوە. لەم بەشە لە چیرۆکەکەدا لە بەر ئەوەی هەجیر ناوونیشانی پاڵەوانانی ئێرانی بۆ زۆراب بەیان دەکا، دانەری چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب، ناسناوی دەفتەروانی بە هەجیر داوە. ئەمەش بە ڕوون و ئاشکرایی دەری دەخا، کە دانەر یان بێژەری چیرۆک، یارسانی و پێڕەوی ئاینی دینی یارسان بووە و باوەڕی مەزهەبیی خۆی تێکەڵ بە چیرۆکەکە کردووە.

٢- ئاماژە و تایبەتمەندییە کوردییەکان

چەند تایبەتمەندی و ئاماژەیەک لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابی شانامەی کوردی بەتایبەتی نوسخەی ئەمینیدا هەن، کە نەک لە شانامەی فیردەوسی بەڵکو لە شانامە کوردییەکانی دیکەدا نین. جوگرافیای کوردستان و داب و نەریتی تایبەت بە کوردستان لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا بە جۆرێک ڕەنگی داوەتەوە.

---

٣. ئەم چیرۆکە لە ساڵی ٢٠٠٠ لە لایەن سیاوەش گۆدەرزییەوە لە چاپخانەی نینا لە سوید چاپ کراوە.

ناو و شوێنی جوگرافیای کوردستان:

لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب نوسخەی ئەمینیدا باسی شوێنی جوگرافی کوردستان وەک نموونە کێوی زۆر ناسراوی بێستوون لە قەراغ شاری کرماشان کراوە، کە لە شانامە کوردییەکانی دیکەدا نییە:

ڕۆستەم جە ڕەخش خەستەو سەرنگوون
مەلەرز جە بیم چوون کویی بێستوون

لاواندنەوە و چەمەری:

چەمەری ڕێوڕەسمێکی تایبەتیی پرسە و شینگێڕییە، کە لەودا لاواندنەوە و شێنگێڕی بە ئاهەنگێکی تایبەتییەوە وێرای دەهۆڵ و زوڕنا لە دەڤەری کرماشان و کوردستانی خواروودا بەڕێوە دەچێ. لە نوسخەی ئەمینیدا بەشێکی تەواو بە ناوی شێوەنی تەهمینە بۆ زۆراب لە شێوازی چەمەری و لاواندنەوەی کوردیدا هەیە، کە لە نوسخەکانیدا دیکەدا نییە و ئەمەش تەنیا تایبەتمەندییەکی کوردییە لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا:

ڕۆڵەی گوڵ دەماخ، گوڵ باخانم ڕۆ
سنەوبەر قامەت، لێلاخانم ڕۆ
فەرزەند عەزیز، نۆجوانم ڕۆ
سالار سپای شای توورانم ڕۆ
چراغ دیدەی جەهان بینم ڕۆ
(قرة لعیون)، نازانینم ڕۆ
زینەت مەجلیس بوزورگانم ڕۆ
مەرد هونەرمەند پەهلەوانم ڕۆ
ساحیب گورز و تێغ شۆڕ و شەڕم ڕۆ
چالاک مەیدان پڕ هونەرم ڕۆ

ئەڤینی نێوان پاڵەوان و کچە جوتیار:

لە ئەدەبی زارەکیی کوردیدا زۆر چیرۆک هەن، کە باسی ئەڤین و خۆشەویستیی نێوان کوڕە دەوڵەمەند و کچە هەژار، کوڕە ئاغا و کچە جوتیار دەکەن. بە هەمان شێوە لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب نوسخەی ئەمینیدا باسی ئەڤین و دڵداریی زۆراب بۆ کچە

جوتیارێک دەکرێ. ئەمەش تایبەتمەندییەکی کولتووری ئەڤینداریی نێوان کوڕ و کچی گوندە، کە لە ئەدەبیاتی زارەکیی کوردیدا زۆر باوە. ئەمە لە خۆیدا پێناسەیەکی زیاتری کوردی بە چیرۆکی شانامەی کوردی دەدا، کە لە شانامەی فیردەوسی لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا نییە:

سـپـای بێ سـامـان ئارۆ تا ئێـوار
لوان وە جـاگـەی سـەبزە و مـێـرغـوزار
یـاوان وەجـای خــوەش، دڵ نـشـین بـی
یـەک قـەتـعـە زەمـین توران زەمـین بـی
یـەک دوخـتـەرێ دهـقـان سـالار
مـەنشـور بی حـوسنش نە ڕووی ڕۆزگـار
زۆراب چوون شنەفت نام ئەو دوخـتـەر
عـاشـق بـی وەنـەش مـەرد دلاوەر

٣. زمان و جیاوازیی شێوەزار

لە پێشـدا ئەوە بڵێم، کـە من زمـانناس نیم، لێرەدا تـەنیـا جـیـاوازییـە بەرچاوەکـان لە بەکارهێنانـی شـێوەزاری جیاوازدا لە نوسخـە جیاوازەکاندا دەردەخـەم و خـۆم لە قـەرەی لێکۆڵینەوەی وردی زمـانناسـییـانەی چیرۆکی ڕۆسـتـەم و زۆراب نـادەم. جیـاوازیی نـێوان شـێـوازەکـانـی هەورامـی و گـۆرانـی ئەوەنـدە لێک نزیکن، کـە زۆر زمـانناس هەردوو شـێـوەزارەکـە بەیەک دادەنێن یان شـێـوازی گـۆرانـی بە زمـانـی نووسـینی هـەورامـی و شـێوەزارەکـانی دیکەی خـوارووی کـوردسـتـان دادەنێن. لە چیـرۆکـی ڕۆسـتـەم و زۆراب نوسخـەی ئـەمـینیدا دانەری چیرۆک، کە نەناسراوە لە کـۆتاییی چیرۆکەکـەدا باسـی ئەوە دەکا، کە چیرۆکەکەی بە "لەفز" شێوەزاری گۆرانی داڕشتووە:

شـوکور وە یـەزدان حەیی سـوبحـانی
تەمـام بـی داسـتـان لـەفـز گـۆرانی
ئەر سـەد مـەزمـونش مـاچان گۆرانی
ئەی لـەفـز گـۆران شـەکـەرفـشـانی

ئەمە لە کاتێکدا، کە ئەو شـانامـەیە لە لایـەن ئەمـینییـەوە بە ناوی "شـانامـەی هـەورامـی" ناودێر کراوە. ئەمە لە خۆیدا ئەگەر دەمارگرژی شێوەزاری پێوە دیار نەبێت، کێشە و گرفت

نییە. چونکە وەک وترا شێوەزارەکان ئەوەندە لێک نزیکن، کە جیاکردنەوەیان بۆ زمانناس نەبێ زەحمەت بێت[٤]. بەڵام بە هەرحاڵ ئەم گرفتە وەک تێرمینۆلۆجی دەبێ بە شێوەیەک چارەسەر بکرێت و ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر زمانناس و پسپۆڕانی شێوەزارەکان[٥].

چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب نوسخەی بەهرامی یان وەک لە دەقەکەدا هاتووە: "ڕووسەم و زووراو" شـێـوەزارێکی تێکەڵاوە لە نێـوان گـۆرانی/ هەورامی و لەکیدا. ئەگەرچی دووبارەنووسی چیرۆکەکە ئیرەج بەهرامی شێوەزاری بەکارهاتووی وەک گۆرانی ناودێر کردووە، بەڵام شێوەزاری بەکارهاتوو بە تەواوەتی جیاوازیی لەگەڵ دوو نوسخەی گۆدەرزی و ئەمینیدا هەیە. لەم نوسخەیەدا "ژە" لە باتی "جە" بەکار هاتووە و دەیان وشەی دیکە، کە لە نوسخەکانی دیکەی چیرۆکەکەدا نین[٦]. ڕۆستەم و زۆراب بە شێوازی گۆرانی کوردی خـواروو یان لەکی وەک "ڕووسەم" و "زووراو" نووسراون. وشەکانی "دوێت" کچ و وشەی "چووین" (وەک) لە نوسخەکانی گۆدەرزی و ئەمینیدا نین:

---

٤. بێهرووز چەمەنئارا، چەند وشەیەکی نێو شانامەی کوردیی بە هەر دوو شێوازی گۆرانی و هەورامی وەبەریەک داوە. لێرەدا لێک نزیکی و تێکەڵاویی ئەم گـۆرانی و هەورامی دەبینێدرێ: پەشێو (گ: پەشێو، هـ: پەشێو) بڵێ (گ: باچا، هـ: واچە) خۆی (گ: وێش، هـ: وێش) دەیکێشا (گ: مەکێشا، هـ: مەکێشا) چییە (گ: چێشەن، هـ: چێشەن) خوێن (گ: هوون هـ: وون). چمن آرا، بهروز "درآمدی بر ادب حماسی و پهلوانی کردی با تکیه بر شاهنامەی کردی".

٥. بێهرووز چەمەنئارا لە نامەیەکی ئێلکترۆنیکدا بۆی نووسیوم: "گورانی (ستایل) شێوازێکی ئەدەبییە، کە وەکوو چەترێک بە سەر زاراوەکانی کوردی خـواروو وەک: کەڵهوڕی، لەکی، هەورامی و لوڕی کاریگەریی هەیە. من لە وتارێک کە لەگەڵ پرۆفیسۆر 'کراینبروک' دا نووسیومانە باس لەوە دەکەین، کە گورانی بۆ خۆی زاراوە یان دیالێکت نییە بەڵکو ستایلێکی ئەدەبییە، کە تەنیا بو شیعر بە کار دەبر درێت و لە هێچ شوێنێکدا لاپەڕەیەک یان دێرێک پەخشان بە گۆرانی نەدۆزراوەتەوە.

٦. جێگەی سەرەنجە لە نوسخەی ئەمینیدا تەنیا لە دووبەیتییەکدا وشەی "ژە" لە باتی "جە"ی هەورامی یان گۆرانی بەکار هاتووە، کە ئەمە بە هیچ شێوەیەک لە نوسخەی گۆدەرزیدا نییە. شیمانەی ئەوە هەیە ئەو دووبەیتییە لە نوسخەی دیکەوە کەوتبێتە نێو نوسخەی ئەمینی:

مەعلووم بۆ جە لات پور نامەوەر
ژە توران ئامان سپای پڕ خەتەر
ئیسە ژە توران شای ئەفراسیاب
ئامان وەی مەکان سپای بێ حەساب

کەس وێنەی ڕووسەم پور زاڵ سام
وێش نەکەرد وە پەند واتەی خاس و عام
...
وە هەوا چووین تەیر نە ئاو چووین ماسی
یا چووین ستارە شەو نە سیاهی
...
دوێت کەژدەهەم گوردئافەرید نام
دیش هەجیر نە جەنگ زووراو بی ناکام

دواتر وشەکانی وەک "پور"[7] بە مانای کوڕ یان "گورد" یان "کورد" بە مانای پاڵەوان لە نوسخەی بەهرامیدا هەروەک شانامەی فیردەوسی زۆر بەرچاون بەڵام لە نوسخەکانی ئەمینی و گۆدەرزیدا زۆر دەگمەن بەکار هاتوون، یان وشەی "گورد" لە بنەڕەتدا بەکارنەهاتوون:

ژە لێتان حەریف ئەی گورد کودامەن
کێتان هونەرمەند پڕ زۆر و سامەن
...
دیش سوار کلاوزەڕین نە سەرەن
پور گۆدەرزەن، گیو نامەوەرەن

شێوەزاری نووسینی هەردوو نوسخەی گۆدەرزی و ئەمینی زۆر لێک نزیکن یان هەر یەکن. بەڵام لە بەکارهێنانی وشە و زماندا و هەروەها لە ناوەڕۆکدا زۆر لێک جیاوازن.

جێگەی سەرەنجە بۆ تاقەجارێکیش لە نوسخەی گۆدەرزیدا وشەی فیلەتەن نابیندرێ و لە باتی ئەو وشەی پیلەتەن هەیە کە هەمان مانا دەدا. بە پێچەوانەش لە نوسخەی ئەمینیدا تەنیا تاقە جارێک پیلەتەن بەکارهاتووە و لە جێگاکانی دیکەدا فیلەتەن نووسراوە. دواتر لە نوسخەی ئەمینیدا لە باتی "هوون"، کە وشەیەکی کۆنی هەورامی یان گۆرانییە و ئێستاش

---

[7]. لە نوسخەی ئەمینیدا لە زۆر جێگادا لە باتی وشەی "بەور" کە هەمان بەبر یان پڵینگە "پور" نووسراوە، پێم وایە ئەم وشە هەڵەیە و بە هەڵە لەڕێنووسی فارسی کە "بور" دەنووسرێت، وەرگیرابێت.

له زمانی ئاخافتنی هەورامیدا ڕۆژانەدا بەکار دەبرێ، وشەی "خوون" بەکار هاتووە. بەڵام لە هەموو نوسخەی گۆدەرزیدا یەک جاریش وشەی "خوون" نەنووسراوە:

کەیکاوس پەرسا پیلەتەن چوونی
پەوسە مەزانۆ جگەر پڕ هوونی

ئەم دیاردەی گۆڕینەوەی وشە کۆنەکان بە هێندێک وشەی زۆر بەکارهاتوو لە زمانی فارسی یان کوردیی ئێمڕۆییدا بە شێوەیەکی گشتی لە نوسخەی ئەمینیدا دەبیندرێ. بەڵام بە پێچەوانە لە هەموو نوسخەی گۆدەرزیدا بۆ نموونە جارێکیش وشەی "ژن" بەکار نەهاتووە و لە باتی ئەوە "زەن" بەکار هاتووە:

وڵات پڕ مەبۆ جە واتە و خەبەر
چەنی زەن جەنگ کەرد سوهراب سەروەر

لە لایەکی دیکەوە لە کاتێکدا بۆ نموونە لە نوسخەی بەهرامیدا وشەی کۆنی کوردی وەک "دوێت" کچ بەکار هاتووە و لە نوسخەی گۆدەرزی و ئەمینیدا زۆر جار کناچە یان وشەی "دوختەر" کچ، کە ئێستا لە فارسیدا "دختر" بکار دەبرێ، بەکارهاتووە:

دوختەر خجڵ مەند جە مەیدان کار
بە حیلەبازی ئاما بە گوفتار
ماچان پاڵەوان شای ئەفراسیاب
چەنی یەک دوختەر نمانا عەتاب

بۆ خوێندنەوەی دەسنووسەکان ئەگەر وردبینییەکی زۆر بەکار نەهاتبێت، دەکرێ هێندێک هەڵەی بەرچاو بۆ نموونە تەنانەت لە خوێندنەوەی ناوەکاندا، دواتر لە دووبارەنووسیدا ڕووی دابێت. وەک نموونە "گورگین و میلاد" لە نوسخەی ئەمینیدا وەک دوو ناو هاتووە، کە ئەمە هەڵەیە، بە پێێ میتۆلۆجیی ئێرانی گورگین کوڕی میلاد بووە و بە گورگینی میلاد بە ناوبانگ بووە بەڵام لە نووسینی هەورامی یان گۆرانیدا بە ڕێنووسی فارسی وەک دوو ناو "گورگین میلاد" نووسراوە، کە ئاوا دەخوێندرێتەوە: "گورگینێ میلاد". بەڵام بەهۆی ڕەچاو نەکردنی وردبینی لە دووبارە نووسینەوەدا وەک دوو ناوی جیاواز نووسراون. نموونەیەکی دیکە وشەی "مەردەنان" (مردووم)، لە کۆی چیرۆکەکاندا چەن جار وشەی "مەرد" بەکار هاتووە، کە هێندێک جار مانای "پیاو" دەدا و هێندێک جاریش مانای "مرد" دەدا. بەڵام لە ڕێنووسی فارسیدا هەردووکیان "مرد" نووسراون، کەواتە ئەگەر وردبینی بەکار نەبرێ، گرفت و هەڵەی گەورە هەم لە دووبارەنووسی و هەم لە تەنانەت خوێندنەوەشدا ڕوو دەدا.

ئەمە لە هەمان کاتدا ئەوە دەردەخا، کە چەندە ڕێنووسی فارسی بۆ نووسینەوەی زمانی کوردی بە گشتی نەپۆڕ و نەگونجاوە. بۆ نموونە لە هەورامیدا دەنگێکی دیکە هەیە، کە لە نێو شێوەزارەکانی دیکەی کوردیدا نییە و لە ئەلفوبێی کوردیدا بە پیتی ئارامی یان عەرەبی پیتێک بۆ ئەم دەنگە دانەندراوە. بۆ پیتی کۆتایی وشەی "ئێد" دەنگێک هەیە لە نێوان "دال" و "گاف"دا ئەم دەنگە لە گۆرانی یان هەورامیدا هەیە بەڵام لە سۆرانیدا نییە. هەر لێرەدا ئەوەش دەردەکەوێ، کە ئەم ڕێنووسەی ئێستای کوردی بۆ شێوەزارەکانی خوارووی کوردستان وەک هەورامی، لەکی و لۆڕی گونجاو نییە و پێویستی بە زیادکردنی پیتی دیکە هەیە.

هەندێک جار وشەکان وەک پۆڕان لە کێش و سەروای شیعرەکاندا لە چیرۆکە جیاوازەکاندا گۆڕدراون. لە زۆر جێگادا وشەکانی وەک "سەحرا" کراوەتە سارا یان "سنع" کراوەتە سن یان سند، کە ئەمانە تەنیا هۆکاری گونجاندنی وشە لە نێو کێشی شیعر بووە و پێوەندییان بە شێوەزاری جیاوازەوە نییە.

وەک دوا سەرەنجیش لە پێوەندی لەگەڵ زماندا، لە دەسنووسەکاندا هەموو نیشانە ڕێزمانییەکانی وەک (، " ؟ و هی دیکە) لە دەسنووسەکەدا نین و بۆ کارئاسانی و هاسان خوێندنەوە، هەوڵ دراوە لە نوسخەی چاپی چیرۆکەکاندا ڕەچاو بکرێن و دابندرێن. وەک نموونە تاقە نیشانەیەکی ڕێزمانی لە خودی دەستنووسەکاندا نابیندرێن.

٥. جیاوازیی ناوەڕۆک لە تێکستی چیرۆکەکاندا

فۆرم و دارشتنی چیرۆکەکانی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی کوردیدا زۆر لێک جیاوازن و ئەمەش کار دەکاتە سەر گۆڕانی بەرچاو لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکاندا. لە نوسخەی ئەمینیدا چیرۆکەکە بەوە دەست پێ دەکا، کە تەهمینە کچی پادشای سەمەنگان گەڵاڵەی دزینی ڕەخشی ڕۆستەم دادەڕێژێ بۆ ئەوە ڕۆستەم بۆ شاری سەمەنگان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. لەم نوسخەیەدا لە دووەمین بەیت بە دواوە، چیرۆکەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکا:

تەهمینە واتش وە یاران تەمام
دییەنم نە خاو نەوەی زاڵ سام

ڕەخش فیلەتەن باوەرن پەرێم
ئەوسا مەزانۆم چەنی کار وێم

تا بـەیۆ وەی جـا نامـدار رۆسـتـەم
بـەڵکو خــوداوەنـد بیــاونۆ وەهـەم

دواتر جارێکی دیکە لە ڕەوتی چیرۆکەکەدا دوای دزرانی ڕەخشی ڕۆستەم جارێکی دیکە باسی هێنانی ڕەخش بۆ سەمەنگان و شاردنەوەی لە تەویلەیەکدا لە سەمەنگان دەکرێ، کە ئەمــەش هـەر وەک برگـەکـانی دەسـپـێک، بە هیچ شـێـوەیەک لـە نوسـخـەکـانی دیکەی چیرۆکەکەدا وەک نوسخەی گۆدەرزی و بەهرامی نییە:

بینـاشـــان وە نـاو تـەوێڵـــەخـــانـە
مــەحـفـووز ئـەسـرار وەبی گـومــانە

شـەرح ڕەخش تـەمـام مـاجـەرای خـەبەر
واتـش پەی دڵبــەر جــە پا تـا وەســەر

تەهمـینە جـە شـاد سـەنامـە کـەردش
سـەر وە چـەرخ بەرز هـەفتـەمین بەردش

شـاد و شکۆفـە بی سـەوڵ شـا پەروەر
بەخـشـا وە یاران گـەنج و سـیم و زەڕ

لە کـاتێکدا نوسـخـەی ئەمـینی بە دزینی ڕەخش دەست پێ دەکا بـەڵام لە نوسـخـەکـانی گـۆدەرزی و بـەهرامـیـدا چیـرۆکـەکـە بە چوونی ڕۆسـتـەم بۆ ڕاوکـردن لە نزیک دەڤـەری سەمەنگان دەست پێ دەکا. لێرەدا دوو ناوەڕۆکی جیاواز دەدرێتە چیرۆکەکان.

جیاوازییەکـی دیکەی بەرچاو لە ناوەڕۆکدا، کە نوسخەی ئەمینی لە نـوسخەی گۆدەرزی و بەهرامی جیـا دەکـاتەوە، ئەوەیە لە نوسـخـەی ئـەمینیی شانامـەی هـەورامـیدا هـاتووە؛ دوای دزینی ڕەخـشـی ڕۆسـتـەم و وەڕێکەوتنی ئەو بەرەو سـەمەنگان لەبـەر قورسـاییی زینی ئەسپ و گورز و گۆپاڵ، کـە ڕۆسـتـەم بە ناچاری بـە کـۆڵەوەی گـرتبـوو، خـەریک بوو ڕۆسـتـەم لە پێ بکەوێ، کە لـە خودا پاڕایەوە سـەت مـەن لە قورسـایی و هێزی ڕۆسـتەم جارێـک بە قەرز لای خۆی دابنێ، کە ئەگەر ڕۆژێک ویستی دووبارە وێی داتەوە:

ڕۆسـتـەم دەنگ دلێر نامـی نـامـەبەرز
سـەد مەن زۆرش دا وە خودا وە قەرز

واتش خـودایا ئەی سـەد مـەن قوەت
بە ڕۆژ تـەنگی مـەسـتـانوم چـەنەت

جـارێکی دیکە لە ڕەوتی چیرۆکـەکەدا باسـی ئـەو سـەد مـەن وزەیە دەکرێ، کە ڕۆسـتـەم لە کاتی چوون بۆ سەمەنگان بە قەرز بە خودای دابوو و ئێستا لێرە بۆ شەڕ لەگەڵ زۆراب لێی وەردەگرێتەوە:

سـوجـدەی زەمین بەرد نە ڕووی سـەرزەمین
وات شـوکـورم بـە تـۆن ڕەبەلعـالەمـین
ئەو سـەد مـەن قـوەت من بەخـشـام بە تۆ
بـدرێ وەنـەم نـەجـاتم پـەی بـۆ
چونکە ڕەزاش بـی خـودای کـەرەم کـەر
ئەو سـەد مـەن قـوەت سـپـەردش وەبەر

جـێگەی سـەرەنجـە، کـە لە شـانامـەی لەکـیـشـدا هاتووە لە بەر ئـەوەی ڕۆسـتـەم لە بەر قـورسـایی لەشـی نەیدەتوانی بەڕێگەدا بڕوا و لاقـەکـانی لە عـەرز ڕۆ دەچوو، لـە خـودا پاڕایەوە، کە هێندێک لە وزە و زۆری لێ کەم بکاتەوە بۆ ئەوە بتوانێ ڕێگە بڕوا[8].

دواتر لە درێژەی چیرۆکـەکەدا و دوای پێگەیشـتنی تەهمینە و ڕۆسـتـەم، لـە نوسـخـەی گۆدەرزی و بەهرامـیدا هاتووە؛ ڕۆسـتـەم بە تەهمینەی گوتووە ئەگەر کوڕت بوو ناوی بنێ زۆراب، کە ئەمە لە نوسخەی ئەمینیدا نییە:

نوسخەی بەهرامی:

نـە ویـرت نـەوەر زووراوش نـام بـۆ
بەو تەور بپـەروەر چـەنی و تەمـام بۆ

لە نوسخەی گۆدەرزیدا:

بە نـام و نشـان سـوهراب بۆ نـامش
پەروەرش ببـۆ جـە عـەقڵ و فـامش

دواتر جـێگەی سـەرەنجـە لە کـاتی گـەڕانەوەی ڕۆسـتـەم لە سـەمـەنگان لە شـانامـە کـوردییەکـاندا، ڕۆسـتـەم دەچێ بۆ لای کەیکاوس شـا و داسـتـانی ڕاو، دزرانی ڕەخش و چوون بۆ سـەمـەنگان دەگـێڕێتـەوە، کە ئەمـانە لە شـانامـەی فـیـردەوسـیدا نین تـەنانەت لە

٨. زبان و ادبیات، رشد آموزش زبان و ادب فارسی، زمستان ١٣٨٧ - شماره ٨٨.

نوسخەی بەهرامیدا ڕۆستەم بە درێژی چیرۆکی خۆی و تەنانەت باسی تەهمینەش بۆ کەیکاوس شا دەگێڕێتەوە و ئەویش خەلاتی دەکا:

داخلّ بیم وە شار پادشای سەمەنگان
نە قەسر جامرێز ئەو کەردەم مەکان
مارەی کناچەی شا نە ئەو زەمان
بڕیم پەری وێم وە ڕەسم دەوران
سەحەر دا دیار وە ڕەخش بیم سوار
ئامام بێ مدار خدمەت شەهریار
ئێد بشنەفت ژە ئەو ئافەرین وانا
تەڵەب کەرد گەنجوور پادشای دانا
واتش باوەرە خەلاتی تەمام
بپۆش بە ئەندام پور زاڵ سام
هەم چەنی و گەوهەر دانەی بێ شمار
کەردش وە خەلات ڕووسەم بێ مدار

تایبەتمەندییەکی دیکە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە نوسخەی ئەمینیدا، کە لە باری ناوەڕۆکە شانامەی کوردی لە هی فارسی و فیردەسی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە، کە زۆراب لە ڕێگای هێرش بۆ سەر ئێران لەگەڵ کچە جوتێرێکدا زەماوەند دەکا و بەرهەمی ئەمەش کوڕێک دەبێ بە ناوی بەرزوو. زۆر جێگەی سەرەنجە، کە سەلماندن و پاڵپشتییەک بۆ ئەمە لە لایەن عیمادەدەین دەوڵەتشاهی[9] لە خوێندنەوەی تایبەتی خۆی لە ئەوێستا و

٩. عیمادەدین دەوڵەتشاهی لە ساڵی ١٢٨٨ی کۆچی مانگی لە شاری کرماشان لە بنەماڵەیەکی ناسراو و ئەریستۆکراس لە دایک دەبێ. لە نێوان ساڵەکانی ١٣٣٠و ١٣٣٢ ڕۆژنامەی جڤاکی سیاسی "گەنجەوەر"ی بە زمانی فارسی لە کرماشان بڵاوکردووەتەوە. لە ساڵی ١٣٢٧ دەبێتە سۆفی لە نێو دەروێشەکانی ناسراو بە نەعمەتولاهی. پاشماوەی ٣٥ ساڵی دوایی ژیانی تەرخان دەکا بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانی ئەوێستایی و فێربوونی زیاتر لە ٢٣ بن زاراوەی کوردی. لە ساڵی ١٣٦٣ یەکەم کتێبی بە ناوی "جوگرافیای ڕۆژئاوای ئێران یان کێوە نەناسراوەکانی ئەوێستا" (جغرافیای غرب ایران یا کوهھای ناشناختە اوستا) و (داستان رستم و سهراب بە روایت اوستا) بڵاو دەکاتەوە. عیمادەدینی دەوڵەتشاهی لە ١٦ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٠ لە ئەمەریکا کۆچی دوای کرد و تەرمەکەی لە شاری قوم لە ئێران بە خاک سپێردرا.

سـرروودەکـانی فـەرووەردین یەشـتـدا هـەیە. بە پێی ڕوانگەی دەوڵەتشـاهی، ڕۆسـتـەم لە شینگێری زۆرابدا لە دەقی ئەوێستا زۆر جار وشەی (زاوای بە ئاکام نەگەیشتوو) دووپات دەکاتەوە. واتە زۆراب بەرلەوەی بە دەستی باوکی بکوژرێ زەماوەندی کردووە و وەک ئێستا پێی دەگوترێ تازە زاوا بووە. لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب نوسخەی ئەمینیدا هاتووە، کە زۆراب لە ڕێگای هێرش بۆ سەر ئێران لە نێوان سەمەنگان و قەڵاسپیدا، ئەڤینداری کچە گوندییەک دەبێ و دەیخوازێ.

دەوڵەتشاهی وشـەی ئەوێستایی "یەزەمەئید" وەک کوردی "ی زامـایی دی" لە فەرووەردین یەشـتدا دەخوێنێتـەوە، کە لە کوردی ئیمڕۆدا بە مـانای "ئەمە زاوایەتیت بوو" دێت. دواتر ئەوەی جـێگای سـەرەنجی دەوڵەتشـاهی بووە ئەم وشـەیە زۆرجـار لەگەڵ وشـەی "سـوراو" (زووراو یان زۆراب) لە دەقی ئەوێسـتـادا هـاتووە و ئەمـەش بـووەتە سـەرەتایەک بـۆ سـەرهەڵدانی بۆچوونەکەی، کـە فـەرووەردین یەشت هـەمـان لاواندنەوەی ڕۆسـتـەمـە لە سـەر زۆرابی تازەزاوای کوژراو.

ئەم چیرۆکەی نێوان زۆراب و کـچە جووتێر تەنیا لە نوسخەی ئەمینیدا هەیە و ئەمەش ناوەڕۆکی شانامەی کوردیی نوسخەی ئەمینی لە هەموو نوسخەکانی دیکە جیا دەکاتەوە.

فەسڵی کۆتاییی چیرۆکەکانی ڕۆستەم و زۆراب لە کـوردیدا خاڵی سـەرەکیی جیاوازیی شـانامـەی کـوردی لەگەڵ شـانـامـەی فـارسـیـیـە. لە نوسـخـەی بەهرامـیـدا لەگەڵ ئەوەی دوافەسڵی چیرۆکەکە بۆ چوونی تەهمینە بۆ لای ڕۆسـتـەم دوای کـوژرانی زۆراب تەرخـان کراوە بەڵام لە پڕێکدا چیرۆکەکە کۆتاییی پێ دێت و ئیتر باسی دووبارە زەماوەند و دواتر لەدایکبوونی کوڕی دووەم بە ناوی فلامەرز ناکرێ. شیمانەی ئەوە دەکرێ ئەم چیرۆکە بە ئەنقەست بڕا بێت هەر بۆیە کۆتاییی چیرۆکەکە وەک نوسخـە کوردییەکانی دیکە ناچێ. بەڵام ناوەڕۆکی فـەسـڵی کـۆتاییی چیـرۆکی ڕۆسـتـەم و زۆراب، پێناسـەیەکی بـە تەواوەتی کـوردی دەدا بە شـانامـەی کـوردی و وەک پێـشـتـریش ئامـاژەی پێ کـرا ئەمـە لە باوەڕی دونادونی یارسـانی و تێ هەڵچوونەوە و ژیانەوە سـەرچاوە دەگرێ. لە نوسـخـەی ئەمـینیدا چیرۆکەکە درێژەی دەبێ و لە سەرجەم ٢٩ دوو دێریدا باسی ناشتن و سازکردنی گڵکۆ بۆ زۆراب لە شـاری زابول دواتر گەڕانـەوەی سـوپای تۆرانی و باسکردنی چۆنیـەتیی کـوژرانی زۆراب لە زمـان هـومـان پاڵەوانی تۆرانی بۆ ئەفـراسـیـاب شـای توران دەکـرێ. بەهەمـان شـێوەش لە نوسـخـەی گۆدەرزیدا چیرۆکی ڕۆسـتـەم و زۆراب بە کـوژرانـی زۆراب کۆتاییی نایەت بەڵکو تەهمینە و ڕۆستەم جارێکی دیکە بۆ بەردەوامیی ژیان پێکەوە تێ هەڵدەچنەوە.

کاتێک دەقی کوردیی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب بەو شێوەیە کۆتاییی دێت، کە چیرۆکەکە نەک مردن بەڵکو ژیان و دووبارە تێ هەڵچوونەوە دەکاتە وشەکانی کۆتایی، ئەمەش لە خۆیدا حاڵەتی تراژیک و خەمهێنەری چیرۆکەکە لا دەبا. هەر ئەمەش وا دەکا لە باری ناوەڕۆک و فورم و شێوازی داڕشتنی چیرۆکەوە، دەقی کوردی خۆی لە دەقی فیردەوسی، کە وەک تراژیکترین چیرۆکی شانامە یان وەک "خەمنامە" ناسراوە، جوێ بکاتەوە.

وەک گوترا نوسخەی بەهرامی شیمانەی شێواندن و قرتاندنی دوا فەسڵی چیرۆکەکەی لێ دەکرێ و وەک نوسخەکانی گۆدەرزی و ئەمینی چیرۆکەکە کۆتاییی پێ نایەت. لە کاتێکدا تەهمینە شمشێری بەرز کردووەتەوە کە لە ڕۆستەمی بدا، زاڵ دەستی دەگرێ و ناهێڵێ و بەو شێوەیە چیرۆکەکە لە پڕێکدا بە کۆتایی دێت:

ڕووسـەم وات بە ئەو پیـر زەمـانە
قەسەم وە بێچوون یەکتای یەگانە
ڕازیم تا ئەو تێخ بشـانۆ بە توند
لادی نە فـەرقم وە بێ چوین و چەند
کەس وێنەی ڕووسـەم پور زاڵ سـام
وێش نەکەرد وە پەند واتەی خاس و عام
یا ڕەب بە حـاجـەت سـەید سـەروەر
مـەکـەر ئازارم ڕۆیی مـەحـشـەر

لە نوسخەی ئەمینیدا دوای ئاشتبوونەوەی تەهمینە و ڕۆستەم چیرۆکەکە بە شێوەیەکی بەتەواوەتی جیاواز بە کۆتایی دێت:

نۆ مـاه و نۆ ڕۆژ چونکە بی تەمـام
ڕۆشن بی چراغ نەوەی زاڵ سـام
نامش فلامـەرز جـەنگی نیـاشـان
وەناز و ئەعـزاز جـەم بی جـە لاشـان
ڕۆستەم چەنی زاڵ تەهمینەی بێگەرد
کەردن شوکر زات تاک تەنیای فەرد

بە هەمان شێوەی نوسخەی ئەمینی و بە هەمان ناوەڕۆکیش، نوسخەی گۆدەرزی بە بڕێک جیاوازیی فۆرم و داڕشتن بە کۆتایی دێت:

جــه نۆ مـــاه ویـەرد، نـۆ ڕۆ بـی تـەمـــام
ڕۆشـن کـــــەرد چـراغ نـەوەی زاڵ ســـــام
فــەرزەنـدیۆ جــە شــێـر هـونـەرمــەندەتـر بی
بە بـاڵا چـوون ســام، ســاحـێـب هـونـەر بی
نـامش فــەرامـــەرز جـــەنگی نـیـــاشـــان
یەکســەر کـوی شـادی جـەم بی جـە لاشـان
ڕۆســـتـــەم چەنـی زاڵ تەهـیـــمنـەی بێگەرد
کــەردن شــوکـر زات، تاک تـەنیــای فــەرد
چەند پارچەی قـوماش چەند خـەزێنەی سام
بەخـــشـــان وە مــسکێن گــەدای ناتـەمـام

٥. شێوازی دارِشتنەوە و دووبارە نووسینەوە

چیرۆکی ڕۆسـتـەم و زۆراب لە نوسـخـەی گۆدەرزیدا ٩٥٨ بەیت، لە نـوسـخـەی ئـەمـینـیـدا ٨٣٠ بەیت و لە نوسـخـەی بەهرامیدا ٧٣٠ بەیتـە. ئەمەش یەکێکی دیکە لە جیـاوازییەکـانی نیوان چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی کوردیدایە.

چیـرۆکی ڕۆســتـەم و زۆراب نوسـخــەی گـۆدەرزی لە ســەر دەسنووســێکی تـەواو و بێ کەموکورتی ئامادە کراوە. چیرۆکی نوسخەی ئەمینی لە سەر دوو دەسنووس، کە یەکەمیان تەنیـــا ٥١ لاپەڕە بووە، دووەمــیــان، کــە ئەویش نـاتەواو بـووە و ســەرجــەم ٦ لاپـەڕەی لە نێوەڕاسـتـدا لێ نەمـاوە و بە زەحـمــەتیش خـوێندراوەتـەوە، سـاق کراوەتەوە، هـەر بۆیە ئەو نوسخەیە تەواو نییە و لە سەر نوسخەی بەهرامیش ڕوونکردنەوەیەک لە چاپی چیرۆکەکەدا نییە. بە پێی هەژماری بـەیتەکان دەکرێ ئەوە بگوترێ، کە نوسخـەی گۆدەرزی لە هـەر دوو نوسـخـەی ئـەمـینـی و بەهرامی تەواوتر و جـێگەی مـتـمـانەترە. لەگەڵ ئەوەی لـە نوسـخـەی ئەمـینـیدا لانی کـەم بـەشێک و بە دەیان بەیتی دیکە هـەن، کە لـە نوسـخـەکـانی گۆدەرزی و بەهرامیدا نین و هـەروەها ناوەڕۆکی بەیتەکانیش پێناسـەیەکی بەهێزتری کوردییـان هـەیە بەڵام دەیارنەمـــانی ٦ لاپـەڕە و ســـاق نـەبوونـەوەی دەیان بـەیتی دیکە لـە چیــرۆکــەکـــەدا کەمـایەسـیـیـەکی گـەورەیە، کە لە چیرۆکی نـوسـخـەی گۆدەرزیدا نـیـیـە. کـەمـایەسـیی هـەرە گەورەی نـوسخـەی بەهرامی ئەوەیە، کە کۆتاییی چیرۆکـەکە شـیمـانـەی دەست تێ وەردان و قـرتانـدنی هەیە و چـیرۆکـەکە لە پێناســە کـوردییـەکەی، کـە جـارێکی دیکە پێکگەیشـتنی

ڕۆستەم و تەهمینە و دواتر لە دایکبوونی فەلامەرزە، دادەبڕدرێ. لێرەدا دەکرێ لە تێکەڵکردنی چیرۆکەکانی ڕۆستەم و زۆراب نوسخەکانی گۆدەرزی و ئەمینی چیرۆکێکی تەواوی ڕۆستەم و زۆرابی کوردی تەواو و بێ کەموکورتی ساق بکرێتەوە.

لە هەمان تەوەرەی فۆرم و داڕشتنیشدا پێویستە ئەوە بگوترێ، کە نوسخەکانی گۆدەرزی و بەهرامی لە باری زمانییەوە دەوڵەمەندترن لە نوسخەی ئەمینی. لاوازی لە هەڵبژاردنی وشە و هەبوونی فۆرمی لاوازی داڕشتنی شیعری بە کۆی دەقی نوسخەی ئەمینییەوە دیارە. لە بەرانبەر ئەمەدا نوسخەکانی بەهرامی و گۆدەرزی فۆرم و داڕشتنی بەهێزتریان هەیە.

لە دەستنووسەکاندا سەرفەسڵی بەیازەکان پاش هەر فەسڵێک بە فارسی نووسراون. لە نوسخەی گۆدەرزی و بەهرامیدا سەرفەسڵەکان هەر بە فارسی نووسراون. لە چاپی چیرۆکەکەدا دیسان سەرفەسڵەکان لە نوسخەی بەهرامیدا نەکراون بە کوردی و هەر بە فارسی وەک خۆی داندراون. لە نوسخەی ئەمینیدا تەنیا ٦ سەر فەسڵ هەیە، کە ئەمەش کەمایەسییەکی دیکەی فۆرم و داڕشتنی ئەو نوسخەیە دەردەخا بەڵام لە نوسخەکانی گۆدەرزی و بەهرامیدا ١٥ سەر فەسڵ جیاواز بۆ بابەتە جیاوازەکانی نێو چیرۆکەکە دیاری کراوە. ئەوەی کە بۆ سەرفەسڵەکان بە گۆرانی یان هەورامی نەنووسراون جێگەی سەرەنجە و هەر ئەمەش تێزی بێهرووز چەمەنئارا بەهێز دەکا، کە گۆرانی تەنیا شێواز و ستایلی شیعر بووە. هەربۆیە چون سەرفەسلەکان دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی شیعری ئەوە بە فارسی نووسراون. لە داڕشتن و هەڵبژاردنی وشەدا بە بێ گوێدانە پاشخانی میتۆلۆجیی چیرۆکەکە ئازادییەکی بەرفراوان لە لایەن دانەر و بێژەرانی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابی شانامەی کوردییەوە ڕەچاو کراوە. بۆ نموونە وشەی "فەرەنگ" یان فەرەنگی، کە بە مانای ڕۆژئاوایی یان ئەوروپایی دێ، بۆ وێنەکردنی کەرەستە و ئامرازی شەڕ لە دەقە کوردییەکاندا بەکار هاتووە. یان لە نوسخەی ئەمینیدا چەکی "شێست تیر"، کە چەکێکی مۆدێرنە، دەبیندرێ، کە لە نوسخەکانی گۆدەرزی و بەهرامیدا نییە.

زۆر جار لە باتی ڕەخش وەک ناوی ئەسپی ڕۆستەم لە نوسخەیەکدا تەنیا "ئەسپ" بەکاربردراوە. هەروەها وشەی "ئێران" وەک یەک لە چیرۆکەکاندا بەکارنەهاتووە. وەک نموونە لە نوسخەی گۆدەرزیدا کەمتر لە وشەی "ئێران" کەڵک وەرگیراوە، لە کاتێکدا لە نوسخەی ئەمینی و بەهرامیدا زۆرتر وشەی ئێران بەکار بردراوە. ئیتر ئەمە بە مەبەست بووبێ یان بێ مەبەست پێوەندییان بە زەقی دانەرانی شانامەی کوردییەوە هەیە، کە لە

کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازیی هەیە. بەو حاڵەشەوە جیاوازییەکی تەواو لە نێوان زابولستان یان زابول، کە ڕۆستەم خەڵکی ئەوەێ بووە و وڵاتی ئێراندا دادەندرێ. لە نوسخەی ئەمینیدا ئاوا هاتووە:

مەیو وە تەعجیل نمەز یە چێشەن
جە ئێران ئامان ئەحواڵێ پیشەن

لە هەژمار و دانی ژمارەدا جیاوازی لە نێوان نوسخە جیاوازەکاندا هەیە. بە دەگمەن هەڵدەکەوێ، کە هەژمارەکان وەک هەژماری پاڵەوان، سوارە و شەڕکەران، ئەسپ و خەزێنە یەک بگرێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی لە نوسخە کوردییەکاندا هەمیشە هەژمارەکان زۆر زیاتر لەوەی لە دەقی فیردەوسیدا هەیە، نیشان دراون. وەک نموونە لە دەقی فیردەوسیدا باسی ناردنی چەند دانە یاقووتێک لە لایەن ڕۆستەمەوە بۆ زۆراب کراوە بەڵام لە نوسخە کوردییەکاندا ئەو سێ یاقووتە کراوەتە چەند باری ئەسپی جەواهێر و خەزێنە:

لە نوسخەی بەهرامیدا:

فەرما وە گەنجوور سا وە خەزێنە
بار کەرد وە ئەسپان کاڵای وەرێنە

لە نوسخەی گۆدەرزیدا:

فەرما بە گەنجوور دانە و جەواهێر
بار کەرد وە ئەسپان چون سەنگ باهێر

٦. قارەمان و کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکان:

ڕۆستەم و زۆراب:

ڕۆستەم و زۆراب دوو قارەمانی سەرەکیی چیرۆکەکەن، لە نوسخەی گۆدەرزیدا، ڕۆستەم ١٣٨ جار، لە ئەمینیدا ٩٤ جار و لە بەهرامیدا ١١٦ جار بەڵام زۆراب لە نوسخەی گۆدەرزیدا تەنیا ٧٥ جار، لە نوسخەی ئەمینیدا ٧٥ جار و لە نوسخەی بەهرامیدا ٦١ جار بەکار هاتوون. لێرەدا دەبیندرێ، کە جیاوازیی بەرچاو لە هەژماری ناوەکانی ڕۆستەم و زۆراب لە نوسخە جیاوازەکاندا هەیە. بێجگە لەوە ناوەکانیش بە شێوەی جیاواز لە نوسخە جیاوازەکاندا بەکارهاتوون. لە نوسخەی بەهرامیدا "ڕووسەم" بۆ ڕۆستەم و "زووراو" بۆ زۆراب و لە نوسخەی گۆدەرزیدا "سوهراب" بۆ زۆراب بەکارهاتوون. جێگەی سەرەنجە کە لە نوسخەی بەهرامیدا زۆر جار "زووراو سەمەنگانی" و "ڕووسەم زابولی" بەکارهاتوون.

زاڵ باوکی ڕۆستەم لە نوسخەی ئەمینیدا ٣٣ جار لە نوسخەی گۆدەرزیدا ٣٥ جار و لە نوسخەی بەهرامیدا ٣٠ جار بەکار هاتووە. بەڵام دایکی ڕۆستەم ڕوودابە، تاقەجارێک ناوی نەهاتووە، ئەمە لە کاتێکدایە، کە لە هەمان چیرۆک لە دەقی فیردەوسیدا چەند جار ناوی ڕوودابە هاتووە.

زەوارە:

جێی ڕامانە کە "زەوارە" برای ڕۆستەم و کوڕی زاڵ، کە هەمیشە لە شەڕەکاندا لەگەڵ ڕۆستەمدا بووە، لە چیرۆکە جیاوازەکانی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی کوردیدا بە پێچەوانەی شانامەی فیردەوسی تەنیا یەک جار ئەویش نەک وەک برای ڕۆستەم بەڵکو تەنیا وەک پاڵەوانێکی ئێرانی ناوی هاتووە:

نوسخەی ئەمینی:

بوزورگان چوون گیو، گۆدەرز و "کەشواد"
زەوارە و بەهرام، شیدوش و فەرهاد

نوسخەی گۆدەرزی:

بوزورگان، گیو، گۆدەرز و کەشواد
زەوارە و بەهرام، شیدوش و فەرهاد

گوردئافەرید:

گوردئافەرید کچی کەژدەهەم و برای پاڵەوانی ئێرانی هەژیرە، کە لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا لە شەڕدا لە لایەن زۆرابەوە دەگیردرێ و دواتر خۆی بە فێڵ ڕزگار دەکا. جێگەی سەرەنجە لە نوسخە جیاوازەکانی شانامەی کوردیدا بە شێوازێکی جیا لە فیردەوسی باسی کراوە و هاوکات وێنەکردنێکی یەکدەستیش لە گوردئافەرید لە شانامە کوردییەکاندا نابیندرێ. لە نوسخەی گۆدەرزی و ئەمینیدا لەگەڵ ئەوەی باسی گوردئافەرید دەکرێ بەڵام ناوی ناهێندرێ و هەروەک کچی کەژدەهەم بە ناوی "خاهەر" واتە خوشکی هەژیر و "دوختەر" کچی کەژدەهەم باس کراوە. لە نوسخەی بارامیدا ناوی گوردئافەرید هاتووە و تەنانەت سەرفەسڵێک بە ناوی "شەڕی نێوان زۆراب و گوردئافەرید"وە هەیە.

نوسخەی گۆدەرزی:

خاهەر چوو کە دیش ماجەرای هەجیر
سیا بی جە قار وێنەی ڕەنگ قیر

نوسخەی ئەمینی:

خـاهەر چونکە دی مـاجـەرای هـەژیر
سـیـا بی جـە قـەهر وێنەی سـیـا قـیـر

لە نوسخەی بەهرامیدا بەم شێوەیە باسی گوردئافەرید کراوە:

دوێت کـەژدەهـەم گـوردئافـەرید نام
دیش هەجیر نە جەنگ زووراو بی ناکام

سـەرتاپا پۆشـا ئەسلەحـەی نەبەرد
شـی وە لای بابـۆش دەروون پڕ ژە دەرد

کـەژدەهـەم واتش ڕووم سـفـیـد کـەردی
نامووست ژە دەس ئەی شێر دەر بەردی

...

وە گـوردئافـەرید چەنی و سـەرسـام
واتـش بـواچـە دەبـیـــــر بـای وە لام

جێگەی لێوردبوونەوەیە، کە ژن لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا ئەگەرچی لایەنی ئازایەتی و شـەڕکـەریی باس کـراوەو ئاوەڵناوی پاڵەوان لـە ژنێکی وەک گـوردئافـەرید نـراوە بەڵام دیسان سیمبۆلی فێڵ و تەڵەکەیە. تەهمینە کچی پادشای سەمەنگانیش بەهەمان شێوە فێڵ و تەڵەکەبازە و پیلانی دزینی ڕەخشی ڕۆستەم دادڕێژێ. لەگەڵ ئەوەی گوردئافەرید ژنێکی ئازا و شەڕکەر بووە و شەڕی باشیشی لەگەڵ زۆراب کردووە بەڵام دواتر بە "مەکر و حیلەی ژنانە" خۆی لە دەستی زۆراب ڕزگار کردووە.

ژندەڕەزم:

لە نوسخـە جیاوازەکانی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا، باسێکی درێژ لە سەر ژندەڕەزم یان ژندەڕەزم برای تەهمینە و پاڵەوانی تۆرانی کراوە، کە چۆن تەهمینە ڕای سپاردووە، کە زۆراب لە باوکی ئاشکرا بکا. لە نوسخەی گۆدەرزیدا باسی ئەوە ناکرێ، کە ژندەڕەزم برای تەهیـمنە بووە و دواتریش تەنیا لە چەند بەیتێکدا باسی ڕاسـپاردنی ژندەڕەزم لە لایەن تەهیـمنەوە کـراوە، کـە بـاوک و کـوڕ لێک ئاشکرا بکا بۆ ئەوە یەکیـان بە دەسـتی ئەوی دیکەیان نەکوژرێ. بەڵام لە نوسخـەی ئەمینیدا بە ڕوونی باسی ئەوە کراوە، کە ژندەڕەزم

خاڵۆی تەهمینە بووە:

بـرادەرێ داشـت تـەهـمـــیـنـەی نـازدار
نـامـــیش زنـدەرەزم بە ڕووی ڕۆژگـــار
بـانـوو وە ســەد ناز ســەدا کـەر وە لێش
خـــەیلێ نەســـیـحـــەت ئەو وانا پـەرێش
ئـەمـــانـەت فـــەرزەن برای نـامـــدار
زۆراب جـــە ڕۆســـتـــەم بکەر ئاشکار

بەڵام لە نوسخـەکانی بەهرامی و گۆدەرزیدا زۆر دواتر لە ڕەوتی چیرۆکەکەدا و پێش لە کوشتنی ژندەرەزم لە لایەن ڕۆستـەمـەوە باسی ژندەرەزم دەکرێ، بە پێچەوانە لە نوسخـەی ئەمینیدا لە چەند فەسڵێک پێشتر و لە کاتی ئامادەکاری زۆراب بۆ هێرش بۆ سەر ئێران باسی ژندەرەزم دەکرێ[١٠].

لە نوسخەی بەهرامیدا ئاوا هاتووە:

نـە ئـەو دەم زووراو ژە مــــڵک تـووران
کەمـەر بەست پەی جەنگ ئاما بە ئێران
دایـەش زندەرەزم هـەمـــڕاش کـــیـــانـا
فـــراوان وە پێش نەســـیـحـــەت وانـا
واتش ئامـــانت مــــەشی بـە ئـێـــران
مــــەیاوی بـە ڕەزم جـــەنگی دلێـــران

١٠. جێگەی سـەرەنجـە لە چەند نوسخـەی فـارسیشـدا ئەم جیاوازییـە هەیە، بە گوێرەی وتارێکی دوکتور عەلی عەباس ڕەزایی نوورئابادی، لـە داستانی ڕۆستەم و زۆراب بە زاراوەی لەکی باسی ئەوەش کراوە، کـە ژندەرەزم لاڵ بووە و تەنانەت ئەو شـەوە، کە ڕۆسـتـەمی دی هـەتا خـەریک بوو خۆی بناسێنێ، وشەی ڕۆستەمی نەکەوتە سەر زمان و ڕۆستـەمیش چاوەڕێی نەکرد و کوشتی. بە پێی قسەی نوورئابادی ئەمە مەسەلەیە لە دەقە جۆراوجۆرەکانی شانامـەی فارسیدا وەک یەک نین. بێجگە لـەوە لە هـەمـوو دەقـەکـانی شـانامـەشـدا ئامـاژە بە خـزمـایەتیی ژندەرەزم و زۆراب نەکراوە. بۆ نموونە لە نوسخـەی چاپی مـوسکۆدا تـەنیا ئاماژە بە پاڵەوانێک کراوە، کـە لە لایەن تەهمینەوە بۆ ناساندنی ڕۆسـتـەم بە زۆراب. ئیتر نە ناوی هاتووە و نە باسی خـزمـایەتیی ئەو لەگەڵ زۆرابدا کراوە. لە نوسخـەی دیکەی شـانامـەی فـارسیدا بۆ نموونـە لە نوسخـەی ژول مـول فەرانسایی و مەلەک شوعرای بەهاردا باسی ژندەرەزم وەک خاڵۆی زۆراب کراوە.

## ٢

# وەبەردانی دێر بەدێری دوو دەق

وەبەردانی دێر بەدێری دوو دەقی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە شاهنامەی کوردی (هەورامی)، موحەمەد ڕەشیدی ئەمینی و شانامەی کوردی، داستانی ڕۆستەم و زۆراب، سیاوەش گۆدەرزی

چەند ڕوونکردنەوەیەک:

پێویستە لێرەدا ئاماژە بە چەند ڕوونکردنەوەیەک لە سەر بەراوردکردنەکە بکەم و هاوکات چەند تێبینییەکی گشتی لە سەر چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە شاهنامەی کوردی (هەورامی)، کۆکردنەوەی و دووبارەنووسی موحەمەدڕەشیدی ئەمینی بکەم. دیارە دواتر لە کاتی وەبەردان هەر دوو چیرۆکەکەدا، هەموو تێبینییەکانی دیکەی خۆم لە پەڕاوێزدا دەخەمە بەر سەرەنج.

ڕوونکردنەوەکان:

یەکەم، چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب نوسخەی ئەمینی ئەگەرچی بە ڕێنووسی کوردی نووسراوە بەڵام کەموکورتیی زۆر لە ڕێنووسەکەدا هەیە، کە من هەوڵم داوە جارێکی دیکە چیرۆکەکە بخەمەوە سەر ڕێنووسی کوردی.

دووەم، بە هەڵەی تەکنیکی یان هەڵەی ئینسانی بێت، وشەکان لە بەیتەکاندا پێکەوە لکێندراون یان لێک جوێ کراونەتەوە، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە ئەگەر خوێنەر، گۆرانی/ هەورامی خوێنەوەی باش نەبێ، ناتوانێ بە ئاسانی و بە بێ هەڵە چیرۆکەکە بخوێنێتەوە، ئەم کێشەیەش سەرڕاست کراوەتەوە.

لـوا وە پـای تـەخـت پـادشـــــای دارا

(ن ئە) بەردەوام دەبێ:

یەکێ چوون زۆراب شـــۆخ دیدە مـــەست
نە پای تەخت شـــاه نمەیۆ بە دەست

ئەر بدۆ شـــەفـاش خـودای کـەرەم کـەر
ئەویش شـــێـــرێ وەن جـــە من زیاتەر

هەتا کـە زیندەی ڕووی ســـەر بیـســاتەن
کـەمـەر بەسـتـەی جـەنگ حـازر جـە لاتەن

گـۆدەرز شـی واتش ڕۆســـتـەم کـیـاناش
خـواجە و غولامیم ئەر مـەندەن جە لاش[٥٤١]

---

٥٤١. لە ن گ دا ئاوا هاتووە:

وات پادشـا ڕۆسـتـەم منش کیاسـتـەن
خـواجە و غـولامیم ئەگەر هەن ڕاستـەن

زەرەی نۆشـــــــــدارو بـدەر پـەی زۆراب
لەب تشنه و هیلاک بێ خورد و بێ خاب[٥٤٢]

کـــاوس وات گــۆدەرز جـــه وێت بۆ خـــەبەر
دیت واتم وه توس ڕۆسـتــەم وەدار کــەر[٥٤٣]

چه گـفـتـوگـۆش کـەرد به سـەد قـار و قین
توسش وست نه خاک سیای سەرزەمین[٥٤٤]

ئارۆ جـــەو دەمـــــدا چۆن بـێ دەمـــاغش
هێـمان هـا نه جـەنگ کۆ مـەدەن داغش[٥٤٥]

ئەوسـا ڕۆسـتـــەم بی وه تەنـهـا سـوار
یەکـا یەک مـــەوات نـه ڕووی شـەهـریار[٥٤٦]

ئەم بەیتە لە ن گ دا هەیە، لێرە لەم ڕیزبەندییەدا لە ن ئە دا نییە:

وەخـــــتـێ ســـــارێژ بۆ زام فـــــەرزەندش
هەر یەک جـه شـــاهان نیـیـەن گـەزەندش

---

٥٤٢. بە شێوەیەکی کەمێک جیاوازتر لە ڕیزی ئەو ٥ دوو دێرەی سەرەوە لە ن گ دا هاتووە.

٥٤٣. لە ن گ دا بە برێک جیاوازییەوە ئاوا هاتووە:

شـا وات ئەی گۆدەرز جە وێت پرس خـەبەر
دیت فـەرمـام بە توس ڕۆسـتـەم بە دار کـەر

٥٤٤. لە هـەردوو نوســخــەکـــەدا یەکن، بێــجگە لەوە لە بـاتی "چە" لە ن ئـەدا "چەنـد" لە ن گ دا نووسراوە.

٥٤٥. "ئارۆ" لە ن گ دا ڕاست کراوەتەوە، بێجگە لەوە دێری دووەم لێرەدا مـانا نادا و دروسـتـەکـەی لە ن گ دا هەیە:

ئارۆ جــەو دەمـــەدا چوون بێ دەمـــاخش
هێـمـای هەر نە مـەرگ من مـەندەن داغش

٥٤٦. "تەنـهـا" لێـرە لە ن گ دا "تەنیـا"یە. "نە ڕووی" لێـرەدا لە ن گ دا "چەنی"یە. وەکی دیکە لە هـەردوو نوسخەکەدا وەک یەکن.

(ن ئە) بەردەوام دەبێ:

ڕۆستەم و زۆراب ئەر یەک بگێران
ئێران و توران مەکەران وێران[٥٤٧]

لێرەدا لە نێوان کەیکاوس شا و گۆدەرز نێردراوی ڕۆستەم بۆ هێنانی "نۆشدارو" دیالۆگێک لە ن ئە دا هەیە لە ن گ دا نییە:

گۆدەرز وات ئەی شا سالار ئێران
ڕۆستەم وە تەنها هەفت خوان کەرد وێران[٥٤٨]

نمەدی وە چەم ڕەنج قەدیمان
نە چەرخ گەردوون دوشمەن فەریبان[٥٤٩]

ڕۆستەم جەو دەمدا بەر مەشۆ جە دین
پەی تەخت تۆ کەرد فەرزەند کوشت بە کین[٥٥٠]

چەرخ چەپی واز دوشمەن مەکرباز
مەیۆ نە دیدەت قەترەی خوون بە تاز[٥٥١]

نەواچی گۆدەرز تەدبیرش نەکەرد
مەکێشی ئەی ئاخ مەوێنی ئەی دەرد[٥٥٢]

---

٥٤٧. لە ن گ دا ئاوا هاتووە:

ڕۆستەم و سوهراب چوون یەک بگیران
شاهی من کامەن، تەخت من وێران

٥٤٨. لە ن گ دا نییە.

٥٤٩. لە ن گ دا نییە.

٥٥٠. لە ن گ دا نییە.

٥٥١. لە ن گ دا نییە.

٥٥٢. لە ن گ دا نییە.

هـۆرێـزا گـــــــۆدەرز بـێ ســــــەبـر و ئـارام
شـی وە لای ڕۆســـتـــەم نەوەی زاڵ ســـام[٥٥٣]

واتـش کـــەیکـاوس بـێ عـــەقڵ و فـــامـــەن
دێوانـەی بێ هـۆش شـێت سـەرسـامـەن[٥٥٤]

کــــەردەن خــــەیاڵات بێـــهـــودەی بـاتـڵ
نۆشـــدارو جـــە لاش هـیچ نـەبی حـــاسـڵ[٥٥٥]

هــەر وێـت حـــــــازرەن ئـەر بـشـی وەلاش
بسـتـــانی داروی دەرمـــان پـەی شـــەفـاش[٥٥٦]

ڕۆسـتــەم چوون شنەفت کــەرد شین و زاری
فـــەرمــا غـــولامـــان خـاســـەی دیـاری[٥٥٧]

لـەحـــافـێ جـــە فـــەرش دیـبـــای بـۆگـــولاو
ئـاوەردن پـەرێش وە تـەعـــجـــیـل و تـاو[٥٥٨]

دەست کـێـشـا لاشـەی فــەرزەند شـیــرین
نیـــا جـــە مـــابەین، دیبــای کـــار چـین[٥٥٩]

---

٥٥٣. دێری دووەم لە هەردوو نوسخەکەدا وەک یەکە، دێری یەکەم بە کەمێک جیاوازییەوە ئاوا لە ن گ دا هاتووە: گۆدەرز ئاماوە بێ سەبر و ئارام.

٥٥٤. لە ن گ دا وشەکان جێگۆڕکێیان پێ کراوە:

واتش کـەیکاوس شـێت سـەرسـامـەن
دێوانـەی کـەم هـۆش بێ عـەقڵ و فـامـەن

٥٥٥. لە هەردوو نوسخەکەدا وەک یەک هاتوون.

٥٥٦. لێرەدا لە ن ئە دا چەند هەڵەیەک ڕووی داوە. لە ن گ دا ئاوا هاتووە:

هـەر وێت خـاسـتـرەن ئـەربشـی وە لاش
بسـتـانـی پـەرێش دەوا پـەی شـفـاش

٥٥٧. لە هەردوو نوسخەکەدا وەک یەک هاتوون بێجگە لە "کەرد" لێرەدا، کە لە ن گ دا "وە" هاتووە.

٥٥٨. لە هەردوو نوسخەکەدا وەک یەکن.

٥٥٩. لە هەردوو نوسخەکەدا وەک یەکن.

هۆرگرتن نه خاک سیای پڕ غوبار
بەردشان وه سەحن خەیمەی زەڕەنگار[٥٦٠]

زۆراب جە مەیدان ئاوەردن وه بەر
هەرکەس زۆراب دی خاک مەکەرد وه سەر[٥٦١]

خێزا پەی ماتەم ناڵەی دلێران
سپای سیستان سەرکەردەی ئێران[٥٦٢]

بوزورگان چوون گیو، گۆدەرز و گوشاد
زەواره و بەهرام، شیدوش و فەرهاد[٥٦٣]

گورگین و ئەشکۆش شاپوور و بێژەن
گشتشان جەم بین جە دەور شیوەن[٥٦٤]

سەفا سەف جەم بین یاران خرۆشان
بوزورگان تەمام قەترانی پۆشان[٥٦٥]

ڕۆستەم پەی جەستەی فەرزەند مەناڵا
ناڵەش مەیاوا وه عەرش باڵا[٥٦٦]

---

٥٦٠. له هەردوو نوسخەکەدا وەک یەکن.
٥٦١. له هەردوو نوسخەکەدا وەک یەکن، بێجگە له باتی "ئاوەردن وه بەر" لێره له ن گ دا "ئاوەرد وەبەر" نووسراوە.
٥٦٢. له باتی "سپای سیستان" لێرەدا له ن گ دا "سپای تورکان" نووسراوە، بێجگە لەوە له هەر دوو نوسخەکەدا وەک یەکن.
٥٦٣. "گوشاد" لێرەدا هەڵەیە، دروستەکەی "کەشواد"ه ئەوەی له ن گ دا هاتووە. بێجگە لەوە له هەر دوو نوسخەکەدا وەک یەکن.
٥٦٤. ئەمە له ن گ دا نییە.
٥٦٥. دێری دووەم له هەر دوو نوسخەکەدا یەکن، دێری یەکەم ئاوا له ن گ دا هاتووە: وه ناڵەی نەبەرد جەو دەم خرۆشان
٥٦٦. له هەر دوو نوسخەکەدا وەک یەکن.

زۆراب وات ئـەی پیـــــــر نـەوەی تـوخـم زاڵ
وەس کـەرە زاری وەســەن پەشـێـو حـاڵ[٥٦٧]

پـەوســـــە بـی تـەقـــدیر حـــــەیی لایـەنام
بـابۆ جـــە فـــەرزەند نیـــاوۆ بە کـــام[٥٦٨]

بـەڵێ ســـپـــای مـن نـشـــتـــەن نـە ســـارا
نشـــتـەن وە غـەمناک دڵ جـــە غـەم دارا[٥٦٩]

لە ن گ دا ئەم بەیتە هەیە، کە لێرە لە ڕیزبەندی ن ئە دا نییە:

تـەمـــاشـــان بڕیا، مـــەندن وە بێ کـــەس
ڕەنجـشـــان یەکســـەر بەرشی وە عـــەبەس

(ن ئە) بەردەوام دەبێ:

مـن هـا وە ئەڵمـــــاس پـارە بـی جـــــەرگم
ئەمـــانـت فـەرزەن، جـــە دمـــای مـــەرگم[٥٧٠]

مـــــازە کـــــەیکاوس بـە ڕۆژ یـا شـــــەوان
بوازۆ بـە قـــەســـد جـــەنگ چەنـی ئەوان[٥٧١]

لە ن گ دا ئەم بەیتە هەیە، کە لێرە لە ڕیزبەندیی ن ئە دا نییە:

---

٥٦٧. دێری یەکـەم لە هـەر دوو نوسـخـەکـەدا یەکن، دێری دووەم ئاوا لە ن گ دا هـاتـووە: وەس کـەر زاری و شین وەس بەر پەشێو حاڵ.

٥٦٨. لە باتی "حـەیی لایەنام" لێرەدا لە ن گ دا "بەنای لایەنام" نووسـراوە. بێجگە لەوە لە هـەر دوو نوسخەکەدا وەک یەک هاتوون.

٥٦٩. لە باتی "نشتن نە سـارا" لە ن گ دا "جـەو دەشت و سـارا" نووسـراوە، بێجگە لەوە لە هـەردوو نوسخەکەدا وەک یەک هاتوون.

٥٧٠. لە هـەردوو نوسخەکەدا وەک یەک هاتوون.

٥٧١. لە هـەردوو نوسخەکەدا وەک یەک هاتوون.

یەکێ چەنیـــشـــان بکیـــانی وە شـــەو
بویران نـە مـــڵک بـە تەئجـــیل و دەو

(ن ئە) بەردەوام دەبێ:

بشـــــان بە توران خـــاتر پەرێشـــــان
ساکن بان جـە مـوڵک مـەنزڵگای وێشـان[٥٧٢]

ئەوسـا گـورز و تێغ ئەسـاسـەی جـەنگم
خـــەفـتـــان چینی دەرع شـــەو ڕەنگم[٥٧٣]

بکیـــانە پەی دایەم حـــاڵم پەشـــێـــوەن
خـــەفـتـــانم جـای زام فـیلەتەن پێـوەن[٥٧٤]

بـنـــاڵـۆ پــەی بــەخــت تـاڵــەی زەبــوونم
پەی زامـــان سـەخت قـیـمــەی دەروونم[٥٧٥]

ســـــەرنیـــام وە خــــاک ها مـن ویەردم
بێــــزام جـــــە دین یاران فــــەردم[٥٧٦]

ســـــەرم شـی وەتـەوق دڵم بی وە خــــوون
مـن جـــە ئێـــرانی هابیم ســـەرنگوون[٥٧٧]

---

٥٧٢. لە باتی "جـە" لێرەدا لە ن گ دا "بە" نووسـراوە، وەکی دی لە هە دوو نوسـخـەکەدا وەک یەک هاتوون.

٥٧٣. دێری دووەم لە هەردوو نوسخەکەدا وەک یەک هاتووە. دێری دووەم لە ن گ دا ئاوا هاتووە:

حـەفـتـان چەنی خـود هـەم دەرع جـەنگم

٥٧٤. لە جیاتی "بکیانە" و "فیلەتەن" لێرەدا لە ن گ دا "بکیـان" و "پیلەتەن" نووسراوە. بێجگە لەوە لە دوو نوسخەکەدا وەک یەک هاتوون.

٥٧٥. لە دوو نوسخـەکەدا وەک یەک هاتوون.

٥٧٦. لە ن گ دا ئاوا هاتووە:

من یا بیم نە خـاک پای سـەنگ خـاران
پەژار بیـم جـــــە دیـن ئاوازەی یـاران

٥٧٧. لە ن گ دا نییە.

سەرنیام بە خاک پای سەنگ خاران
بێزارم جە دین ئازوردەی یاران[٥٧٨]

خەیلێ حەرفش وات حەکایەت وانا
شەو ئاما بە وار ئەرواحش دانا[٥٧٩]

گیان سپارد وە ژار مەودای پڕخەتەر
بێزار بی جە عەیش دونیای ستەمگەر[٥٨٠]

شکورمان بە زات تاک تەنهای فەرد
ئەرواح جە بەدەن نە هەم جودا کەرد[٥٨١]

ئارۆ خەستەی تێغ زام کاری بی
ئەرواح سپەردە نادیاری بی[٥٨٢]

سەحەر نە هەنگام گوڵبانگ یا حەی
شا فەرما کێشان قەتاران کەی[٥٨٣]

داشان وە هەمدا نەو دەشت کینە
کۆچ کەردەن جە شار زابول زەمینە[٥٨٤]

---

٥٧٨. بە شێوەیەکی کەمێک جیاوازتر دووپات کراوەتەوە.

٥٧٩. دێری یەکەم لە هەر دوو نوسخەکەدا وەک یەک هاتوون، دێری دووەم لە ن گ دا ئاوا هاتووە:

شەو ئاما بە ئەمر بێ باک دانا

٥٨٠. لە ن گ دا ئاوا هاتووە:

گیان سپەرد بە نیش ژارئالووی نەبەرد
پەژار بی جە عەیش دنیای ستەم کەرد

٥٨١. لە ن گ دا نییە.

٥٨٢. لە ن گ دا نییە.

٥٨٣. لە ن گ دا ئاوا هاتووە:

سەحەر چەنی سوبح گوڵ بانگ یا حەی
شا فەرما کێشان قەتاران تەی

٥٨٤. لە باتی "زابول" لێرە لە ن گ دا "کابول" هاتووە، دروستەکەشی هەر دەبێ کابول بێت، چونکە ڕۆستەم بۆ خۆی لە زابولەوە هاتبوو بۆ شەڕ. بێجگە لەوە لە هەردوو نوسخەکەدا یەکن.

بـارخـــانـان بـار، کـــێـــشـــــان بـه ڕاوه
ســـپـــای وێش هۆرگــرت شـین به دمـــاوه[٥٨٥]

چەنـی ســـــواران ســـــپــــــای زابـولی
چەنی قـــەوم خـــوێش ســـپـــای کــابڵی[٥٨٦]

دەروون وه غـــەمناک خـــاتر جـــه غـــەم کـــەیل
ڕێزان پەی زۆراب ئەسرینان چوون سەیل[٥٨٧]

ڕۆستـەم عـەجـەب مـەند بێ هۆش و سـەرسام
ســەرا پەردەی چەتر دیبـای عـەنبـەر فـام[٥٨٨]

ســـتـــوون ســـەیوان ڕەنجـــیـــده کـــەمـــەند
چەند فەرش و چەند ڕەخت کورسی دانەبەند[٥٨٩]

ئـاهـیـــــرێ نـەو دەشـت ســــەحــــرا فـــرووزا
تەمـــامی جـەم کـــەرد وه یەک جـا ســـووزا[٥٩٠]

---

٥٨٥. له ن گ دا ئاوا هاتووه:

بارخـــانـه بار کـــەرد کـــێـــشـــان به ڕاوه
ســـپـــای وێش هورگـــرت شـی به دمـــاوه

٥٨٦. له ن گ دا ئاوا هاتووه:

بـەعـــزێ ســـواران ســـپـــای کـــابولّی
چەنی قـــەوم و خـــوێش جـەرگـەی زابولّی

٥٨٧. له باتی "دەروون" لێره له ن گ دا "مەندن" هاتووه، بێجگه لەوه له هەردوو نوسخەکەدا وەک یەک هاتوون.

٥٨٨. له باتی "عەجەب مەند مەند" لێره له ن گ دا "خجڵ مەند" نووسراوه، بێجگه لەوه له هەردوو نوسخەکەدا وەک یەک هاتوون.

٥٨٩. له باتی "ڕەنجیده" لێره له ن گ دا "زنجیره" هاتووه، بێجگه لەوه له هەردوو نوسخەکەدا وەک یەک هاتوون.

٥٩٠. له هەردوو نوسخەکەدا یەکن.

ئەوسا لاشەی ساف فەرزەند دڵبەر
جای زامش پڕ کەرد جە میشک و عەنبەر[591]

ئەم دوو بەیتە لە ن گ دا هەیە بەڵام وەک ڕیزبەندی لێرە لە ن ئە دا نییە:

نیان نە تابووت ئالای دڵ پەزیر
جای زامش پڕ کەرد جە عەتر و عەهیر

نشت نە کۆڵ ئەسپ مەسرەع لجام
کێشا وە زابول نەوەی زاڵ سام

(ن ئە) بەردەوام دەبێ:

هۆرگرتن نە خاک سیای پڕ غوبار
بەردن وە لای زاڵ کۆنەی ڕۆزگار[592]

خەبەر شی پەی زاڵ کۆنەی زەمانە
سەرسام بی جە سام خێزا جە یانە[593]

چەنی ئەهل بەیت بەرشین جە [ئەیوان]
زەڵزەڵەی زاریش یاوا وە کەیوان[594]

---

٥٩١. دێری یەکەم لە هەردوو نوسخەکەدا یەکە، دێری دووەم ئاوا لە ن گ دا هاتووە:
شوستن بە کافوور، بۆی مشک عەنبەر

٥٩٢. لە هەردوو نوسخەکەدا وەک یەکن.

٥٩٣. بە بڕێک جیاوازییەوە ئاوا لە ن گ دا هاتووە:
خەبەر شی پەی زاڵ دەور زەمانە
سەرسام بی سەرسام خیزا جە یانە

٥٩٤. دێری یەکەم دوای ڕاستکردنەوە لە ن ئە دا لە هەردوو نوسخەکەدا یەکن، دێری دووەم ئاوا لە ن گ دا هاتووە: زلزلەی زاری یاوا نە کێوان.

دیشـــان کـه ڕۆسـتــەم پەیدا بی جـە دەشت
ئەسرین چوون سـەیلاو نەدیدە مـەوشت[٥٩٥]

زاڵ زەڕ ئـامـــــا دەروون پڕ جـــــە دەرد
دڕی یـەقـــەی وێش جــەمـین لاجـــوەرد[٥٩٦]

فــــەرمـــا کــــە تـابووت ئـاوەردن پـەرێش
بـوێنو جــە نـاو جگەرگــۆشـــەی وێش[٥٩٧]

سـەیر کەردش جە زام بێهۆش بی چوون سەنگ
تـاســـاو تەواســـا هیـچ نـامـــا بە دەنگ[٥٩٨]

وە ســـەوهـان مـــســـمـار ئـاهەن پارە کــەرد
تەمـاشـای ڕۆخـسـار ئەو بێـچـارە کـەرد[٥٩٩]

بە بـاڵا چوون ســـام شـــای کــەمـــەر لاڵان
وە هـەیبـەت چوون بەور دەڕەندەی سـاڵان[٦٠٠]

ئەم بەیتە لە ن گ دا هەیە کە لێرەدا لە ڕیزبەندی ن ئە دا نییە:

٥٩٥. لە باتی "جـە" و "سێـڵاو" لێرە، لە ن گ دا "جەو" و "سێـڵاب" هاتووە، بێجگە لەوانە لە هەردوو نوسخەکەدا یەکن.

٥٩٦. لە ن گ دا دوو دێرەکە سەرەوژێر ئاوا هاتووە:

یەقــە و دامـــان چاک، جــەمین لاجـــوەرد
زاڵ زەڕ ئـامـــــا، دەروون پڕ جـــــە دەرد

٥٩٧. لە باتی "کــە" و "جــە نـاو" لە ن گ دا "تـا" و "زامـــان" نووســـراوە، وەکی دیکە لە هەردوو نوسخەکەدا یەکن.

٥٩٨. لە ن گ دا نییە.

٥٩٩. لە هەردوو نوسخەکەدا یەکن.

٦٠٠. لە ن گ دا ئاوا هاتووە:

دیا وە ســـوهـراب شـــای کـــەمـــەر لاڵان
وە باهـوو چوون شـێـــر، دڕەندەی ســـاڵان

سـەنعش بە دە سـاڵ فـیـشـتـەر نـە یاوان
جگـەرگـــــاش بـە تێـغ هـیـندی شـکـاوان

(ن ئە) بەردەوام دەبێ:

ڕوو کـەرد وە ڕۆسـتـەم زاڵ زەڕ وە جـەخت
وەناڵەی زەبوون کـێـشـا بـانگ سـەخت[٦٠١]

واتـش ئەی فـــەرزەند شــووم ناپـەسـەند
شـەرمـەندەی ڕوو زەرد جە عاڵەم ڕیشـخەند[٦٠٢]

نەترسـای جـە خـۆف ڕۆی یومـەلەحـشـەر
فـــەرزەندت وە تێـغ ژارئـالووی خـــەتـەر[٦٠٣]

کـوشـتـت وە بـێ ڕەحم شکاوات جـەرگش
ڕەنگ کـەردی وە خوون سـەرتای بەرگش[٦٠٤]

دەســـتت پارەی تێـغ مــەودای خـــەتەر بۆ
مـاوات زمـــهـەریر یومـەلەحـشـەر بۆ[٦٠٥]

---

٦٠١. بە کەمێک جیاوازییەوە ئاوا لە ن گ دا هاتووە:

ڕوو کـەرد بە ڕۆسـتـەم، زاڵ سـیـا بـەخت
وە ناڵەی نەفـرین کـێـشـا بانگ سـەخت

٦٠٢. بە کەمێک جیاوازییەوە ئاوا لە ن گ دا هاتووە:

واتـش ئەی فـــەرزەند نەخش نـاپەســەند
شـەرمـەندەی ڕوو ڕەش دەرگـای خـوداوەند

٦٠٣. لە جێگەی "یەومەل" لە ن گ دا نووسراوە "دەشت"، بێجگە لەوە لە هەردوو نوسخەکەدا وەک یەک هاتوون.

٦٠٤. لە هەردوو نوسخەکەدا وەک یەکن.

٦٠٥. لە باتی "یەومەلحەشەر"، لە ن گ دا "یەومەلسەفەر" نووسراوە، بێجگە لەوە لە هەردوو نوسخەکەدا وەک یەک هاتوون.

چەند ڕۆژ جە زابول شین و زاری بی
واوەیلا و ڕۆ ڕۆ بێ قەراری بی[٦٠٦]

ئاخر سەرئەنجام لاشەی نۆجەوان
سپەردن بە خاک بە ئەمر سوبحان[٦٠٧]

لەم ڕیزبەندییەی ئێرە، لە ن گ دا فەسڵێکی نوێ لە ژێر ناوی "گەیشتنی هەواڵی کوژرانی سوهراب بە دایکی و هاتنی بۆ شەڕ لەگەڵ ڕۆستەم" دەست پێ دەکا. ئەم سەرفەسڵە لە ن ئە دا لەم شوێنە لە ڕیزبەندییدا نییە.

لە ن ئە دا لێرە چیرۆکەکە درێژەی دەبێ و لە سەرجەم ٢٩ بەیتدا باسی دوو تەوەرە دەکرێ کە لە ن گ دا نییە. تەورەی یەکەم باسی ناشتن و سازکردنی گڵکۆ بۆ زۆراب لە شاری زابول دەکرێ و لە تەوەرەی دووەمدا باسی گەڕانەوەی سوپای تورانی و باسکردنی چۆنیەتیی کوژرانی زۆراب لە زمان هومان پاڵەوانی تورانی بۆ ئەفراسیاب شای توران دەکرێ:

نە شادی نە عەیش نە کامەرانی
بێزار بین جە گشت، سپای ئێرانی[٦٠٨]

ئەو دەم فیلەتەن بە ئەندوە و دەرد
ئوستادی مەعمار عارف تەڵەب کەرد

سازا گونبەدێ جە سەنگ مەڕمەڕ
خاکش زەعفەران عەترش چوون عەنبەر

چوار ئوتاق ئەیوان توحفەی تەلابەند
خاستەر جە قیرتاس خاسەی سەمەرقەند

---

٦٠٦. بێجگە لە "جە" و "فەریاد" لێرەدا، کە لە ن گ دا "نە" و "ڕۆڕۆ" نووسراوە، لە هەردوو نوسخەکەدا وەک یەک هاتوون.

٦٠٧. بە هێندێک جیاوازی و پاش و پێشخستنی وشەکان لە ن گ دا ئاوا هاتووە:

ئاخر سەرەئەنجام خەستەی ناتەوان
سپەردەن وە خاک لاشەی نەوجەوان

٦٠٨. ئەم دوو دێرە و ٢٨ دوو دێری دوای ئەو لە لە ن گ دا نییە.

دەرگـــــاش دا نە بەند لەعل مــــــرواری
بمـانـۆ نـە ئـەیمـام پـەی یـادگــــــــاری

دەرگــــــاش دا نــە بـەنـد لـەعـل زەڕین تـاب
پـەی یـادگــــــاری نـشـــــــانـەی زۆراب

تـاریخ تـەقـــــویم زیبــــای زەبـر جـــــەد
سـالّنامـەی مـەرگش نـویسـان جـە مـەرقـەد

ســــاکن بـی نـە خـــــاک نـەوەی دلێـــــران
فـــارغ بـی جــــە فـــەتح توران و ئێـــران

مـــەنزڵ گـــرت نە خـــاک ئـەژدەهای ئـەژدەر
مـــەواتـت هـەرگـــیـــز نـەبی جــــە مـــادەر

عـــومـــر جـــوانیش نیـــاوا وە کـــام
بێـزار بـی جــە عـەیش دونیــای ناتەمــام

مـات و مـەلوول بی مـەقـتـوول و مـەدفـوون
نـە خـــاک خـــاری خـــار و ســــەرنگوون

زەبـوون بـی زەلـیـل بـە زام کـــــــــاری
هـاشــــە نامـــەش مـــەند پەی یادگـــاری

ئـەگــەر هـەزار ســـاڵ عــومــرت بۆ تـەمــام
عــاقـیـبـەت مـەرگـەن ئاخـر سـەرئەنجـام

لـەشـکـر تـوران نـە جـــــەیحـــــوون ویـەرد
هـومـــــان پـەی زۆراب شـین و زاری کـــــەرد

گــورز و خـــەفـتـــان و کـــەمـــەند و کـــەمـــان
کــــیــــاست پەی دایەش وە شــــار تـوران

داخڵ بی وەشــــار شــــای ئـەفــراســیـــاب
تـەڵەب کــەرد هـومــان وە تـەعـــجـیل و تـاب

واتش ئەی هومان خەستەی پەشێو حاڵ
زۆراب چێشش کەرد بەیان کەر ئەحواڵ

هومان وات ئەی شا حاڵم بەد حاڵەن
زۆراب مەزڵووم شادیش بەتاڵەن

سێ ڕۆژ نە مەیدان چەنی فیلەتەن
دەعوا کەردشان بە گورز و [کەمەن]

ڕۆژ چوارەم چەنی بابۆی وێش
کوشتی گرتشان بێ خۆف و ئەندێش

هۆرگرت فیلەتەن تاوە فەرق سەر
وستش بە زەمین سیای پڕ خەتەر

وە حیلە و ئەفسوون ئامان سەد ئامان
زۆراب بەخشاش نە ڕاگەی یەزدان

چوون ڕۆژ پەنجەم سەر ئەنجام ویەرد
فیلەتەن زۆر سەند زۆراب زەبوون کەرد

هۆرگرتش وەقار تا وە فەرق دوون
وستش بە زەمین سیای سەرنگوون

هەرچەند ئامان واست هیچ نەداش ئامان
خەنجەر شەند وەنەش زۆر بێ سامان

دانە ڕووی سینەش جە پشت کەرد گوزەر
پەشێو بی حاڵش زۆراب سەروەر

خەستە بی وە تێغ ژارئالووی خەتەر
مەنزڵ بەرد بە خاک سیای پڕ خەتەر

ئەی خەبەر شنەفت شای ئەفراسیاب
پەی مەرگ زۆراب جەرگش بی کەباب

چەند ڕۆژ زاری کــەرد شـــووم کـــینەخـــا
ڕەسم تـەعـــزییـــەش بـەرئـاوەرد بـە جـــا

ئـەو ســـــا پـەی دایـەش بـەردن ئـەحـــــوالاَن
واتـشـــــــــان زۆراب نـادرەی ســــــــالاَن

نـە مـــەیدان وە تێـغ ڕۆســـتـــەم زەبوون بـی
ســــەرتـاپـای بـالاَش ئـالوودەی خـــوون بـی

یـانەش بـی نە خـــاک پـای ســـەنگ خـــاران
بـێـــــــزار بـە جـــــــە ڕووی دیـدار یـاران

دایـە چـوون شـنـەفـت وەی تـەور ئـەحـــــوالاَن
وە ناخـوون مـەکـەند پـەی فـەرزەند، خـالاَن[٦٠٩]

دایـە چـوون شـنـەفـت ئـەحـــوالّ فـــــەرزەند
کەفت[نە]ڕووی زەمـین دەردەم بی {هۆشـمـەند}

ئـامـــــاوە بـە هـۆش وەخـــتـی نـیـــمـــــەڕۆ
خـــــرۆشــــا وە شـین جــــەمـین مـــــاە نۆ

٦٠٩. لێرەدا جارێکی دیکە ڕەوتی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە نوسخەی گۆدەرزیدا بەم چوار دوو دێرە دەست پێ دەکاتەوە، کە بە جـۆرێک لە نوسخـەی ئەمـینیشـدا لـە شـێوازی دیکە و لە ڕیزبەندیی دیکەدا هـاتوون:

ئـەوســــــە پـەی دایـەش بـەردن هـەوالاَن
واتـن کـــە ســــوهـراب نادرەی ســـالاَن

جـە مـەیدان تێـغ ڕۆســتـەم زەبوون بی
ســـەرتاپای بالاَش ئالوودەی خـوون بی

خـەسـتـە بی بە تێغ ژارئالووی خـەتەر
مـــەنزلّ بـەرد وە خـــاک تـاریک بێ دەر

دایە پەی فــــەرزەند شـنـەفت هـەوالاَن
وە ناخـوون مـەکـەند فـەیرووزە خـالاَن

خــــرۆشـــــا وه قـــــار وه نالّه و حــــــەزین
دەست كـــەرد بە فـــەریاد وه زایەڵه و شـین

له (ن ئه)دا فـەسلّێكی نوێ بە نـاوی "شیوەنكردنی تەهیمنه بۆ زۆراب" هەیه، كـه له ن گ دا نییـه. ئەم فـەسـڵـه جـۆرێک لاواندنەوەی زۆرابه له شـێـوازی چەمـەریدا، كـه شیـوەن و لاواندنەوەیەكی تایبەته له كوردستان:

ڕۆڵـەی نـازەنـین ســـــــەهـمـگـیـنـم ڕۆ
جــه نـەوەی شـــێــران دڵ پڕ قـــینـم ڕۆ

ڕۆڵەی گـــوڵ دەمـــاخ گـــوڵ باخـــانم ڕۆ
سنـەوبـەر قـــامـــەت ڵێـــلاخـــانم ڕۆ

فــــــەرزەند عــــــەزیـز نـۆجــــوانم ڕۆ
ســــالار ســــپـــای شــــای تورانم ڕۆ

چـراغ دیـدەی جـــــــەهــان بـیـنـم ڕۆ
(قــــرة الـعـــــیـــــون) نـازانـیـم ڕۆ

زینـەت مـــــەجلـیس بـوزورگـــــانم ڕۆ
مـــــەرد هـونـەرمـــــەند پەهـلـەوانم ڕۆ

سـاحـیب گـورز و تێغ شـۆڕ و شـەڕم ڕۆ
چـالاک مــــــــەیدان پـڕ هـونــەرم ڕۆ

ســـاحــیب دەست و برد زرێ پۆشـم ڕۆ
مـــــەرد مـــوبـارز پڕ خـــــرۆشـم ڕۆ

مـــەرد مـــەیدان گـیـر ئێـران شـارم ڕۆ
نـادرەی زەمــــان شــــاســــوارم ڕۆ

فــــەدای ئـایـەنـەی پـشت شــــانت بـام
فـدای ســەركـەشـیـی ڕۆی مـەیدانت بـام

فـــدای تیـــر و تێـغ بـێ نـازمــــەندت بـام
فـدای ڕەم و گـورز دوشـمـەن سـەندت بام

فـــدای دوو گـــۆنـای شــــەوچراغـت بـام
فــــدای زام ســــــەخت دڵ پڕ داغت بـام

فـــدای نەوخـــێـــزی بـاڵای ســــەوڵت بـام
فـدای گــوڵ غــونچــەی دەور لـەعلت بام

فـــدای تـاج و تـەخت دایـەرەی شـــاهیت
دایـە وە فـــدای جــــەهـان مــــەتـاهیت

ڕۆحـم بـۆ فـــیـــدای ڕۆح شــــیــــرینت
سـەد جـار وە سـەرگـەرد دیدەی ڕەنگینت

ســـەرم بـۆ فـــدای بـەرگ شـــەو ڕەنگت
دایـە وە فـــدای ئـەسـپ گـــوڵ ڕەنگت

دایـە وە فـــدای تـاج خــــەســــرەویت
بـابـۆ بـە فـــــدای بـازووی پـەهـلـەویت

فــــــــدای بـاڵات بـام نـەونمـام نـۆ
ســـاتێ نەمـــانۆ عـــومــــرم وە بێ تۆ

فـــەرمـــان دەر وە قـــەتڵ چابوک ســواران
دەست ئـەندازی کــــەر چـەنی دلێـــران

بفـــەرمـــا ئـەسـپـــان پـەرێت کـــەران زین
وەخـــوون دشــــمــــەن ڕەنگین کـــەر زەمین

بێ کـــەیفـیـشـــان کـەرد نە ڕووی ڕۆزگــار
وێنەی شـەهـیـدان جگەر خـەسـتـەی خـار

بینای عـــومـــرشـــان بەر ئـاوەر جـــە بێخ
نـە ڕای لوتف و ڕەحم مـــــەکـــــەرە درێغ

ئومـــیـــد هەن بە زات جـــەهـان ئافـــەرین
ئەو کەس کە تۆ کوشت وە شمشێر کین

بگنۆ وە دەســـــتم پارە کــــەم جـــەرگش
نە ســـــەر تا وە پا خـــــونین بۆ بەرگش

چەند ڕۆژ تا شـــــــەوان شین و زاری بی
یانەی تەهمـــینە جــــە زەوق خـــاڵی بی

چل ڕۆژ جــامـــەی بەرگ ئازیەتی پۆشـــا
شەو نە جای تەعام زووخاو مەنۆشا[٦١٠]

ئاخر سـەرئەنجام کەمەر بەست بە قار
قەسـەم وەرد بە زات یەکتای کردگار[٦١١]

سوب چوون عەیاران مەپۆشۆ جەمین
لەشکر مەکێشون وە ئێران زەمین[٦١٢]

زابوڵ و ســیـــســـتـــان چەنی زاڵ ســـام
بسووزون وە نەفت سوزان بۆ تەمام[٦١٣]

---

٦١٠. لە ن گ دا بە برێک جیاوازییەوە ئاوا هاتووە:
چل ڕۆ جامەی ڕەزم ئازییەتی پۆشا
شەو نە جای تەعام زووخاو مەنۆشا
٦١١. لە ن گ دا بە برێک جیاوازییەوە ئاوا هاتووە:
ئاخر سەرئەنجام شی نە جامەی قار
قەسەم وارد بە زات دانای کردگار
٦١٢. لە ن گ دا ئاوا هاتووە:
من چوون عەیاران مەیۆ شون جەمین
لەشکەر مەکێشون وە ئێران زەمین
٦١٣. لە ن گ دا بە برێک جیاوازییەوە ئاوا هاتووە:
سەرای سیستان، یانەی زاڵ سام
مەسووچون وە نەفت سەراسەر تەمام

جـه تەنخـوای قـەسـاس خـوون فـەرزەندم
ئەر ڕۆسـتـەم جـە دوور بەیۆ نـە وەندم[٦١٤]

شـەرت بـۆ من وە تێغ بشکاوم جـەرگش
ڕەنگین کەم وە خوون سەرتاپای بەرگش[٦١٥]

زاڵ زەڕ چـەنـی فـیـلـەتـەن هـەر دوو
بگێـرم نـە گـەچ هـەفت شـەوانـە ڕۆ[٦١٦]

ڕۆژێ تـەهـمـیـنـە نشت وەبان تـەخت
تەڵەب کەرد وەزیر وە تەعجیل و جەخت[٦١٧]

هـەرچی جـە توران تا بـە مـوڵک چین
لەشکەر من هـەن نـە ڕووی سـەرزەمین[٦١٨]

---

٦١٤. لە ن گ دا بە بڕێک جیاوازییەوە ئاوا هاتووە:

جـێـوەتـی قـەسـاس هوون فـەرزەندم
ئەر ڕۆسـتـەم جـە دەور بیـۆ نـە وەندم

٦١٥. لە ن گ دا بە بڕێک جیاوازییەوە ئاوا هاتووە:

شـەرت بۆ من بە تێغ بشکاۆ جـەرگش
ڕەنگ کەروون بە خوون سەرتاپای بەرگش

٦١٦. ئەم دوو دێرە لە ن گ دا نییە، وەک دیارە لارەسنگییەک لە کێشی شیعرەکەدا هەیە.

٦١٧. لە ن گ دا ئاوا هاتووە:

فـەرمـا تا وەزیر لەشکر تەڵەب کـەرد
بە ناڵە و خـرۆش زەڵزەڵەی نەبەرد

٦١٨. ئەم دوو دێرە و ١٥ دوو دێری دوای ئەوان لە نوسخەی گۆدەرزیدا نین. لە لایەکی دیکەوە ئەم دوو دوو دێرە لە ن گ دا هەن، کە لە ن ئە دا نین:

سـیـلاح ڕۆی جـەنگ پۆشـا بە قـامـەت
خـرۆشـا جـە داخ سـەودای نەدامـەت
ئەڵماس پەی جەنگ بەست نە ڕووی کەمەر
تـەن پۆشـا بە دەرع جـە پا تا بە سـەر

مـــەبۆ جـــەم کـــەران تـا وادەی هـەفت ڕۆ
ئـاوازەی ســــوپـام وە تـوران مـــــەشـــــۆ

وەزیر هـۆرێزا ئـامـــــا وە جـــــای وێش
تـەڵەب کـــەرد ســــەردار تـورانـی وە پێش

هـەفت ڕۆژ و شـەوان قـەڵەم گـرت بە دەست
نـویسـا نـامـــە تەمـــام هـەرچـی هەست

پەری هـەر ســـەرحــەد کـاغـەز کـیـانا
وەزیـر عـــــــــــاقـڵ ئـەمــین دانـا

بـە وەعـــــــدەی چـل ڕۆژ لـەشـکر تـوران
جـەم بەست نە پای تـەخت شـۆخ بێ ئامـان

هـەرچـەند پـەهلـەوان ســـەرحـــەد نشـین بی
یەکـا یەک نە پای تەخـتش غـەمگین بی

دڵبــــەر وات یـاران تـورانـی مـــــەکـــان
دیتـــان چێـــشش کـــەرد زۆراب جـــوان

غـــیـــرەت نەمـــەندەن جــە توران زەمـین
ئەگـەر نەکـێـشـتـون سـپـای سـەهـمگین

ئـەر حـــــــەق زۆراب نـاوەرون بـە دەسـت
بـەدنـام بـۆ تـوران تـا بـە ڕۆی ئـەلـەست

واتشـــان بـەڵێ ســـەرچـەشـــمـــەی توران
بـە تەوفـــیـق حـــەق دانـای لامـــەکـــان

کـــــارێ بکـەرون بـەو مـــولک ئـێـــــران
بـێخ و بـنـچـــــــینـەش بـکـەرون وێـران

ئەو شـــەو قـەرار دان ســپــای توران شـار
سـوب سـەحـەر پۆشـان جامـەی کـارەزار

له (ن ئه) له ژێر سەرفەسڵێکی دیکەدا بە ناوی "لەشکەرکێشیی تەهمینە بۆ سەر ئێران"، چیرۆکەکە بەردەوام دەبێ:

سـپـا خـرۆشـا زەمـین بی وەگـەرد
تەهـمـینەی بێ عـەیب خـاڵان لاجـەوەرد

وە تاب و تـەعـجـیل لەشکەر تەڵەب کـەرد
بـەر ئـامـا خـرۆش زەڵـزەڵەی نـەبەرد

لەشکرێ جـەم کـەرد جـە تورکـان چین
دانـە تـەپـڵ کـوس پـەی زابـول زەمـین

دە هـەزار سـوار جـەنگی دلێـران
حـازر بی پەی جـەنگ پادشـای ئێـران[619]

تەهـمـینـه چەنی سـەد نامـی سـوار
بی وە چەرخـچـیی سـپـای بێ شـمـار[620]

لـەشـکر ڕوو نـیـا بـە دەشت سـارا
جـە دیدەش سـەیلاو خـوناو مـەوارا[621]

نـەزدیک بـی وەمـەرز ئـێـرانـی زەمـین
هۆردانە ڕووی دەشت چەند خەیمەی ڕەنگین[622]

---

٦١٩. لە ن گ دا لە باتی دە هەزار، سی هەزار نووسراوە و ئاوا هاتووە:
سی هـەزار سـوار کـەمـەر بەسـتـەی جـەنگ
بەرد وە سـیـسـتـان نەکـەردش درەنگ

٦٢٠. لە ن گ دا نییە.

٦٢١. لە ن گ دا ئاوا هاتووە:
سـەف کێشا پەی جـەنگ نەو دەشت سـارا
جـە دیدەش ئەسـرین چوون سـەیل مـەوارا

٦٢٢. لە ن گ دا نییە.

خـــەیمە ڕەنگاڕەنگ کـــەردشـــان وەپا
دا نـە دەبدەبـەی کـــوس و کـــەڕەنا[٦٢٣]

جـــە نالّەی نەفـــیـــر چل تـار پڕ جـــۆش
زەمـین و زەمـــان ئـامـــا بـە خـــرۆش[٦٢٤]

خـەبەر شـی پـەی زاڵ کـۆنەی جـەهان گـەرد
واتـن تەهـمـــینـە جـــەمـین لاجـــەوەرد[٦٢٥]

ئامـان پەی قـەسـاس جگەرگـۆشـەی وێش
سـەفـدان لەشکرش بێ خـۆف و ئەندێش[٦٢٦]

شـمـشـێـر پەی جـەنگ کـەردەن نە وەردا
بەند کـەردەن نـەوەر حـەڵقـەی کـەمـەردا[٦٢٧]

ســەوگـەندش واردەن وە یـەکـتـای یەکـتـەن
مـەشـانۆ نە حـەڵق سـینەی فـیلـەتەن[٦٢٨]

---

٦٢٣. لە ن گ دا نییە.

٦٢٤. لە ن گ دا نییە.

٦٢٥. لە ن گ دا بە بڕێک جیاوازییەوە ئاوا هاتووە:

خـەبەر شـی پـەی زاڵ دەروون پڕ جـە دەرد
واتـن تـەهـمـــینـە، خـــاڵان لاجـــەوەرد

٦٢٦. لە ن گ دا بە بڕێک جیاوازییەوە ئاوا هاتووە:

ئامـان پەی قـەسـاس جگەرگـۆشـەی وێش
سـەف کێشـان پەی جەنگ نەدارۆ ئەندێش

٦٢٧. لە ن گ دا ئاوا هاتووە:

ئەڵمـاس پـەی جـەنگ بەسـتـەن وە کـەمـەر
سـپـاش ئاوەردەن پەی عـەرسـەی خـەتەر

٦٢٨. لە ن گ دا ئاوا هاتووە:

سـەوگـەندش واردەن بە یـەکـتـای بێـتـەن
بشـــانۆ بە فـــەرق ســـینەی پیلـەتـەن

ئەوسـا هـۆرێزا ڕۆسـتـەم چەنی زاڵ
بەرشین جە ئەیوان خەستە پەشێو حاڵ[٦٢٩]

ئامـان وە پێـشـواز تەهمـینەی بێگەرد
یەقـە و دامـان چاک جـەمین لاجـەوەرد[٦٣٠]

لێرەدا دوو بەیت لە ن گ دا هەیە، کە ل ن ئە دا نییە:

دایە پەی سـوهراب خـاتر پەرێشـان
جـەولان دا بە ئەسپ تا یاوا پێـشـان

تەهمـینە جـە دوور ڕۆسـتـەم دی وە چەم
خـرۆشـا وێنەی مـاران ئەرقـەم[٦٣١]

دەست بەرد وە ئەڵمـاس نێـزەی پڕ خـەتەر
بشـانۆ بە فـەرق نەوەی زاڵ زەڕ[٦٣٢]

زاڵ زەڕ ئامـا دەسـتش گـرت بە دەست
فـراوان جە لاش عـوزر ڕۆسـتـەم واست[٦٣٣]

---

٦٢٩. لە ن گ دا بە بڕێک جیاوازییەوە ئاوا هاتووە:

ئەوسـە هـۆرێزان ڕۆسـتـەم چەنی زاڵ
بەرشین جە ئەیوان خەستەی پەشێو حاڵ

٦٣٠. لە ن گ دا ئاوا هاتووە:

شین وە پایەنداز تەهمـینەی بێگەرد
یەقە و دامـان چاک خاک بەسەر مەکەرد

٦٣١. لە ن گ دا ئاوا هاتووە:

سـاتیـۆ نیگا کـەرد ڕۆسـتـەم دی وە چەم
خـرۆشـا جـە تەرز مـاران ئەرقـەم

٦٣٢. لە ن گ دا ئاوا هەیە:

هۆرکـێشـا ئەڵمـاس ژارئالووی فـەرەنگ
بشـانۆ نە فـەرق پەهلەوان جـەنگ

٦٣٣. لە هەردوو نوسخەکەدا وەک یەک هاتوون.

ڕۆســـــتـــــەم وات پەدەر مـــــەند زەمـــــانە
بە حـــەق بێــچــوون یەکــتــای یەگــانە[٦٣٤]

بـازە یەک شـــمـــشــێـــر بشـــانۆ بە وێم
قـــــەتڵم واجـــبـــــەن هـەرچی بەیۆ پێم[٦٣٥]

هـەر گـــەور و تەرســـا مـــەواچان بیـــرام
کێ فـــەرزەند وێش کـــەردەن ناتـەمـــام[٦٣٦]

زاڵ وات فـــــــەرزەند تـۆ چێش مـــــەزانـی
پەوســـە بی تەقــدیر ئەمــر ســوبحــانی[٦٣٧]

حـــــەریـفـــــان دەور مـــــەردان عــــاقڵ
کـــەس کـــار تەقـــدیر نەکـــەردەن باتڵ[٦٣٨]

دونـیـــا تـا وە ســــەر نـەمـــەندەن وە کـــەس
شـوکرمـان بە دەست فـەرد فـەریاد ڕەس[٦٣٩]

---

٦٣٤. لە ن گ دا بە بڕێک جیاوازییەوە ئاوا هاتووە:

ڕۆســـتـــەم وات: ئەی پیـــر دەور و زەمـــانە
بە حـاجـەت بێـچـوون یەکـتـای یەگـانە

٦٣٥. لە ن گ دا ئاوا هاتووە:

بـازە یـەک تیــــــغێ بشـــــــانۆ پـەرێم
قـــەتڵم واجـــبـــــەن هـەرچی بیــــۆ پێم

٦٣٦. لە هەردوو نوسخەکەدا وەک یەک هاتوون.

٦٣٧. لە هەردوو نوسخەکەدا وەک یەک هاتوون.

٦٣٨. لە ن گ دا لە باتی "حـەریفـان" لێـرەدا "حـەکـاکـان" نووسـراوە. بێـجگە لـەمـە لە هەردوو نوسخەکەدا وەک یەک هاتوون.

٦٣٩. لە ن گ دا ئاوا هاتووە:

هەر ئێـد خـاسـتـەرەن هەر دووتـان بەهەم
بنیـــشـــان بە شـــاد خــاتر کـــەران جـــەم

لەم ڕیزبەندییەی ئێرەدا، سێ بەیت لە ن گ دا هەن، کە لێرە لە ن ئە دا نین:

بەڵێ یەزدان پاک ئەو دەم جە نۆوە
جای سفتەی زامان سارێژ کەردەوە

هەرگیز خەم تا سەر نەمەندەن وە کەس
شوکرمان بە زات فەرد فەریاد ڕەس

خەیلێ پەریشان حەکایەت بکەرد
تا کە هەر دووشان ساکن بین جە دەرد

(ن گ) بەردەوام دەبێ:

پیادە بی جە ئەسپ خەستەی دڵ زوخاڵ
گۆش دا بە ڕازان واتەی پیرە زاڵ[٦٤٠]

ئەوسا جەو دما زاڵ زەمانە
دەستش گرت وە دەست بەردش وە یانە[٦٤١]

شەونیشتن بە شاد چەنی فیلەتەن
شکاوان جە تەرح گوڵ غونچەی چەمەن[٦٤٢]

یەک هەفتە جەو قەسر ئاڵای دڵگوشاد
خدێ دان وە عەیش غەمان دان وەباد[٦٤٣]

---

٦٤٠. لە ن گ دا ئاوا هاتووە:

ئاخر سەرئەنجام ساحێب زوڵف و خاڵ
گۆش دا بە ڕازان واتەی پیرە زاڵ

٦٤١. لە ن گ دا ئاوا هاتووە:

بە چەند دەلالەت وە چەند بەهانە
تەهیمینش وست کەرد بەردش وە یانە

٦٤٢. لە هەردوو نوسخەکەدا وەک یەکن، بێجگە لە وشەی پیلەتەن لە باتی فیلەتەن، کە جێگۆڕکێیان پێ کراوە.

٦٤٣. لە هەردوو نوسخەکەدا وەک یەکن.

دیســـان هەم جـە نۆ بینای بێـهـتـەرین
نـیـــــا وە ڕەحم چـوون ئـەوەڵ وەریـن٦٤٤

نۆ مـــاه و نۆ ڕۆژ چونکە بی تـەمــــام
ڕۆشـن بـی چـراغ نـەوەی زاڵ ســـــام٦٤٥

لەم ڕێزبەندییەدا بەیتێک لە ن گ دا هەیە، کە لە ن ئە لێرەدا نییە:

فـەرزەنـدیۆ جـە شـێـر هونـەرمـەندەتر بی
بە باڵا چوون ســام، ســاحـێب هونـەر بی

نامش فـلاّمـــەرز جــەنگی نیــاشـــان
وەناز و ئـەعـزاز جـەم بی جـە لاشـان٦٤٦

ڕۆســـتــەم چەنـی زاڵ تەهـمـینـەی بێگەرد
کـەردن شـوکـر زات تـاک تەنیـای فـەرد٦٤٧

لە ن گ دا لە کـۆتـای چیـرۆکـەکـەدا ئەم بەیتـانـە هـاتوون، کـە لە ن ئە دا نـین و چیـرۆکی ڕۆستەم و زۆراب بەو شێوەیە بە کۆتایی دێت:

ڕۆســـتــەم چەنـی زاڵ تەهـیـمـنـەی بێگەرد
کــەردن شــوکـر زات، تاک تـەنیــای فــەرد

---

٦٤٤. لە ن گ دا بە بڕێک جیاوازییەوە ئاوا هاتووە:
دیســان هـەم جـە نۆ بەنـای بێـهـتـەرین
باز هەم حـــامڵ بی، چوون ئەوەڵ وەرین

٦٤٥. لە ن گ دا بە بڕێک جیاوازییەوە ئاوا هاتووە:
جـــە نۆ مـــاه ویەرد، نۆ ڕۆ بی تـەمـــام
ڕۆشـن کــــەرد چراغ نـەوەی زاڵ ســـام

٦٤٦. لە ن گ دا بە بڕێک جیاوازییەوە ئاوا هاتووە:
نـامش فــەرامــەرز جـەنگی نیـاشـان
یەکسـەر کۆی شادی جەم بی جـە لاشان

٦٤٧. لە هـەردوو نوسخـەکەدا وەک یەکن.

چەند پارچەی قوماش چەند خەزێنەی سام
بەخشان وە مسکین گەدای ناتەمام

تەمامی یەکسەر گوشاد بین جە خەم
بە شادی کەردن شوکر حەق دەر دەم

ئەلحەمدولیلا باقی وە سەلام
خاتمەی "کتاو" یاوا بە ئەنجام

ئەمجار بە حاجەت سەید سەروەر
شافێع عوسیان ڕۆی دەشت مەحشەر

... یاران تابعەی ڕەسووڵ
هەر چەهار ئیمام بەرحەق مەقبووڵ

بە شەق ئیمامان چەهاردە مەعسووم
بە شای شەهیدان حوسەین مەزڵووم

بە شەق ئەو خاسان جە دەرگای جەبار
ببەخشۆ گونای عاسی خەتاکار

ئومێدم ئێدەن جەمع حازرین
بیاوان بە کام، نەبان دڵ غەمین

هەزاران دروود هەزاران سەلام
ز ما بەر مەحەمەد عەلەیەسەلام

لە ن ئە دا چیرۆکەکە بە شێوازێکی جیاوازتر لە نوسخەی گۆدەرزی بەم بەیتانە خوارەوە بە کۆتایی دێت. لێرەدا دانەر باسی ئەوەش دەکا، کە بە شێوازی گۆرانی کە لەفز یان شێوەزارێکی شیرین و "شەکەرفشان"ە چیرۆکەکەی بە شیعر هۆنیوەتەوە.

ئەمجار بە شوکور گوشادی جەمین
کەردن شوکور زات ڕەبەلعالەمین

شــوكــور وه يه‌زدان حــه‌ی ســوبحــانی
تـه‌مــام بی داســـتــان لـه‌فــز گــۆرانی

ئه‌ر ســه‌د مــه‌زمــونش مــاچان گـۆرانی
ئه‌ی له‌فــز گــۆران شــه‌كــه‌رفــشــانی

ســه‌یر كه‌ر جه‌ی دونیـای بێ به‌قای فـانی
دۆست كـــه‌س نیــیـــه‌ن به جــاویدانی

غــه‌یر جــه زات تـوحــفــه‌ی كــه‌ره‌م كــه‌ر
هیچ كـــه‌س نمازۆ دونیـــای پر خـــه‌ته‌ر

بێـهـۆش مـه‌گێـڵـون جـه‌ی دونیـای فـانی
هیچ كـه‌س ســه‌رئه‌نجـام، دونیـا نـه‌زانی

ئه‌گــه‌ر قــه‌هره‌مــان ڕووی ســه‌رزه‌مـینی
ئـه‌گـــــه‌ر پادشـــــای دارا نـگینـی

خــه‌ســتــه‌ی جگه‌رســۆز ڕۆزگــار مــه‌بی
ســه‌رنگوون ژێر ســه‌نگ و خـــار مــه‌بی

بـه‌ده‌ن پـه‌روه‌رده‌ی نـازداران شــــــه‌نـگ
ئاخـر سـه‌رئه‌نجـام جاش مـه‌بۆ نه ســه‌نگ

زینهـــار وه‌ی دونیـــای پـه‌لیـد ئـه‌خــزه‌ر
حــوب مـــاوه‌ر وه‌نه‌ش مــه‌به‌ده كــه‌مــه‌ر

چه‌ند ڕۆژێ وه مـێــهــر دونیـا شــاده‌نی
ئـاخـــر ســـه‌رئـه‌نجـــام ڕه‌نج وه باده‌نی

ئه‌ی دونیــای فــانی بێ وه‌فــای بێــهــوود
ســه‌رئه‌نجـام پووچ ســه‌رمــایه‌ی بێــسوود

مــه‌شــغــوڵ به زكــر ڕاگــه‌ی قــیـامــه‌ت
خــه‌م پیكه نـه ڕای قــیــامـــه‌ت قـامــه‌ت

تۆشـــەی قـیـــامـــەت پـەی وێت بکـەر جـەم
بەڵکەم جـــە مـــەحـــشـــەر نەوینـی ســتـــەم

گـۆشـــەگـیـری کـــەر پـەی وێت بە ڕاحـــەت
جـــــە ڕەنج دونیــــا ببـــــە فـــــەراغـــــەت

مـــــــەزانـی دونـیــــــا ئـێــــــدەن ئـەتـوارش
ئـەگـــــەر مـــــەردەنی مـــــەکـــــەر بازارش

هەنـی کـافـیـیـەن نـەسـیـحـەت بـەس بۆ
حـەرفێ کـافـیـیـەن ئـەر کـەسێ کـەس بۆ

بـە تەوفـــیـق حـــەق ڕەحـــیـم و ئـەرحــــەم
تـەمـــام بی کـــتـــاب زۆراب و ڕۆســـتــــەم

تەمـــام بـی داســـتـــان زۆراب و ڕۆســـتـــەم
هـەر کـــەس بوانـۆش مـــەبۆ دڵ مـــاتـەم

یا ڕەب بە حـــاجـــەت پێـــغـــەمـــبـــەرانت
ببـــەخـــشـــە گـونای بـەندەی عـوسـیـانت

بەندە ڕوو ســیـــا کـــەفـــتـــەی دەرگـــاتم
چەمــــەڕای ڕەحـــمـــەت دەفع زوڵمـــاتم

ئـەگـــەر نەبـەخـــشـی بەندەی ڕوو ســـیـــا
مـــائیـــوس مـــەمـــانۆ تـا یەومـــەل عـــەتا

ئیلتـــیـــجـــام ئـێـــدەن پادشـــای جـــەبار
بەبەخـــشـــە گـــونای جـــەمع گـــوناکـــار

خسووس ئەی مەجلیس جە پا تا وە سەر
سـەعـیـد و شـەقی ئەر خـەیر و ئەر شـەڕ

ســەغـیــر و کـەبیــر ئەنسـا و مـوزەکـەر
ببـــەخـــشـــە بە نوور پاک پێـــغـــەمـــبـــەر

عـەفـوکـەر گـونای مـەجلیس ئـەحـبـاب
کـــاتب و قـــاری (ســـامع - لکتـــاب)

فـــــردەوسـی توسـی دانـای پڕ فـــــەهـام
بـاعس ئـیـــجــــاد شــەهـنـامـــەی ئـەیام

هەم سـوڵتـان مـەحـمـوود غـەزنـەوەی مـقـام
عـەفـوی ڕەحـمـەت بان جـە یەومـەلقـیـام

دایـە و بـابـۆمـــان ئـەجــداد و ئوسـتـــاد
ڕۆحشـان بە ڕەحـمـەت ڕەحـمـان ببۆ شـاد

هــەزاران دروود هــەزاران ســـــــــــەلام
زمـــا بەر مـــوحـــمـــەد عـــەلـەیهـو ســـەلام

## ٣

## چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە دەقی شانامەی فارسی فیردەوسی و وەبەردانی لەگەڵ دوو دەقی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی کوردیدا

١. کورتەی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە دەقی شانامەی فارسی فیردەوسی

لێرەدا بۆ ئەوە تێگەیشتنێکی گشتیش لە سەر ئەوە چیّ ببیّ، کە لە شانامەی فیردەوسی دەقی فارسی لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا باسی چی کراوە. کورتەیەک لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب دەخرێتە بەر سەرەنج[٦٤٨]:

ڕۆژێک ڕۆستەم بۆ دەرکردنی غەم و خەفەت چوو بۆ ڕاو. لە سنووری خاکی تووران تیّ پەڕی، گۆڕێکی ڕاو کرد، برژاندی هەمووی خوارد و خەوی لیّ کەوت. سوارانی تورانی چاویان بە ڕەخشی ڕۆستەم کەوت، لەگەڵ ئەوەی ڕەخشەکە چەند کەسێکی لیّ کوشتن بەڵام ئاخرەکەی بە کەمەند گرتیان و لەگەڵ خۆیاندا برد.

کە ڕۆستەم لە خەو هەستا، ڕەخشەکەی نەمابوو. زین و کەرەستەی بەجێماوی ڕەخشەکەی لە کۆڵ کرد و بە شوێن ڕەخشدا گەڕا. ڕۆستەم شوێن پێی ڕەخشی بردە شاری سەمەنگان. لەویّ مەترسیی خستە بەر شای سەمەنگان ئەگەر بێتو ڕەخشەکەی بۆ پەیدا نەکا ئەوە لافاوی خوێن لەو شارە هەڵدەستێنیّ. بە پێچەوانەی توند و تیژییەکانی ڕۆستەم، شای سەمەنگان میواندارییەکی شاهانەی لە ڕۆستەم کرد و بەڵێنی پیّ دا ڕەخشەکەی بۆ پەیدا بکا. ئەو شەوە لە کۆڕی وەزیر و پیاوماقوڵانی تورانیدا ڕۆستەم بە بەزم و ڕەزم، گوێگرتن لە مۆسیقا و گۆرانی و شەراب خواردنەوە خەریک بوو. بە مەستی و ماندوویێتی چووە سەر جێگا و خەوی لیّ کەوت.

لە نیوەشەودا تەهمینە، کچی شای سەمەنگان کە ناوبانگی ڕۆستەمی فرە بیستبوو، هاوڕیّ لەگەڵ کارەکەرێک، چووە سەر جێگای ڕۆستەم و وەخەبەری هێنا و ئەڤین و خۆشەویستیی خۆی بۆ ئەو باس کرد. تەهمینەش کە لە جوانیدا کەم وێنە بوو، هەر زوو ڕۆستەم ئەڤینداری بوو. تەهیمنە داوای لە ڕۆستەم کرد، کە هەر ئەو شەوە لە باوکی خوازبێنیی بکا بەو هیوایە، کە منداڵێکی لە ڕۆستەم ببیّ.

---

٦٤٨. کورتەی ئەم چیرۆکە لە سەر ئەم نوسخەیەی شانامەی فیردەوسی وەرگیراوە: کتێبی "رستم و سهراب" بە هەوڵی "محمد حسین کنگرانی فراهانی" چاپی یەکەم ١٣٦٩، چاپخانەی سازمان تبلیغات اسلامی حوزە هنری.

هەر ئەو شەوە شای سەمەنگان داخوازیی ڕۆستەمی پەسەند کرد و ڕۆستەم و تەهمینە بوون بە ژن و شوو. بەیانی، کە ڕۆستەم دەیەویست بڕوا یاقووتێکی بە تەهمینە دا کە وەک نیشانەی ڕۆستەم ئەگەر کچ بوو لە قژی ببەستێ و ئەگەریش کوڕ بوو لە باسکی ببەستێ.

دوای نۆ مانگ تەهیمنە کوڕێکی بوو، کە ناوی نرا زۆراب. بەڵام کوڕ چ کوڕێک، لە سێ ساڵاندا گەمەی چەوگان فێر بوو، لە پێنج ساڵاند هاوێشتنی تیر و کەوان و لە دە ساڵاندا بوو بە پاڵەوانێک، کە ڕکەبەری بۆ پەیدا نەدەبوو. زۆراب باسی باوکی خۆی لە دایکی دەپرسێ و هاوکات پێشی ڕادەگەینێ ئەگەر بێتو ڕاستییەکەی پێ نەڵێ دەیکوژێ. ئەویش ڕاز و نهێنیی باوکی بۆ ئاشکرا دەکا و نیشانەکەی باوکی پێ دەدا بەڵام هاوکات زۆراب وشیار دەکاتەوە، کە لە بەر ئەوە ئەفراسیاب شای توران دوژمنایەتیی لەگەڵ ڕۆستەمدا هەیە نابێ ئەو بەم نهێنییە بزانێ، هاوکات ئەوەشی پێ دەڵێ هۆی ڕاگرتنی ئەم نهێنییە بێجگە لەمە ئەوەش بووە، کە ئەو نەچێ بۆ لای باوکی و ئەم بە تەنیا بەجێ نەهێڵێ.

کاتێک زۆراب زانی، کە باوکی وی ڕۆستەمە، بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر ئێران، لەوێ کەیکاوس شا لە سەر تەختی شایەتی لابەرێ و ڕۆستەمی باوکی لە جێگەی ئەودا دابنێ. دواتر لەولاوە بگەڕێتەوە سەر توران و ئەفراسیاب لە پادشایەتی بخا و بۆ خۆی لە جێگەی ئەو لە سەر تەخت دابنیشی.

زۆراب لەشکەرێکی پێکەوە نا، کاتێک ئەفراسیاب لەمە ئاگادار بوو ئەویش لەشکەرێکی گەورەی هاوڕێ لەگەڵ دوو پاڵەوانی تورانی، هومان و بەهرەمان وێڕای دیارییەکی زۆر نارد بۆ زۆراب. ناردنی لەشکەر و دیاری لە لایەن ئەفراسیابەوە پلانێکی شارەوە لە دژی زۆراب بوو نەک یارمەتی. چونکە ئەفراسیاب هاوکات ئامۆژگاری هەر دوو پاڵەوانی تورانی کرد، کە زۆراب و ڕۆستەم لە یەکتری ئاشکرا نەکەن. پیلانەکەش ئەوە بوو؛ دوای ئەوە ڕۆستەم بە دەستی زۆراب کوژرا، زۆرابیش لە خەودا بکوژن و بەو شێوەیە شەڕی ڕۆستەم لە سەر شا ئەفراسیاب و توران لە کۆڵ بکەنەوە.

زۆراب هێرش دەکاتە سەر ئێران و هەژیر پاسەوانی قەڵا سپی لە سەر سنوور لە شەڕێکدا لەگەڵ زۆراب بە دیل دەگیرێ. دواتر گوردئافەرید کچی کەژدەهەم فەرمانداری قەڵا دەچێتە شەڕی زۆراب و دوای شەڕیکی سەخت، ئەویش بە دیل دەگیرێ بەڵام، کە زۆراب بۆی دەرەکەوێ کچە، ئەڤینداری دەبێ و ئازادی دەکا. دوای ئەوە گوردئافەرید بە فێڵ خۆی لە دەستی زۆراب ڕزگار دەکا و دواتر لەگەڵ دانیشتوانی قەڵا بە شەو قەڵا بەجێ دێڵن و هاوکات لە نامەیەکدا کەیکاوس شا لە هێرشی سپای تورک ئاگادار دەکەن.

کە نامە بە کەیکاوس شا دەگا، بە پەلە گیو دەنێرێتە زابول لای ڕۆستەم، کە هەرچی زووە خۆی بگەیەنێتە لای شا. ڕۆستەم ب قسەکانی گیو لە سەر زۆراب تووشی سەرسوڕمان دەبێ بەڵام لە چوون بۆ بەهاناوەچوونی شا پەلە ناکا و دوای سێ ڕۆژ ڕابواردن و خواردنەوە ئاخرەکەی بۆ لای کەیکاوس وەڕێ دەکەێ.

کەیکاوس کە لە وەدرەنگەوتنی ڕۆستەم تووڕە بووە، فەرمان دەدا ڕۆستەم و گیو لە سێدارە بدرێن. ڕۆستەم بەم هەڵوێستەی شا زۆر تووڕە دەبێ و بە شا دەڵێ ئەگەر ڕاست دەکەی و ئەوەندە ئازای، ئەو دوژمنەی هاتووە بن دەرگاکەت (زۆراب) لە سێدارە بدە نەک من. کەیکاوس شا دواتر لە ناچاریدا پەژیوان دەبێتەوە و گۆدەرز ڕەوانەی لای ڕۆستەم دەکا و ئەویش قەناعەت بە ڕۆستەم دەکا بگەڕێتەوە.

سپای ئێران و توران لە بەرانبەر یەکدا ڕادەوستن. شەوێک ڕۆستەم جلی تورانی لە بەر دەکا و دەچێت زۆراب لە نزیکەوە دەبینێ بەڵام، لە کاتی گەڕانەوەدا زەندەڕەزم، کە لە لایەن تەهمینەوە سپێردرابوو ڕۆستەم و زۆراب لە یەکتری ئاشکرا بکا، دەکوژێ.

دواتر زۆراب دەیهەوێ کە هەژیر ڕۆستەمی پێ نیشان بدا بەڵام هەژیر لە ترسی ئەوە ڕۆستەم بە دەستی زۆراب بکوژرێ، لە پێناساندنی ڕۆستەم خۆی دەبوێری و ئەوی پێ نیشان نادا.

شەڕێکی دەستەویەخە لە نێوان ڕۆستەم و زۆرابدا دەست پێ دەکا. هەر دوو پاڵەوان هەموو هێز و وزەی خۆیان بە بەکارهێنانی نێزە، سەنان و شمشێر و گورز بەکار دەبەن. دواتر بە تیر و کەمان درێژە بە شەڕ دەدن. دوای ئەوە کەسیان ناتوانێ ئەوی دیکەیان ژێر بخا و بەسەریدا زاڵ بێت، هەرکامەیان هێرش دەکاتە سەر لەشکەری ئەوی دیکەیان و ژمارەیەک لە سوارانی هەر دوو لا دەکوژرێن. دوای ماوەیەک بە سەر خۆیاندا دێنەوە و ئەو جار درێژەی شەڕ هەڵدەگرن بۆ ڕۆژی دواتر.

شەو ڕۆستەم لە ترسی ئەوەی نەکا بە دەستی زۆراب بکوژرێ لە لای براکەی بە ناوی زەوارە وەسیەت دەکا. زۆرابیش لە هومان دەپرسێ ئەو پاڵەوانەی من ئیمڕۆ شەڕم لەگەڵدا کرد ببێ و نەبێ ڕۆستەم بوو. بەڵام هومان بە پێی ڕاسپاردەی ئەفراسیاب، ڕۆستەمی پێ ناناسێنێ.

ڕۆژی دواتر هەر دوو پاڵەوان دەست بە زۆرانبازی دەکەن. دوای ماوەیەک زۆراب دەتوانێ ڕۆستەم لە عەرز بدا و کاتێک دەیهەوێ سەری لە لەشی جوێ بکاتەوە ڕۆستەم پێی دەڵێ لە

ئاین و نەریتی ئێمەدا یەکەم جار کە پاڵەوان لە عەرز درا نایکوژن، دەیبەخشن و جاری دووەم دەیکوژن، هەر بۆیە زۆراب لە کوشتنی ڕۆستەم خۆی دەبوێرێ و ئازادی دەکا.

جارێکی دیکە ڕۆستەم و زۆراب دەست بە زۆرانبازی دەکەن، ئەمجارە ڕۆستەم، زۆراب لە عەرز دەدا و بە خەنجەر زگی هەڵدەدڕێ. زۆراب بە ڕۆستەم دەڵێ؛ ئەگەر باوکم ڕۆستەم ئاگادار بێ، کە کوڕەکەی زۆراب بە دەستی تۆ کوژراوە، ئەگەر ببی بە ماسی و لە دەریا خۆت ون بکەی یان ببێ بە ئەستێرە و خۆت لە ئاسمان حەشار بدەی ئەوە ڕۆستەم دەتبینێتەوە و لە تۆڵەی کوڕەکەیدا دەتکوژێ.

ڕۆستەم یەکسەر بێهۆش دەکەوێ و دوای ماوەیەک، کە وەخەر دێتەوە پێی دەڵێ؛ بزانم تۆ نیشانەیەکت لە ڕۆستەم هەیە؟ زۆراب باسکبەندەکەی، کە نیشانەی ڕۆستەمی پێوەیە نیشان دەدا. ڕۆستەم دەیهەوێ خۆی بکوژێ بەڵام گەورەکان ڕێگەی پێ ناندەن. دواتر زۆراب داوا دەکا سوارانی تورانی بە بێ ئەوەی تووشی کوشت و کوشتاری کەیکاوس شا بن، ڕەوانەی توران بکرێنەوە. ڕۆستەم داواکەی جێبەجێ دەکا.

ڕۆستەم لەو کاتەدا وەبیری نۆشداروویەک دەکەوێتەوە، کە لە لای کەیکاوس شا هەیە، هەر بۆیە گۆدەرز دەنێرێ و پێی دەڵێ؛ بە کاوس بڵێ ئەگەر تۆزێک لە چاکەکانی منی لە بەرچاو ماوە، کەمێک نۆشداروم بۆ زۆراب، کە لە سەرەمەرگدایە بۆ بنێرێ. بەڵام کەیکاوس شا لە ترسی ئەوە بە زیندوومانەوەی زۆراب، باوک و کوڕ تەخت و بەختی ئەو وێران بکەن، لە ناردنی نۆشداروو خۆی دەبوێرێ و زۆراب دەمرێ. بە بیستنی هەواڵی مردنی زۆراب، تەهمینەش لە بەر خەم و خەفەتان دوای ماوەیەک گیانی دەسپێرێ و دەمرێ و بەم شێوەیە چیرۆکی تراجیک و خەماوی ڕۆستەم و زۆراب کۆتایی دێت.

٢. جیاوازییەکان لە نێوان دەقی فارسی و کوردیی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا

لێرەدا هەوڵ دەدەم کورتەی دەقی فیردەوسی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب وەبەر دوو نوسخەی ئەمینی و گۆدەرزی بدەم و خاڵە جیاواز و هاوبەشەکانیان وەدەرخەم:

هاوکات هەر لێرەدا جارێکی دیکە ئەوەش وەبیر دێنمەوە بەهەمان شێوە، کە زۆر نوسخەی جیاوازی شانامەی کوردی هەیە، بە دەیان و سەدان نوسخەی جیاوازی شانامەی فیردەوسیش هەیە و هەتا ئێستا لانی کەم زیاتر لە ٥٠ نوسخە تۆمار کراون. هەر بۆیە ئەم وەبەردانەی من لێرەدا تەنیا ئەو نوسخە چاپییە لە داستانی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی فیردەوسی دەگرێتەوە، کە پێشتر لە پەڕاوێزی کورتەی داستانەکەدابە فارسی

ئاماژە بە ناوەکەی کرابوو[٦٤٩]. ئەوەی ناوەڕۆکی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە نوسخە سەرەکییەکان یان هاوپێچەکانی دیکەی شانامەی فیردەوسیدا بە جۆرێکی دیکە هاتبن، کە لەگەڵ ئاکامی ئەم باسەی من لێرەدا یەک نەگرێتەوە ئەوە پێوەندی بەم وەبەردانەی ناو ئەم کتێبەوە نییە.

## تایبەتمەندییە جیاوازەکان:

وەک لە کورتەی دەقی فارسیی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا هات، کرۆکی داستانەکە لە دەقە فارسی و کوردییەکاندا هەروەک یەک دەچن. لە زۆر شوێندا تەنانەت وردەکارییەکانی ناو داستانەکەش وەک یەک دەچن[٦٥٠]. بەڵام چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی کوردیدا هەروەک زۆربەی چیرۆکەکانی دیکەی شانامەی کوردی، کە هاوکات لە شانامەی فیردەویسدا هەن، لە فۆرم و ناوەڕۆکدا جیاوازن و دەکرێ بگوترێ پێناسەیەکی کوردییان هەیە. کاریگەریی مەزهەبی لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابی شانامەی کوردیدا پێناسەیەکی تایبەت بە شانامەی کوردی دەدا و هەر ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکانە، کە شانامەی کوردی لە هی فیردەوسی جیا دەکاتەوە. وەک جیاوازیی بەرچاو نەک تەنیا لە دەسپێک و لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا، کە دیارە ئەوانە دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی چیرۆکەکەوە و پاڕانەوەی مەزهەبی هەیە بەڵکو لە دەق و ناوئاخنی چیرۆکەکەدا ئاماژەیەکی زۆر هەن، کە هێما بۆ بیروبۆچوونی نووسەر یان بێژەری کوردیی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب دەکەن. بە گشتی ئەو ئاماژە مەزهەبییانەی، کە لە دەقە کوردییەکانی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابی کوردیدا هەن هیچ پێوەندییەکییان بە ناوەڕۆکی شانامەی فیردەوسییەوە نییە.

لە دەقی فیردەوسیدا پێشەکی چیرۆکەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکا:

کنون رزم سهراب رستم شنو
دگرها شنیدستی این هم شنو

٦٤٩. رستم و سهراب، محمد حسین کنگرانی فراهانی، چاپی اول ١٣٦٩، سازمان تبلیغات اسلامی حوزه هنری.

٦٥٠. لە کۆتایی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب نوسخەی ئەمینیدا لە دوو دێڕێکدا دانەری شانامە باسی زانای و تێگەیشتوویی فیردەوسی لە نووسینی شانامەدا دەکا:

فەردەوسی توس دانای پڕ فەهام
باعس ئیجاد شەهنامەی ئەیام

یکی داســـتـــان است پر آب چشم
دل نـازک از رســـــتم آید بـخـــــشـم

اگـر مـرگ داد است بیـداد چیـست
زداد این همـه بانگ و فـریاد چیـست

ازاین رازجـــان تـو آگـــاه نیــست
بدین پرده اندر تـو را راه نیـــــست

کنون رزم ســـهـــراب گـــویم درست
از آن کین کـه بـا اوپدر چون بجـست

له دەقە کوردییەکاندا، چیرۆکەکە بە مناجات و نزا و پاڕانەوە لە خودا دەست پێ دەکەن و ناو بەناو ناوی ئیمامانی شیعە و بیروباوەڕی مەزهەبی دانەری شانامەی کوردی تێکەهەڵکێشی چیرۆکەکان لە دەسپێک و کۆتاییدا کراوە. بێجگە لەوە لە نوسخەی کوردییەکاندا لە مناجات یان پارانەوەی ڕۆستەم لە یەزدان بە دەیان بەیت لە ناوئاخنی خودی چیرۆکەکەدا هەیە، کە هیچ پێوەندییەکیان بە دەقی فارسییەوە نییە. وەک نموونە باسی حەزرەتی ڕەزا ئیمامی هەشتەمی شیعەکان لە مەشهەد لە ئێران، شەهیدانی کەربەلا و ناوی ئەسپەکانی حەزرەتی مەحمەد کراوە. هێندێک چەمک و دەستەواژەی ئاینی ئیسلامی وەک بۆ نموونە وشەی "قەساس" لە باتی "تۆڵە" هاتووە، کە دیسان گوزارە لە باوەڕی مەزهەبیی دانەرانی شانامەی کوردی دەکەن، کە لە شانامەی فیردەوسیدا نین. لە لایەکی دیکەوە شوێنەواری ئاینی زەردەشتی، کە هێشتا بە دەقی فیردەوسییەوە ماوە لە دەقە کوردییەکاندا سڕاوەتەوە یان زۆر کەم ڕەنگ کراوە. وەک نموونە لە دەقە کوردییەکاندا لە باتی مۆبدی زەردەشتی لە شانامەی فیردەوسیدا وشەی وەزیر داندراوە:

بفـــرمـــود تا مـــوبدی پرهنر
بیـــاید بخـــواهد ورا از پدر

له کۆتاییی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا لە دەقی فیردەوسیدا، دوای ئەوە تەهمینە لە مەرگی زۆراب ئاگادار دەبێ دوای ساڵێک لە غەم و خەفەتی زۆرابدا دەمرێ و چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب کۆتاییی دێت. بەڵام لە زۆربەی دەقە کوردییەکاندا و لەم دوو دەقەی لێردا (نوسخەی گۆدەرزی و ئەمینی)، چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب بە مردنی زۆراب بە کۆتایی

نایەت. بەڵکو چیرۆکەکە درێژەی دەبێ. دوای ٤٠ ڕۆژ ئازیەتباری تەهمینە بە لەشکەرێکی گەورەوە دەچێتە شەڕی ڕۆستەم، دواتر بە نێوبژیوانی زاڵ تەهمینە ئاشتی لەگەڵ ڕۆستەمدا دەکا و دوای نۆ مانگ کوڕێکی دیکەیان دەبێ، کە ناوی دەنێن فەلامەرز "فەرامەرز" و بەو شێوەیە زنجیرەی پاڵەوانانی سام بەردەوام دەبێ. ئەمەش لە فەلسەفەی دونادونی ئاینی یارسانەوە سەرچاوەی گرتووە و زۆربەی چیرۆکەکانی دیکەش بە شێوەزاری گۆرانی هەمان کۆتایی چاوەڕێی چیرۆکەکان دەکا. لە لایەکی دیکەوە بەردەوامیی ژیان دوای مردنی زۆراب لە دەقی کوردیی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا لە خۆیدا حاڵەتی تراجیک و خەمهێنەری چیرۆکەکە لا دابا. هەر ئەمەش وا دەکا لە باری ناوەڕۆک و فۆرم و شێوازی داڕشتنی چیرۆکەوە دەقی کوردی لە دەقی فیردەوسی، کە وەک تراجیکترین چیرۆکی شانامە ناسراوە، جوێ بکرێتەوە. ئەمەش لە خۆیدا هەموو ڕەوتی فۆرم و داڕشتنی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی کوردیدا لە فیردەوسییەکەی جیا دەکاتەوە.

خاڵی جێگەی سەرەنج ئەوەیە لێرەدا کاریگەریی مەزهەبی شیعە و یارسان پێکەوە لە دەقە کوردییەکاندا دیارە.

لە لایەکی دیکەوە لە دەقی کوردیدا ڕۆستەم و تەهیمنە شەوێکی ڕۆمانتیک بەسەر دەبن کە لەودا باسی ماچ و دەست لەملکردن و مەمکگوشین کراوە، ئەمە بە درێژی لە دەقە کوردییەکاندا هاتووە، کە هەمان دەق لە فیردەوسیدا بە هەمان جوانی و دوورودرێژی نەهاتووە. ئەمەش وەک لایەنێکی دیکەی جوانکاری کوردیی شانامەی کوردی لە دەقی فیردەوسی دادەبڕێ. بەتایبەتی مۆرکێکی کوردەواری لە ژوان و پێکگەیشتنی دوو دڵدار لە دەقە کوردییەکاندا بەرچاوە.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم دەقە کوردییە ئەوەیە بە دەگمەن لە نێو ١٠٠٠ بەیتدا ڕەنگە تەنیا یەک دوو بەیتێک کە دەقاودەق وەک شانامەی فیردەوسی لە یەک بچن. وەکو دیکە هەموو چیرۆکەکە لە داڕشتن، فۆرم، شێواز، هەڵبژاردنی وشە، ئاماژە و دەستەواژە کاریگەرییەکی خۆماڵی و کوردەواریی پێوە دیارە.

ئەو دەگمەن بەیتانەی کە لە دەقە کوردییەکان و دەقی فیردەوسیدا وەک یەک دەچن:

فردەوسی: چنین است رسم سرای درشت
گهی پشت زین و گهی زین به پشت

کوردی: خەریک مەندە بی بیابان چۆڵ
گەهێ پشت بە زین گەهێ زین بە کۆڵ

فـــیــــردەوســی: کـــە تیـــزی و تندی نیـــاید بکار

بـنـرمـی بـرآیـد ز ســــــــوراخ مـــــــــار

کـوردی: بە تـوند و تیـژی کـار نە مـەبۆ مـەیسـەر

بـە لـەفـــز شـــیـــرین مـــار مـــەیۆ وە بـەر

فـــیـــردەوسـی: گـــر تـیـغ بـودی کنـون پـیش مـن

ســــــــرش کـنـدمـی چـون تـرنجـی ز تـن

کـــوردی: بـە یەزدان پـاک تیـــغێ مـــەشـــەندم

ســـەرت چـون ترنج جـــە تـەن مـــەکـــەندم

فیردەوسـی: چە کاوس پیشم چە یک مشت خاک

چـرا دارم از خـــــشـم کـــــاوس بـاک

کـــوردی: ئـەر مـن نـەترســـۆ جـــە یـەزدان پـاک

پـادشـــا جـــە لام وێنـەی مـــشـــتێ خـــاک

**وەبەردانی وردی دەقەکان:**

لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەم وەبەردانێکی وردی دەقی فـیردەوسی لەگـەڵ دوو دەقی چیـرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە نوسـخـەی گۆدەرزی و نوسخـەی ئەمینیدا بکەم. لە نوسخـەی گۆدەرزیدا (ن گ) وێکچـوونەکان زۆر بەرچاوترە، لە دەسپێکی داسـتانەکەوە هەتا کۆتایی وەک ڕەوتی ڕووداوەکـان لە چیـرۆکـەکـە، ناوەکـان و کـەسـایـەتیـیـەکـانی نـاو چیـرۆکـەکـە بە هـەندێک جیاوازییەوە وەک یەک دەچن. لە نوسخـەی ئەمینیدا (ن ئە) وێکچوونەکان بە هەمان شێوەی نوسخـەی گۆدەرزی نییە بێجگە لەوە چەند بەشێک و چەند ڕووداوێکی دیکە بە چیرۆکەکەوە زیاد کراوە، کە لە دەقی فـارسیی شانامەدا نییـە. لەم بەشـەدا هەوڵ دەدەم لە بەراوردکردنی هـەر دوو نوسـخـەکـەدا بە تایبـەت وێکچـوون و جیـاوازییـەکانی نێوان دەقی فـارسی و دەقـە کوردییەکان بەراورد بکەم.

یەکەم لێکچـوونێک کە لە بەراوردکردنی نوسـخە کوردییەکان و دەقی داسـتـانی ڕۆسـتـەم و زۆراب لە شـانـامـەی فـیردەوسـیدا وەبەرچاو دەکـەوێ، کەسـایەتـییـە سـەرەکـییـەکـانی نـاو چیرۆکەکە چ لە شانامـەی فێردەوسی و چ لە نوسخـە کوردییەکاندا زۆربەی کەسایەتییەکان بە بڕێک جـیـاوازییـەوە وەک یەک هـاتـوون. لە بەرەی تـورانی ئەم کـەسـایـەتیـانـە هەن:

ئەفراسیاب پادشای توران، زۆراب کوڕی ڕۆستەم، تەهمینە کچی پادشای سەمەنگان و دایکی زۆراب، هومـان و بارەمـان یان بەهرەمـان دوو پاڵەوانی تورانی و ژندەڕەزم یان ژندەڕەزم برای تەهمینە و خاڵۆی زۆراب. لە بەرەی ئێرانیدا کاوس یان کەیکاوس شا، ڕۆستەمی زاڵ، گیو، توس و گۆدەرز و هەژیر یان هەجیر چوار پاڵەوانی ئێرانی، کەژدەهەم یان کەستهەم فەرمانداری قەلا سپی و کچەکەی گوردئافەرید هەن.

لە نوسخە کوردییەکاندا لەگەڵ ئەوەی باسی داستانی شەڕی گوردئافەرید لەگەڵ زۆراب کراوە، بەلام ناوی گوردئافەرید نەهاتووە. لە باسی ژندەڕەزمدا لە نوسخەی ئەمینیدا وەک خاڵۆی زۆراب هاتووە بەلام لە نوسخەی گۆدەرزیدا ناوێک لە خاڵۆبوونی ئەوی تێدا نییە. لە کەسایەتییە لاوەکییەکانیشدا بۆ نموونە لە هەر دوو نوسخە کوردییەکەدا باسی ڕوودابە دایکی ڕۆستەمی زاڵ نەهاتووە بەلام لە شانامەی فیردەوسیدا باسی ڕوودابە کراوە، کە شینگێڕیی زۆراب دەکا.

هەژماری بەیتەکان لە نوسخە کوردییەکاندا لەگەڵ شانامەی فیردەوسی[٦٥١] جیاوازیی بەرچاویان هەیە. لە نوسخەی گۆدەرزیدا ٩٥٨ بەیت و لە نوسخەی ئەمینی ٨٣٠ بەیت. شانامەی فیردەوسی ئەو نوسخەیەی، کە لەم بەراورد کردنەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە، ١٤٣٥ دوو دێرە.

یەکەم جیاوازییەکی بەرچاو، کە لە نێوان دەقی فیردەوسی و دەقی کوردیدا ئەویش لە نوسخەی ئەمینیدا تووشی دەبین لە دەسپێکی چیرۆکەکەیە، کە لە ڕاستیدا ناوەڕۆکی دەقی کوردی لە فارسی جیا دەکاتەوە. لە دەقی کوردی نوسخەی ئەمینیدا هاتووە: تەهیمنە کچی پادشای سەمەنگان پێشتر لە خەودا ڕۆستەمی بینیووە و ئەڤینداری قەد و بالای بووە. هەربۆیە فەرمان بە سوارە و سەرباز و گزیری خۆی دەدا هەر جۆرێک بووە ڕەخشی ڕۆستەم بگرن و بیهێنن بۆ سەمەنگان، چونکە ئەو دەم ڕۆستەم ناچار دەبێ بە دوای ڕەخشەکەیدا بێتە سەمەنگان. ئەم دەرفەتەش کاتێک دێتە گۆڕێ، کە ڕۆستەم بۆ ڕاو نزیکی شاری سەمەنگان دەبێتەوە. ئەم بەشە لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب بە وشەش لە دەقی شانامەی فیردەوسیدا باسی نەکراوە. لە شانامەی فیردەوسیدا هاتووە، ڕۆستەم دوای خواردن خەوی لێ دەکەوێ، دەستەیەک لە سوارانی تورک بە وێدا تێپەڕ دەبن، کە بە

٦٥١. هەموو داستانی ڕۆستەم و زۆراب لە نوسخەی ژول مول و مەلەک شوعەرای بەهار ١٤٤١ بەیتە بەلام لە نوسخەی موسکۆدا ١٠٥٩ بەیتە بێجگە لەوە لە هەمان نوسخەدا ١٩٠ بەیتی دیکە لە پەراوێزدا و لە دەرەوەی چوارچێوەی چیرۆکەکە هەیە.

ڕێکەوت تووشی ڕەخشی ڕۆستەم دەبن. ڕەخشەکەیان زۆر پێ جوان و بەهێز دەبێ، هەربۆیە بە زۆر دەیگرن و دەیبەنەوە بۆ سەمەنگان بۆ ئەوە لە ماینی خۆیانی بپەڕێنن و ئەسپی جوانی لێ وەبەرهەم بهێنن.

لە دەسپێکی چیرۆکدا هەژماری سەربازانی کوژراوی تورانی بە دەستی ڕەخشی ڕۆستەم هەم لە دەقی فارسی و هەم لە دەقی نوسخەی کوردی گۆدەرزیدا ٣ کەسن بەڵام لە نوسخەی کوردیی ئەمینیدا ٥ کەس نووسراوە. لە نوسخەی هەم فارسی و کوردیی گۆدەرزیدا ڕەخشی ڕۆستەم لە پێشدا سەری کەسێک و دواتر سەری دوو کەس، سەرجەم سەری سێ سواری تورانی بە چەپۆڵە لە لەش کردووەتەوە، نەک سەری پێنج کەس وەک لە نوسخەی ئەمینیدا هاتووە.

دوای دزرانی ڕەخشی ڕۆستەم و بەکۆڵگرتنی زینی ڕەخش و وەرێکەوتن بۆ سەمەنگان لە هەر دوو نوسخە کوردییەکەدا باسی پاڕانەوەی ڕۆستەم لە یەزدان دەکرێ بۆ ماندووێتی و یارمەتیدانی. لە نوسخەی ئەمینیدا باس لەوە دەکرێ، کە ڕۆستەم لە بەر هێز و وزەی خۆی و لەبەر گرانیی بارەکەی کۆڵی و ڕۆچوون بە ناو عەرزدا داوا لە خوا دەکا، کە بڕێک لە وزەکەی وەربگرێ و لە کاتی پێویستدا وێی داتەوە. ئەمە لە دەقی فارسی و لە نوسخەی گۆدەرزیدا نییە.

بەڵام ئەمە لە شوێنی دیکەی شانامە لە باسی ڕۆستەمدا باس کراوە، کە ڕۆستەم لە بەر گرانایی لەشی بە هەر کوێیەکدا بڕۆیشتبایە هەتا ئەژنۆ لە نێو عەرز ڕۆ دەچوو ئەمەش وای کردبوو ڕێگەچوون ڕۆستەمی تووشی گرفت کردبوو هەر بۆیە داوا لە یەزدان دەکا کە بڕێک لە هێز و وزەی کەم بکاتەوە هەتا گرفتی لە ڕێگەچووندا نەیێتە پێش. بەڵام چۆن لە نوسخەی ئەمینیدا لەو بەشە لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا هاتووە جێگەی سەرەنجە چونکە جارێکی دیکە لە بەشی شەڕ لەگەڵ زۆرابدا، ڕۆستەم بۆ بەزاندنی زۆراب پێویستی بە هێز و وزەی زیاتر لەوەی خۆی هەیە، دەبێ هەر بۆیە داوا لە خوا دەکا ئەو هێزەی بە قەرز لای ئەوی دانابوو بۆی بگەڕێنێتەوە. هەروەها لە هەمان بەشی شەڕی دووەمی زۆراب و ڕۆستەم بەشێک بە ناوی مناجات و پاڕانەوە لە خوا بۆ سەرکەوتن بە سەر زۆرابدا لە لایەن ڕۆستەم هەیە، کە دیسان لە دەقە فارسییەکەدا نییە. بێجگە لەوە لە نوسخەی کوردیی گۆدەرزی لە مناجاتی ڕۆستەمدا چەند بەیتێک هەیە، کە هیچ پێوەندیی بە دەقی فارسییەوە نییە.

دواتر لە نوسخە کوردییەکاندا باسی کورسیی زەڕەنگار[٦٥٢] وەک کورسییەکی تایبەت کراوە، کە لە فارسییەکەدا بەو شێوەیە باس نەکراوە.

لە شانامەی فارسیدا ئەو شەوەی تەهمینە دەچێتە لای ڕۆستەم لە بەراورد لەگەڵ نوسخە کوردییەکاندا چەند جیاوازییەکی بەرچاو دەبیندرێ. لە دەقی فارسیدا تەهمینە لەگەڵ ژنە کارەکەرێک، کە شەمێکی بەدەستەوە گرتووە دەچێتە لای ڕۆستەم، لە نوسخە کوردییەکاندا ئەمە لە نوسخەی گۆدەرزیدا نییە بەڵام لە نوسخەی ئەمینیدا هەیە.

تەهمینە لە کاتێکدا کە کارەکەرێک بە تەنیشتییەوەیە و مۆمێکی بەدەستەوە گرتووە پێکەوە دەچنە ژووری تایبەتی ڕۆستەم و بە چوونە ژوورەوەی ئەوانیش ڕۆستەم وەخەبەر دێت.

لە شانامەی فیردەوسیدا هاتووە:

یکی بنده شمع معتبر بدست
خرامان بیامد به بالین مست

پس بند اندر یکی ماهروی
چو خورشید تابان پر از رنگ و بوی

ازو رستم شیردل خیره بماند
برو بر جهان افرین را بخواند

لە دەقی فارسیدا ڕۆستەم بە کرانەوەی دەرکەی ژوورەکەی وەخەبەر دێ و هەڵدەستێ بەڵام لە نوسخە کوردییەکاندا دوای ئەوە تەهمینە لە تەنیشتی ڕۆستەم کە خەوتووە، دادەنیشێ و دەست بە دەست و پێی یان ڕوومەتیدا دێنێ وە خەبەر دێ. دواتر لە دەقە فارسییەکەدا تەهمینە چەند هۆکارێک بۆ پێگەیشتنی ئەوان بە یەکتری و بەستنی پەیمانی ژن و شوویی لەگەڵ ڕۆستەم باس دەکا، کە لە دەقە کوردییەکاندا نین یان بە شێوازی دیکە هاتوون.

---

٦٥٢. لە دەقی لەکی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا ئاوا باسی "کورسی زەڕەنگا" کراوە: لە میوانداری پادشای سەمەنگاندا هەر کورسییەک بۆ ڕۆستەم دێن لە بەر گرانیی ڕۆستەم لە ژێریدا دەشکێ، ئاخەرەکەی تەختی زەرەنگار کە زۆر قایم و خۆڕاگر دەبێ بۆی ساز دەکەن و دەتوانێ لە سەری دانیشێ.
زبان و ادبیات، رشد آموزش زبان و ادب فارسی، زمستان ۱۳۸۷ – شماره ۸۸

لە فیردەوسیدا ئاوا هاتووە:

تو را ام کنون گر بخواهی مرا
بیند همی مرغ و ماهی مرا

یکی آنکه بر تو چنین گشته ام
رد را ز بهر هوا کشته ام

و دیگر که از تو مگر کردگار
نشاند یکی کودکم در کنار

سه دیگر که رخشت به جای آورم
سمنگان همه زیر پای آورم

چو رستم بدانسان پریچهره دید
ز هر دانشی نزد او بهره دید

دگر آنکه از رخش داد آگهی
ندید ایچ فرجام جز فرهی

هەروەها لە نوسخە کوردییەکاندا باسی ناردنی وەزیر بۆ لای باوکی تەهمینە کراوە، بەڵام لە دەقی فارسیدا باسی ناردنی موبدێکی زەردەشتی کراوە. دیسان لە نوسخەی کوردیی گۆدەرزیدا باسی ئەوە کراوە کاتێک ڕۆستەم دەنێرێتە لای شا و بەو شەوە وەخەبەری دێنن، ترسی لێ دەنیشێ و پاڵەوانان لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە نەکا ڕۆستەم بە تەمای کوشتنی بێت، ئەمە لە دەقی فارسی و هەروەها لە دەقی کوردیی ئەمینیشدا نییە.

لە نوسخەی کوردی ئەمینیدا باسی دزینی ڕەخشی ڕۆستەم وەک گەلاڵە و پیلانی تەهمینە دەکرێ بۆ ئەوە ڕۆستەم بەرەو سەمەنگان ڕاکێشێ، بەڵام ئەمە لە نوسخەی گۆدەرزی و لە دەقە فارسییەکەدا نییە. بەڵام بە سەرەنجدانێک لە وتووێژ و گفتوگۆی نێوان ڕۆستەم و تەهمینە وەک لە دەقی فارسی و نوسخەی گۆدەرزیدا هاتووە، تەهمینە بەڵێن دەدا ئەگەر هەموو سەمەنگانیش گەڕاوە ئەوە ڕەخشەکەی بۆ پەیدا دەکا دیارە پێش لەوە باوکی تەهمینە ئەو بەڵێنە بە ڕۆستەم دەدا، کە هەتا سبەینێ ڕەخشەکەی بۆ پەیدا دەکەن.

کـەوابێ وادەردەکـەوێ تـەهـمـینـە دەبێ پلانێکی شـاراوەی لـە ژێرسـەردا بووبێت بۆیـە بە تێراديتوویی بەڵێنی دیتنەوەی ڕەخشی ڕۆسـتـەم دەدا. هەر بۆیە لە نوسـخـەی ئـەمینیـدا دزینی ڕەخشی ڕۆستـەم وەک پیلانێک لە لایەن تەهمینەوە داندراوە و چەند بـەیتێکیش بۆ ئەوە تەرخان کراوە کە لە دەقە فارسییەکەدا نین.

جێگەی سەرەنجە لە کاتی ئامۆژگاریی ڕۆستەم پێش بـەجێهێشتنی تەهمینە لە نوسخەی کوردی گۆدەرزی و نوسخـەی بەهرامیشدا باسی ئەوە کراوە ڕۆستـەم بە تەهمینەی وتووە ئەگەر کوڕێکت بوو با ناوی "زۆراب" بێت، کـە دیارە ئەمە لە دەقی فـارسیی شـانامەدا نییە. هـەروەها لـە نوسـخـەی کـوردیی گـۆدەرزیدا لە ١٧ بەیت دیـالۆگـێکی دوور و درێژی نێـوان ڕۆسـتـەم و تەهـمـینـە هـەیە، کـە تـەهـمـینـە داوا لە ڕۆسـتـەم دەکـا بە جـێی نەهێـڵێ و لە لای بمێنێـتـەوە، ڕۆسـتـەمیش ئەم داوای تەهمینە بـە گـەوجی دادەنێ و دەڵێ پاراسـتـنی هـەموو خـاکی ئێران بە من سـپـێدراوە چۆن مـن دەتوانم دەسـتـبـەرداری ئەم ئەرکـە بم کـە خـراوەتە سەر شـانم. دیارە ئەمە لە شانامەی فێردەوسیدا بەو شێوەیە نەهاتووە.

لە دەقی فـارسـیی شـانامـەدا دوای گـەڕانەوەی ڕۆسـتـەم لە سـەمـەنگان باسی ئەوە کـراوە ڕۆستەم ڕاستە وڕاست دەچێتەوە بۆ سیستان بۆ لای زاڵ:

وز آنجـا سـوی زابلسـتـان کشـید
کسی را نگفت آنچه دید و شـنید

بەڵام لە نوسـخـە کوردییـەکاندا و لە نوسخـەی گۆدەرزیدا باسی ئەوە کراوە ڕۆسـتـەم لە پێشدا دەچێتە لای کـەیکاوس شا، داستانی چوونی خۆی بۆ ڕاو، دزینی ڕەخش و چوون بۆ سـەمـەنگانی دەگێـڕێتـەوە، کـە دیارە باسی تـەهـمـینـە ناکات، دواتر دەچـێتـەوە بۆ زابول و سیستان.

لە دەقی نوسـخـەی گـۆدەرزیدا هـاتووە ڕۆسـتـەم چەند باری ئەسپ جـەواهێر و بەردگـەلی قیمـەتی و هـەژمـارێک یاقووت و گـەنجـینەی گرانبـەهار ڕەوانەی تـوران کرد بەڵام لە دەقی فارسیدا تەنیا باسی سێ دانە یاقووت و سێ بەردی زێر دەکرێ لەگەڵ نامەیەکدا، کە دیارە لە دەقە کوردییەکاندا باسی نامە نەکراوە. لە نوسخەی ئەمینیدا باسی شکاندنی دەرکەی خەزێنە و ناردنی چەند دانە یاقوتێک کراوە، دیارە لەوێشدا ئاماژە بە هەژمار نەکراوە.

کـە زۆراب لە دایک دەبێ لـە دەقـەی کوردیـی گـۆدەرزیدا لە لە بەشـی ڕەوتی گـەورەبوونی زۆرابدا دەقی فارسی و نوسخـە کوردییەکان بە هێندێک جیاوازییەوە وەک یەکن. بۆ نموونە

له دەقی فارسی لە بەیتێکدا ئەوە هاتووە، کە زۆراب زۆرێکی وای هەبوو ئەسپی لە کاتی غارداندا بە گرتنی کلکی ڕادەگرت، ئەمە لە نوسخە کوردییەکاندا نییە.

دواتر جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان بەسەرهاتی پرسیارکردنی زۆراب لە سەر باوکی لە تەهمینە لە نێوان دەقە فارسی و کوردییەکاندا هەیە. لە هەر دوو دەقە کوردییەکەدا واهاتووە کە هاوتەمەنەکانی زۆراب بە زۆر و باهۆی ئەو ئێرەییان بردووە، چونکە کەس نەیتوانیوە هاوشان و هاوتای ئەو بێت بۆیە جارێک کەسێک پێی وتووە تۆ زۆڵی و کەس نازانێ کوڕی کێت و باوکت کێیە[٦٥٣]. ئەمە لە دەقە فارسییەکەدا نییە. تەنیا ئەوە هەیە زۆراب ڕووهەڵماڵاوانە "گستاخ" دەچێتە لای دایکی و پێی دەڵێ ئەگەر ڕاستیی باوکم پێ نەڵێی دەتکوژم.

گـر ایـن پرسش از مـن بماند نـهـان
نمـانم تـرا زنـده انـدر جـهـان

لە وەبەردانی دەقە کوردییەکان و دەقی فیردەوسیدا چۆنیەتیی ئاگاداربوونی زۆراب لە چیرۆکی نێوان ڕۆستەم و تەهمینە جێگەی سەرەنجە، کە جیاوازی لە نێوان دەقی کوردی و فارسیدا هەیە. لە دەقی کوردیدا زۆراب کاتێک دەبینێ لە هاوتەمەنەکانی خۆی زیاترە و هێز و توانایەکی زۆرتری لەوان هەیە، ئەوان ئێرەیی پێ دەبەن و دوای شەڕ و سەرشکاندنیان، زۆراب بەرۆکی تەهمینە بگرێ و ڕاستیی باوکی لێ بپرسێت، ئەویش باسی ڕۆستەم وەک پاڵەوانێکی بەنێوبانگ دەکا، کە هاوکات شا ئەفراسیاب لە توران دوژمنایەتیی دەکا و هەر بۆیە ئەفراسیاب نابێ ئەمە بزانێت. بەڵام لە دەقی فارسیدا هاتووە کاتێک زۆراب خۆی لە هاوتەمەنەکانی بەهێزتر دەبینێ، ئەمە بۆی دەبێتە مەتەڵ و

---

٦٥٣. لە دەقی لەکیی داستانی ڕۆستەم و زۆرابدا ئاوا هاتووە: ژنێک کە کوڕەکەی بە دەستی زۆراب دەکوژرێ لەبەر ترسی بنەماڵەی تەهمینە ناوێری بە ئاشکرا باسی بکا بەڵام لە کاتی شینگێری و لاواندنەوە کوڕەکەیدا بە لاوە باسی ئەوە دەکا لە بەختی ئێمە کەسێک کوڕی ئێمەی کوشت کەس نازانێ باوکێ کێیە و لە چ پشتێکە؟ زۆراب دوای بیستنی ئەم قسانە دەچێتە لای دایکی و ناچاری دەکا نهێنیی باوکی بۆ بدرکێنێ:

بابوت رووسەمە و باپیرت زاڵە
نیشونی بابۆت یک دونە لاڵە

زبان و ادبیات، رشد آموزش زبان و ادب فارسی، زمستان ١٣٨٧ – شماره ٨٨

پرسیار دەکا گەلۆ دەبێ ئەو لە کامە بن و بنەچە و کامە ئەسڵ و نەسەب بێت.

دواتر دوای ئەوەی تەهمینە چیرۆکی ڕۆستەم بۆ زۆراب دەگێڕێتەوە، باسی دوو هۆکار دەکا، کە هەتا ئێستا ئەمەی بە نهێنی ڕاگرتبوو یەکەم لەبەرئەوە تەهمینە نەیویستووە زۆرابی لێ دوور بکەوێتەوە و بچێ بۆ لای ڕۆستەم دووەم ئەوە تەهمینە زانیویەتی ئەفراسیاب شای توران دوژمنایەتیی لەگەڵ ڕۆستەمدا هەبووە و مەترسیی ئەوەی داناوە بەڵایەک بە سەر زۆرابدا بێنێ، بێجگە لەوە لە دەقی فیردەوسیدا دیسان وشیاری بە زۆراب دەدرێ، کە نابێ ئەفراسیاب بەم نهێنییە بزانێ. دیارە لە دەقە کوردییەکاندا باسی ئەمە نەکراوە.

دگر گفت: افراسیاب این سخن
نبـــاید بداند ز ســـر تا بە بن

کە او دشمن نامور رستم است
بە توران زمین زو همـــە مـاتم است

لە دەقە کوردییەکان و لە دەقی گۆدەرزیدا باسی ئەوە کراوە، کە تەهمینە فەرمانی کۆکردنەوەی لەشکەری بۆ زۆراب داوە، کە ئەمە لە دەقە فارسییەکەدا بەو شێوەیە نەهاتووە. دواتر لێرەدایە، کە مەسەلەی ژندەڕەزم خاڵۆی زۆراب لە نوسخەی کوردیی ئەمینیدا دێتە بەر باس و تەهمینە براکەی ژندەڕەزم ڕادەسپێرێ زۆراب و ڕۆستەم لەیەکتری ئاشکرا بکا نەکا یەکیان بە دەستی ئەویان بکوژرێ.

دواتر لە دەقە کوردییەکاندا بە درێژی باسی داستانی کۆکردنەوەی ئەسپ و تاقیکردنەوەی زۆراب بۆ هەڵبژاردنی ئەسپێکی باش بۆ شەڕ کراوە، کە لە دەقە فارسییەکەدا بەو شێوەیە نییە.

کە دارم یکی کرە رخشش نژاد
بە نیرو چو شیر و بە پویە چو باد

دیارە لە دەقە فارسییەکەدا تەنیا باسی دیتنەوەی ڕەخش کراوە و لێرەشدا مەبەست لە ئەسپێکە لە تۆوی ڕەخشی ڕۆستەم بەڵام لە دەقە کوردییەکاندا بە تایبەت لە نوسخەی گۆدەرزیدا بە درێژی باسی ئەوە کراوە چۆن ئەو شەوەی ڕۆستەم لە سەمەنگان بووە لەگەڵ ماینێکی بەفاڵدا جووت بووە و ئێستا لە جووتبوونە ڕەخشێک هەیە. زۆرابیش لە نێو

هەموو ئەسپەکانی سەمەنگاندا تەنیا ئەو ئەسپە پەسەند دەکا کە لە ڕەخشی ڕۆستەم پەیدا بووە.

لە دەقی فیردەوسیدا کاتێک خەبەر بە ئەفراسیاب پاشا دەگا، کە زۆراب لەشکەری کۆکردووەتەوە و خەریکە هێرش بکاتە سەر ئێران، ئەفراسیاب پاشا لە نهێنیی پێوەندیی باوکایەتی نێوان ڕۆستەم و زۆراب ئاگادارە، کە ئەمە لە نوسخە کوردییەکاندا بەو شێوەیە نەهاتووە.

هنوز از دهان بوی شیر آیدش
همی رای شمشیر و تیر آیدش

چو افراسیاب این سخنها شنود
خوش آمدش و خندید وشادی نمود

به گردان لشکر سپهدار گفت
که این راز باید که ماند نهفت

پسر را نباید که داند پدر
ز پیوند جان و ز مهر گهر

مگر کان دلاور گو سالخورد
شود کشته بر دست این شیرمرد

چو بی رستم ایران به دست آوریم
جهان پیش کاوس تنگ آوریم

وزان پس بسازیم سهراب را
ببندیم یک شب بدو خواب را

دواتر کاتێک زۆراب بەرەو ئێران وەڕێ دەکەوێ و لە ئاوی جەیحوون دەپەڕێتەوە و خەبەر بە ئەفراسیاب شا دەگا، لە دەقە کوردییەکەی گۆدەرزیدا باسی ناردنی سی هەزار سەرباز کراوە بەڵام لە دەقە فارسییەکەدا باسی ناردنی دوازدە هەزار سەرباز کراوە.

هەروەها لە دەقە فارسییەکەدا باسی نامەیەکی ئەفراسیاب شا بۆ زۆراب دەکرێ، کە لەودا هانی دەدا هێرش بکاتە سەر ئێران و دواتر ئەویش لەشکەرێکی سێسەد هەزار

کەسی ئامادە دەکا و ئەویش بە دوای ئەواندا هێرش دەکاتە سەر ئێران، کە ئەمە لە دەقە کوردییەکاندا نین.

دواتر لە دەقە فارسییەکەدا باسی ئەوە دەکرێ چۆن زۆراب لە ڕێگا هەتا دەگاتە قەڵا سپی لە ئێران چۆن گوندەکانی سەر ڕێگا دەسووتێنێ، کە ئەمە لە دەقە کوردییەکاندا نییە.

سوی مرز ایران سپە را براند
همی سوخت ز آباد چیزی نماند

لە دەقی کوردیی نوسخەی ئەمینیدا زۆراب لە ڕێگای بەرەو قەڵا سپیدا عاشقی کچە جوتیارێک دەبێ و هەر لەوێ زەماوەند دەکا، کە ئەمە نە لە نوسخەی کوردیی گۆدەرزی و نە لە دەقی فارسی شانامەی فیردەوسیدا هەیە. لە نوسخەی ئەمینیدا هاتووە؛ هێشتا زۆراب ناگاتە ناو خاکی ئێران کاتێک لە شوێنێک خەریکی حەوانەوە و پشوودانن، خەبەر بە زۆراب دەگا کچە جوتیارێکی جوان هەروەک مانگی چواردە لەم نزیکانە دەژی. دۆستانی زۆراب ئەوەندە باسی جوانیی کچەکە لای زۆراب دەکەن ئەویش دەچێتە سەر ئەو کانیەی کچە جوتێرەکە بۆ ئاوهێنان هاتووچۆی دەکا. زۆراب کە کچە جوتیار دەبینێ یەکجێ ئەڤینداری دەبێ و لە باوکی خوازبێنیی دەکا. کچ لە زۆراب مارە دەکەن. زۆرابیش هەر وەک باوکی ڕۆستەم تەنیا شەوێک لە لای بووک دەمێنێتەوە، زۆراب ئەنگوستیلەیەکی خۆی بەجێ دێڵێ و بەرەوە ئێران وەڕێ دەکەوێ. دواتر ئەو کوڕێکی دەبێ کە ناوی دەنێن بەرزو فلاوەند. جێگەی سەرەنجە لە شانامەی کوردیدا داستانێک بە ناوی بەرزوو فلاوەند هەیە، کە ئەم داستانە لە شانامەی فیردەوسیدا نییە بە هەمان شێوەش زۆربەی پاڵەوانەکانی چیرۆکەکەش لە شانامەی فیردەوسیدا نین[٦٥٤].

دواتر لە دەقە فارسییەکەدا باسی قەڵا سپی وەک قەلایەکی قایم و خۆڕاگری سنووری ئێران دەکرێ و هەروەها فەرمانداری قەڵا کەسێکە بە ناوی کەژدەهەم، کە لە دەقە کوردییەکاندا باسی ناکرێ. لە دەقە کوردییەکە نوسخەی گۆدەرزیدا ئاوا باس دەکرێ کە

٦٥٤. دەقی تەواوی چیرۆکی بەرزو فەلاوەندە لە شاهنامەی هەورامی کۆکردنەوەی مەحمەد ڕەشید ئەمینیدا هەیە. ئەم چیرۆکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکا کە ئەفراسیاب شا "بەرزو فەلاوەند" کوڕی زۆراب هەروەک باوکی زۆراب ڕەوانەی شەڕ لەگەڵ ڕۆستەم، کە دەبێتە باپیری دەکا و بەو شێوەیە چیرۆکێکی پڕ لە حەماسە و کارەساتی دیکە لە شانامەی کوردیدا لە دایک دەبێت.

پاڵەوانی قەڵا کەسێکە بە ناوی هەژیر، لە لایەن گۆدەرزی کەشوادەوە دانرابوو. لە دەقە فارسییەکەدا فەرمانداری قەڵا کەژدەهەم یان کەستهەمە. دواتر کاتێک هەژیر دەچێتە شەڕی تورکان هەم لە دەقە کوردی وهەم لە دەقە فارسییەکەدا باسی دیالۆگێکی نێوان زۆراب و هەژیر دەکرێ بەڵام لە دەقە فارسییەکەدا باسی ئەوە دەکرێ زۆراب بە هەژیری وتووە وا دیارە زۆر باوەڕت بە زۆر و بازووی خۆتە، کە بە تاقی تەنیا هاتوویتە شەڕی من بەڵام ئەمە لە دەقە کوردییەکاندا نییە. دواتر لە کاتی شەڕی نێوان هەژیر و زۆرابدا، لە دەقە فارسییەکەدا هاتووە کاتێک هەژیر وەبن دەکەوێ و لەو کاتەی زۆراب دەیهەوێ سەری لە لەش جوێ بکاتەوە، ئەویش دەپاڕێتەوە و زۆراب لە کوشتنی خۆش دەبێ. دیارە ئەمە لە دەقە کوردییەکەدا نییە و تەنیا باسی ئەوە دەکا دەست و لاقی دەبەسترێ و ڕەوانەی لای هومان دەکرێ، کە دیارە ئەمەش لە دەقە فارسییەکەدا هاتووە بەڵام دوای ئەوە هەژیر دەپاڕێتەوە و زۆراب لێی خۆش دەبێ.

هەم نوسخەی کوردیی گۆدەرزی و هەم لە شانامەی فارسیی فیردەوسیدا باسی شەڕی نێوان گوردئافەرید و زۆراب کراوە، کە لە کاتی شەڕ و گرتنی گوردئافەرید و دوای ئەوە ئاشکرا بوو پاڵەوانی بەدیلگیراو کچە، نەیکوشت و عاشقی بوو. لێرەدا گێڕانەوەکە یەکن بەو جیاوازییە، کە لە هەر دوو نوسخە کوردییەکەدا ناوی گوردئافەرید نەهاتووە، هاوکات لە نوسخەی کوردییەکاندا باسی ئەوە کراوە هەرکامە لەو تیرانەی گوردئافەرید بە زۆرابیەوە نا و پیکای تەنیا پەیکانی تیرەکان ٣ مەن قورساییان هەبوو، کە ئەمە لە دەقی فارسی شانامەدا نییە.

فیردەوسی ئاوا باسی گەردئافەرید دەکا:

زنی بود بر سان گردی سوار
همیشه به جنگ اندرون نامدار
کجا نام او بود گردآفرید
که چون او به جنگ اندرون کس ندید
چنان ننگش آمد ز کار هجیر
که شد لاله رنگش به کردار قیر
نهان کرد گیسو به زیر زره
بزد بر سر تاج رومی گره

جیاوازییەکی دیکەی گەورە لێرەدا ئەوەیە لە نوسخە کوردییەکاندا هەژیر و گوردئافەرید وەک خوشک و برا و هەردووکیان کوڕ و کچی کەژدەهەم هاتوون، دیارە بە بێ ئەوەی ناوی کەژدەهەم هاتبێ بەڵام هاوکات هەر لە ناساندنی هەژیردا لە کاتی شەڕ لەگەڵ زۆراب وەک کوڕی گۆدەرزی کەشواد هاتووە، کە ئەمەی دواتریان ڕاستە و لە دەقە فارسییەکەی شانامەشدا وایە. بە پێی شانامەی فیردەوسی، کە دیارە ئەویش لە دەقە کۆنەکانی دیکە وەرگیراوە. هەژیر کوڕی گۆدەرزی کەشواد[٦٥٥] و برای گیو و ٧٩ برای دیکە بووە، کە هەموویان پاڵەوان بوون و کوڕی گۆدەرزی کەشواد بوون.

هەروەها لە شانامەی فارسیی فیردەوسیدا باسی ئەوە کراوە کاتێک لەشکەری توران دەچێتە نێو قەڵا سپی و بە چۆڵکراوی دەیبینن زۆراب لە چوونی گوردئافەرید پەرێشان دەبێ و چەند ڕۆژ هەروا تێ دەپەڕی، کە هومان لەمە ئاگادار دەبێ و هەوڵ دەدا گوردئافەرید لە سەری زۆراب دەربکا و دەڵێ ئێمە بە ئاسانی قەڵامان گرت و بۆ شەڕ هاتووین و دەبێ درێژە بە شەڕ بدەین و بیری گوردئافەرید لە خۆت دوور بخەوە.

توئی مرد میدان این سروران
چە کارت بە عشق پری پیکران
اگر خفتە ای زود برجە بە پای
و گر خود بپائی زمانی مپای

هومان بە زۆراب دەڵێ: تۆ پەیمانێکت لەگەڵ ئەفراسیاب بەستووە، کە دەبێ هەتا سەر وەفادار بەو پەیمانە بمێنیتەوە. ئەگەر سەرکەوتی ئەوە هەموو کەس لە دەورت کۆ دەبنەوە. بە دوای ئەم قسانەی هوماندا جارێکی دیکە زۆراب پەیمان نوێ دەکاتەوە. کە دیارە هەموو ئەم قسە و باسانەی نێوان زۆراب و هومان لە نوسخە کوردییەکاندا نین.

لە هەر دوو دەقە کوردی و فارسییەکەدا هاتووە کاتێک گیو نامەی کەیکاوس شا دەبا بۆ ڕۆستەم و لە هاتنی زۆراب ئاگاداری دەکا. ڕۆستەم باسی ئەوە دەکا کوڕێکی لە کچی پادشای سەمەنگان هەیە بەڵام ئەو هێشتا منداڵە. بەڵام لە دەقی کوردیی گۆدەرزیدا ئەوەشی لێ زیاد کراوە ئەگەر زۆراب بێت و هێرشی کردووە و هەژیری بە دیل گرتووە ئەوە

٦٥٥. دیارە بە سەدان ساڵ و زۆر بەر لە شانامەی فیردەوسی لە ئەوێستادا باسی گۆدەرز و بنەماڵەی گۆدەرز وەک بنەماڵەیەکی ناسراو و پاڵەوان کراوە.

بێگومان به شۆخی ئەو کارەی کردووه، که دیاره ئەمه له دەقی فیردەوسیدا نییه.
له فیردەوسیدا ئاوا هاتووه:

از آزادگـــان این باشـــد شگفت
ز ترکـــان چنین یاد نتـوان گـرفت
من از دخت شـــاه سـمنگان یکی
پســـر دارم و هست او کــــودکی
هنوز آن نیــــاز دل و جــــان من
نه مرد مصاف است و لشکر شکن
همی میـخـورد با لب شـیـر بوی
شود بی گمان زود پرخاشجوی

له دەقی فارسیی شانامەدا دوای ئەوەی کەیکاوس شا له ڕۆستەم توڕه دەبێ و فەرمان به توس دەدا له سێدارەی بدا هاتووه، که توس هەڵدەستێ و ڕۆستەم پێی وابووه دەیهەوێ فـەرمـانی کـاوس بەجێ بگەینێ، هەر بۆیه لێی دا و نەخشی زەویی کرد بەڵام له دەقه کوردییەکاندا به شێوەیەکی دیکه هاتووه و باسی شک و گومان نەکراوه بگره هاتووه، که توس دوای مۆڕەکردنەوه له ڕۆستەم و گرتنی پشتێندەکەی دەیەویست بیباته دەرەوه و له داری بدا هەر بۆیه ڕۆستەم لێی دا.
له دەقی فردەوسیدا قسەکانی کەیکاوس شا ئاوا هاتووه:

کـه رستم کـه باشد کـه فرمان من
کند پست و پیـچـد ز پیمـــان من
اگـــــر تیغ بودی کنون پیش من
ســـرش کندمی چون ترنجی ز تن
بگیــــرش ببـــر زنده بر دار کن
وزو نیــز مگشـــای بر من ســخن
ز گـفـتـار او گـیـو را دل بخـست
کـه بردی به رسـتم برآنگونه دست
برآشـــفت و با گـیـــو و با پیلتن
بدو خـیـره مـــانده همــه انجــمن

بفـرمـود پس گـوس را شـهـريار
کـه رو هر دو را زنده بر کن به دار
بشـد گـوس و دست تهـمتن گـرفت
بدو مـانده پرخـاشـجـويان شگفت
کـه از پيش کـاوس بيـرون برد
مگر اندر آن تيـزی افـسـون برد
تهـمتن بزد دست بر دست گـوس
تو گـفـتـی ز پيل ژيان يافت کـوس

له دەقی فارسیدا له هەمان شەڕ و دەمەقاڵەی نێوان ڕۆستەم و کەیکاوس شادا ئاماژە بە چەمکی کۆیلە کراوە، کە لە دەقە کوردییەکاندا نییە. ئەگەرچی ناوەڕۆکی هەر دوو دەقە کوردی و فارسییەکە وەک یەکن بە تایبەتی ئەوەی، کە ڕۆستەم بە شا دەڵێ تۆ هیچ نەبووی من تۆم کرد بە شا، ئێستاش چ شا و چ مستێک خۆڵم بەلاوە یەکە.

چه کاوس پيشم چه يک مشت خاک
چرا دارم از خـشم کـاوس باک

بەڵام ڕاست ئەو دێرە کە لە دەقە فارسییەکەدا هاتووە ئەوەیە من کۆیلەی تۆ نیم من تەنیا کۆیلەی یەزادنم، لە دەقە کوردییەکاندا نییە.

چـه آزاردم او نـه مـن بـنـدهام
يـکـی بـنـده آفـريـنـندهام

دواتر کە ڕۆستەم دەڕوا لە هەر دوو دەقە کوردی و فارسییەکەدا باسی گرفت و غەمباریی پاڵەوانانی ئێرانی دەکرێ. لە دەقە فارسییەکەدا چەند بەیتێکی جیاوازتر هەیە.

غـمين شـد دل نـامـداران همـه
کـه رستم شبان بود و ايشان رمـه

دیارە ئەمەش تایبەتمەندییەکی دەقە کوردییەکانە ئەگەرچی لە ناوەڕۆکدا لە زۆر شوێن هەر وەک دەقەکەی فیردەوسی دەچن بەڵام بە دەگمەن لە نێو هەموو شانامە کوردییەکان چەند بەیتێک هەبن دەقاودەق وەک هی فیردەوسی بچن. شاعیرانی کورد بە پێی زەوقی

خۆیان بێجگە لەوەی لە ناوەڕۆکیشدا لە چەند جێگایەک گۆڕانکارییان کردووە، وەکو دیکە سەربەستیی تەواو لە دووبارە داڕشتنەوەی دەقە کوردییەکاندا هەبووە. بەو حاڵەشەوە وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا چەند بەیتێک لە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابی شانامەی کوردیدا دەبیندرێن دەقاودەق وەک هی فیردەوسی دەچن.

کاتێک زۆراب هەژیر بانگ دەکا و دەیهەوێ پاڵەوانانی ئێرانی پێ بناسێنێ. لە ناساندنی گۆدەرز لە دەقی فیردەوسیدا باسی گۆدەرز وەکو سەرلەشکەری ئێرانی کە ٨٠ کوڕی هەیە و هەموویان پاڵەوانن کراوە بەڵام لە دەقی کوردیی گۆدەرزیدا باسی ٧٧ کوڕی گۆدەرزی کردووە، کە ئێستا لە لای دانیشتوون. وەک لە هەر دوو دەقی فارسی و کوردیدا دەبیندرێ هەمیشە هەژمارەکان وەک یەک نین و کەم و زیادیان هەیە.

دواتر کە لە درێژەی خەبەرپرسینی زۆرابدا هەژیر دێتە سەر ڕۆستەم لە دەقی شانامەی فیردەوسیدا هاتووە دەڵێ وەک بیستوومە ئەوە پاڵەوانیکە لە چینەوە هاتووە. زۆراب وتی ناوی چییە، هەژیر وتی نازانم. دووجار زۆراب پرسی ناوی چییە؟ بەڵام هەژیر وەڵامی نەدایەوە و تەنیا وتی ئەوە پاڵەوانێکە لە چینەوە هاتووە. زۆرابیش لای خۆیەوە نیشانەی ئاڵای ڕۆستەم، کە ئەژدیهای پێوەیە و لە دایکی بیستبوو، دەبینێ بەڵام باوەڕی نەدەکرد کە ڕۆستەم بێت. لە دەقە کوردییەکەدا ئەمە بە شێوازێکی دیکە هاتووە و هەژیر دەڵێ ناوی ئەو پاڵەوانەم لە بیر نەماوە، ئەوەندە دەزانم لە وڵاتی بوخاراوە هاتووە. وەک بیستوومە هاوڕێ لەگەڵ چەند هەزار شەڕکەری ئازا بە هانا و کۆمەکی شای ئێرانەوە هاتووە.

لە وتوویژی نێوان زۆراب و هەژیردا هێندێک جیاوازیی دیکە نێوان دەقە کوردی و شانامەی فیردەوسیدا وەبەرچاو دەکەون. لە دەقی فیردەوسیدا هاتووە زۆراب وتی تۆ باسی هەموو پاڵەوانێکت کرد ڕۆستەم نەبێ، چۆنە ڕۆستەم سەرلەشکری ئێرانی لێرە نەبێت؟ چۆنە لە شەڕێکدا کاوس بۆ خۆی هاتووە، ڕۆستەمی لێ نییە؟ زۆراب وتی ئێستا بەهارە و کاتی گوڵستان، ڕەنگە ئەو لە زابولستان بێت و بەهار لەوێ بەسەر ببا. لە دەقە کوردییەکەدا باسی ئەوەی کەیکاوس بۆچی لێرەیە و ڕۆستەم نییە نەکراوە هەروەها تەنیا باسی ئەوە کراوە ڕەنگە ئێستا ئەو لە گەشتوگوزار و ناو گوڵستان بێت، ئیتر باسی سیستان و شوێنی بوونی ڕۆستەم نەکراوە. لە دەقی فیردەوسیدا بە درێژی باسی ئەوە کراوە کە بۆچی هەژیر ناوی ڕۆستەم ئاشکرا ناکا و هاتووە: هەژیر وتی زۆراب ئەوەندە باسی ڕۆستەم دەکا دەبێ بە تەمای کوشتنی بێت، ئەگەر ڕۆستەم بکوژرێ کێ بەرگری لە کاوس و لەشکەری ئێران بکا؟ باوکی من ٨٠ کوڕی هەیە، وەک گیو، بهرام، رهام،

شیدوش، کە من بکوژریم شتێک ناقەومێ و خۆی دەکاتە قوربانی مانەوەی ڕۆستەم و ئێران.

لە شانامەی فیردەوسیدا ئاوا هاتووە:

پس از مرگ من مهربانی کنند
زدشمن بکین جان ستانی کنند.
چنین دارم از موبد پاک باد
نباشد چو ایران تن من مباد

لە دەقە کوردییەکەدا ئەو وردەکارییانەی فیردەوسی بە هەمان شێوە نەهاتوون. بە دوای ئەمەدا لە دەقی فیردەوسیدا هاتووە هەژیر بە ڕۆستەم دەڵێ: تۆ چ قینێکت لە ڕۆستەم هەیە؟

گفت این چه آشفتن است
همه با من از رستمت گفتن است

هەرچیت لە دەست دێت بیکە، من بکوژە، بەڵام تۆ ڕۆستەم نابەزێنی. لەگەڵیدا ڕووبەڕوو ببی بە زیندوویی ناگەڕێیتەوە. زۆرابیش پشتە دەستییەکی لێ دا و نەخشی عەرزی دەکا. بەڵام لە دەقە کوردییەکەدا زۆر جار ناوی هەژیر بە "هەژیری شووم" هاتووە، کە ئەمە لە دەقی فیردەوسیدا نییە. لە هەمووش گرینگتر لە دەقە کوردییەکەدا دوای ئەوەی زۆراب لە بیستنی ناوی ڕۆستەم لە هەژیر هیوابڕاو دەبێ یەکسەر هەژیر لە قەڵا حەوادەداتە خوارەوە و هەژیر دەکوژێ و ئیتر داستانی هەژیری گۆدەرزی کەشواد لەم چیرۆکەدا بەکۆتایی دێت بەڵام لە دەقی فیردەوسیدا هەژیر ناکوژرێ و دواتر لە ڕەوتی داستانی رۆستەم و زۆرابدا لە چەند شوێنێکی دیکەدا سەر هەڵدەداتەوە.

لە دەقی فیردەوسیدا دوای کوژرانی ژندەڕەزم، زۆراب هەمان شەو بۆ بەرزکردنەوەی وردەی سەربازە تورکەکان فەرمان دەدا وێرای قایمکاری و دانانی کێشک لە بەزم و ڕەزمی خۆیان نەکەون و درێژە بە خواردنەوە و بەزمی خۆیان بدەن، کە ئەم بەشەی دوایی لە دەقە کوردییەکاندا نییە. لە دەقی فیردەوسیدا ئاوا هاتووە:

اگر گم شد از بزم من ژندەرزم
نیاید همی سیر جانم ز بزم

به هومــان بفـرمـود تـا می خـوریم
هـمـــه لشکر غم ز می بشکریم

بۆ ڕۆژی دوایی، زۆراب به تەنیا هێرش دەکاتە سەر لەشکەری ئێران و یەکسـەر دەچێتە سـەر خێمـەی کـەیکاوس شـا. کە ئەمـە وەک ڕیزبەندیی زۆر پێشـتـر لە نوسخـەی کوردیی شانامـەدا هـاتووە، بێجگە لەوە لێرەشدا هێندێک جیاوازیی بەرچاو لە نێوان دوو نوسخـەی کوردی و فارسیدا هـەیە. بۆ نموونە کاتێک زۆراب هێرش دەکاتە سـەر خێمەی کەیکاوس شا مـێـخی خـەیمەکـەی هـەڵدەکـەنێ و بەشـێک لـە بارەگـاکـەی دەڕووخـێـنـێ دەڵێ ئەو شـەوەی ژندەڕەزم کوژرا سوێندم خوارد کەیکاوس بکێشمە دار.

کــز ایران نمانم یکی نامــدار
کنـم زنده کــاوس شـــه را بدار

لە دەقی کـوردیدا یەکـەم باسی ژندەڕەزم نەکـراوە. دووەم نـاوی ئەو پاڵاوانـانەی زۆراب ناویـان دێنێ و دەیـهـەوێ بێنە شــەر لە دەقی کـوردیدا نین وەک گــیـو، گــۆدەرز، توس و فەریبورز کوڕی کەیکاوس شا. سێهەم لە باتی هەڵکەندنی ٧٠ مێخی خێمەی کەیکاوس شا لە دەقی گۆدەرزیدا ٨٢ مێخ و لە دەقی ئەمینیدا ٥٠ مێخ هەڵدەکەندرێ.

دواتر لە دەقی فیردەوسیدا هاتووە کەیکاوس وتی با بەپەلە کەسێک بچێتە لای ڕۆستەم، کە ئەم تورکـە (زۆراب) ئێرەی وێران کردووە و لە ناودار و پاڵەوانەکانیش کەس نییە بچێتە شـەڕی. توس چوو بۆ لای ڕۆسـتـەم و ئەوەی کەیکاوس وتبووی و ئـەوەی بۆ خـۆی بە چاوی خۆی دیبوو بۆ ڕۆسـتەمی گێرایەوە. ڕۆسـتەم بە توسی وت: پادشـایانی کەیانی منیـان هـەم بە بەزم و خۆشـی و هـەم بۆ شەڕ بانگهێشتن دەکرد بەڵام وا دیـارە کاوس شـا تەنیـا منی بۆ شــەڕ گـەرەکـە. ئەمـە لە دەقـە کـوردییـەکـەدا بەو شـێـوە نەهاتووە. یەکـەم لە باتـی توس لە فـیـردەوسـیدا لە کوردیدا گـیو چووەتە لای ڕۆسـتـەم، دووەم لە کـوردییـەکەدا باسـی دیسـان وەدرەنگ کـەوتـنی ڕۆسـتـەم کـراوە، کـە لە دەقی فـیـردەوسـیدا نـیـیـە. لە نوسـخـەی کـوردیی گۆدەرزیدا ئاوا هـاتووە: کەیکاوس بە پەلە و دەسـتـبـەجێ گیوی بە شوێن ڕۆسـتەمدا نارد و وتـی: پاڵەوانێکی گـەنجی دەست و پەنجە قەوی هـاتووە، کەس توانای بەربەرەکانیی لەگەڵدا نییە مەگەر تەنیا هەر ئەو بیکوژێ.

لە دەقی کوردیدا تەنیا جارێک لە هەموو چیرۆکەکەدا تووشـی ناوی زەوارە دەبین ئەویش

نەک وەک برای ڕۆستەم. بەڵام لە دەقی فیردەوسیدا زەوارە، کە برای ڕۆستەمە لە چەند شوێندا ناوی دێت. لە دەقی فیردەوسیدا ڕۆستەم بەر لەوەی بچێتە شەڕی زۆراب لە لای زەوارە وەسیەت دەکا و دەڵێ: من سبەی بەیانی دەچمە شەڕ، لە نێوان دوو لەشکەردا دوو فەرسەخ ڕێگایە، تو بەیانی زو ئالاکە، کەرەستەی شەڕم لە بن خێمەکە بۆ ئامادە بکە، ئەگەر لە مەیدانی شەڕ سەرکەوتم ئەوە وەدرەنگ ناکەوم و دەگەڕێمەوە. ئەگەر هەتا خۆرئاوا نەهاتمەوە ئەوە کوژراوم، بەڵام شین و زاریم بۆ مەکە و قین و تووڕەش مەبە. هیچ کەس لە ئێوە نابێ بچێتە مەیدانی شەڕ و لەگەڵ تورانییەکان شەڕ بکا، یەکسەر بگەڕێتەوە لای زاڵ و چیرۆکی کوژرانەکەی بۆ بگێڕەوە.

چنین بود فـرمـان یزدان پاک
و گـردد به دست جـوانی هلاک

دڵخۆشیی دایکم بدەوە و پێی بڵێ خەفەت نەخوا:

به مـادر نگوئی همـه راز خـویش
که هنگام شـادی چه آید به پیش
بـروز جــوانـی به زندان شـــوی
بر این خـانه مـسـتـمندان شـوی
نگوئی چه آمـــد به پیش از پدر
چرا بـر در یدت بدین ســان جگر
...
اگـر ســال گـردد فـزون از هزار
همین است راه و همین است کار

به زاڵیش بڵێ کەیکاوس لە بیر نەکات و ئەگەر پێویستی هەبوو، لە شەڕدا یارمەتیی بدا. دەقی ئەم وەسیەتە لە دەقی کوردیدا نییە.

دواتر لە هەژماری شەڕەکانی نێوان ڕۆستەم و زۆرابدا لە دەقی فارسی و کوردی جیاوازی هەیە. لە دەقی کوردیدا تەنیا ئاماژە بە دوو شەڕ کراوە، شەڕی یەکەم کە ڕۆستەم بە عەرزدا دەدرێ و لەو کاتەی زۆراب دەیهەوێ بیکوژێ ڕۆستەم فێڵی لێ دەکا و خۆی رزگار دەکا، لە شەڕی دووەمدا زۆراب وە بن دەکەوێ و ڕۆستەم دەیکوژێ. لە دەقی

شانامەی فیردەوسیدا هاتووە: دوای شەڕی یەکەم، زۆراب بە بە هومانی وت ئەوەی، کە ئیمڕۆ لەگەڵ مندا شەڕی کرد هەر وەک من دەچوو، بالآی و سەر و بیچمی. وەک ئەوە وا بوو ئێمەیان وەک یەک دروست کردبێت. هەر کاتێک دەبینم سەیرە ڕەحمی ئەو دەچێتە دڵمەوە، هەموو ئەو نیشانانەی دایکم داویەتی لە ئەودا هەیە. شکم هەیە ڕۆستەم بۆ خۆی بێت. ئەگەر ئەو بێت من چۆن دەتوانم شەڕی لەگەڵدا بکەم. هەتا ئێرە بە بڕێک جیاوازییەوە لە دەقە کوردییەکەدا هەیە بەڵام دواتر فیردەوسی لە درێژەدا دەنووسێ: هومان بە زۆرابی وت: من چەند جار لەگەڵ ڕۆستەمدا شەڕم کردووە، ڕۆستەم نییە، ڕەخشی ڕۆستەم لە کوێ ئەسپی ئەم کابرایە لە کوێ؟ ئەم قسانەی هومان لە دەقە کوردییەکەدا نین. لە دەقی فیردەوسی لە باسی شەڕی دووەمدا هاتووە: بەیانی زۆراب چووە مەیدانی شەڕ و بە دەم پێکەنینەوە بە ڕۆستەمی وتی دوێنێ شەو چۆن خەوتی؟ چۆن هەستای؟ ئەو تیر و شمشێرەت فڕێ بدە و با لە ئەسپەکان پیادە ببین، لەگەڵ یەک دانیشین و لەگەڵ خوای خۆمان پەیمان ببەستین، کە ئیتر پێکەوە شەڕ نەکەین، وەرە ناو و ڕەگەزی خۆت بۆ من باس بکە.

زنام تو کردم بسی جستجوی
نگفتند با من تو با من بگوی

لە دەقە کوردییەکەدا تەنیا ئاوا هاتووە: ئیمڕۆ پرسیار و باس و خواسێکی زۆرم لەگەڵ تۆدا هەیە. ئەگەر تۆ ڕۆستەمی ناوی خۆت بڵێ، با ئیمڕۆ لە مەیدانی شەڕدا بە دەستم نەکوژرێی. هەر لێرە لە دەقی فیردەوسیدا هاتووە زۆراب وتی ئەی پیاوی پیر هیواداربووم بە مەرگی سروشتی بمری بەڵام ئێستا تۆ ئەوەت دەوێ با وا بێت. ئەمە لە دەقە کوردییەکەدا نییە. هەر دوو لە ئەسپ دابەزین، هەوساری ئەسپەکانیان بە بەردەوە بەستەوە، هەردووکیان بە دڵێکی غەمگینەوە دەستیان کرد بە زۆرانبازی، شەڵاڵی عارەقە بوون. دواتر زۆراب لە نەکاو ڕۆستەمی بەعەرز دا.

چو شیر دمنده زجا در بجست
کمر بند رستم گرفت و کشید
یکی نعره بر زد پر از خشم و کین
بزد رستم شیر را بر زمین

زۆراب چووە سەر سینگی، خەنجەری بن پشتێندی کێشا تا سەری ڕۆستەم لە لاشە

جـوێ بکاتەوە، ڕۆسـتـەم وتی لە ئاینی ئێمـەدا نەریت وا نیـیـە. زۆراب لە ڕۆسـتـەم دوور کەوتەوە. دواتر هومان پێی وت: تازە شێری گیراوت بە دەستی خۆت ڕزگار کرد. زۆراب لە وەڵامدا وتی هیچ نییە بەیانی بە زنجیرکراوی دەیهێنمە بەر دەستت. دیارە ئەم دێرانەی دوایی لە نوسخە کوردییەکەدا نییە. دوای ئەوە ڕۆستەم بە فێڵ لە دەستی زۆراب ڕزگاری دەبێ دەچێ و لە یەزدان دەپاڕێتـەوە. لە دەقی فـیـردەوسـیـدا باسی پاڕانەوە و دواتر پەسەندکردنی خواستی ڕۆستەم لە لایەن خواوە کراوە:

همـان زور خـواهم کـز آغاز کـار

مـــرا دادی ای پاک پروردگـــار

دواتر لە دەقی فـیـردەوسـیـدا هاتووە دوای ئەوە یەزدان زۆرەکـەی هەوڵ جـاری بۆ گەڕاندەوە، ڕۆستەم سواری ڕەخش بوو و گەڕایەوە مەیدانی شەڕ. زۆراب وتی ئەی پاڵەوان تۆ تازە لە چنگی شێر ڕزگارت بووبوو، تۆم بە بە پیریت بەخشی، بەڵام وا دیارە جارێکی دیکە گەڕایەوە. دوبارە لە ئەسپ دابەزین و ئەسپەکانیان بە بەرد بەستەوە، پشتێندی یەکترینیان گرت. ڕۆستەم توانی قژی زۆراب بگرێ و بە توندی بۆ خوارەوەی ڕابکێشی، پشتی خوار کردەوە، دای بە عەرزدا، تیغی هەڵکێشا و زگی زۆرابی دڕاند، زۆراب ئاخێکی هەڵکێشا و کەوت. زۆراب هاتە زمان وتی: گەردوون کلیلی مەرگی منی بە تۆدا دەنا تۆ بێ تاوانی، ئەم جیهانە پیرە ئاوا زوو منی بە گەنجی کوشت، هاوتەمەنەکانی من ئێستا خەریکی یارین و منیش ئەوا ئێستا لە خاکدا کەوتووم. لە دەقە کوردییەکەدا ئەم قسانەی زۆراب نییە. دواتر زۆراب لە دەقی فیردەوسیدا درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ: بەڵام ئەگەر تۆ ببی بە ماسی و لە دەریا ون ببی و ببی بە ئەستێرەی ئاسمانان لە دەستی بابم ڕزگارت نابێ. لە دەقی کوردیدا ئاوا هاتووە: ئەگەر خۆت دەکەی بە باڵندە و بە ئاسماناندا دەفڕی ئەوە بە کڵافەی کەمەند دەتهێنێتە خوار. لە درێژەی دەقی فیردەوسیدا کەمێک دواتر هاتووە: زۆراب وتی من دەمرم و کاری تورانییەکانیش تێک چووە، تۆ نەهێڵە سپای توران بە دەستی کاوس قەڵتوبڕ بکرێ چونکە ئەوان بە خاتری من هاتوون و لەم شەڕە بەشدارن، من بە تەما بووم تۆ لە سەر تەخت دابنێم نەمزانی بە دەستی تۆ دەکوژرێم. هەژیر لای منە زۆر پرسیارم لێ کرد تۆی پێ ئاشکرا نەکردم، نیشانەکانی دایکم لای تۆ دی بەڵام چارەنووس وابوو.

چنینم نوشته است اختر به سر
که من کشـتـه گردم بدست پدر

له چیرۆکی ڕۆستـەم و زۆراب دەقی فیردەوسیدا یەکەم کەس، کە دەچێتە لای ڕۆستەم لە دوای کوژرانی زۆراب، زەوارە برای ڕۆستـەمە، بەڵام لە دەقە کوردییـەکاندا باس لە زەوارە ناکرێ و باسی ئەوە کراوە، کە پاڵەوانگەلی وەک گیو گۆدەرز و بەهرام دەچنە لای ڕۆستەم.

لە دەقــە کـوردییـەکـەدا باسی ئەوە کـراوە زۆراب داوای لە ڕۆســتـەم کـردووە نەهێـڵـێ کەیکاوس شا هێرش بکاتە سـەر سپای توران بەڵام ئەوەی لە دەقی فیـردەوسیدا بەدرێژی باسی کـراوە، وەک هۆکاری هێـرش نەکردن لە دەقـە کـوردییـەکـەدا نییـە. لـە درێژەی دەقـە فارسـییەکەدا هاتووە: ڕۆستەم گەڕایەوە لای سپای ئێران، لە هاتنی خۆشـحاڵ بوون بەڵام هەمـوو گـیـانی تۆز و خـۆڵاوی بوو، بە وانی وت نـەچن بۆ شـەڕی ئێـران. زەوارە چووە لای ڕۆسـتـەم، رۆسـتـەم هاواری کرد کوڕەکەی خۆم بـە دەستی خـۆم کوشتـووە، بە زەوارەی وت بچـێـتـە لای هومـان پێی بڵێ شـەڕ لە نێوانمـاندا نەمـاوە، هومـان بە زەوارەی وت خـەتای هـەژیری شـووم بووە ڕۆسـتـەمی بە زۆراب ئاشکرا نەکرد، ئێسـتا دەبێ هـەژیر لە باتی ئەوە سـەری ببڕدرێ. زەوارە گەڕایەوە قـسـەکانی هومـانی گێڕایەوە، رۆسـتـەم هـەژیری گرت و خـەریک بوو بیکوژێ، کە پاڵەوانانی ئێـرانی نەیانهـێـشت. هەمـوو ئەم قـسـانـە، بێجگە لە گەڕانەوەی ڕۆستەم بە سەروسەتکی خۆڵاوییەوە هیچی دیکە لە دەقە کوردییەکەدا نییە، لە دەقە کوردییەکەدا هـەژیر چەند ڕۆژ لەمەوبەر کوژراوە، زەوارەی برای ڕۆستەمیش نییە، کە هەواڵی شـەڕنەکردن بگەیەنێتە سپای تورک و قسەکانی هـومان بێنێتەوە بۆ لای ڕۆسـتەم. دواتر لە دەقە کوردییەکەدا ئەوەی کە زۆراب بە ڕۆسـتـەم دەڵێ نەهێڵێ کەیکاوس شا توخنی سپای توران بکەوێ و کەسێک بنێری بۆ لایان، کە بەرەو توران پاشەکشە بکەن زۆر دواتر زۆراب لە دواهەناسەکانی ژیانیدا بە ڕۆستەمی دەڵێ.

لە درێژەی چیرۆکەکەدا لە دەقـە فـارسـییـەکـەدا هـاتووە ڕۆسـتـەم گۆدەرزی بۆ نۆشـداروو نـاردە لای کـاوس شـا. کـاوس پێی وت مـەگـەر لە بیـرت کـردووە زۆراب چۆن هـات و خـەریک بوو بمکوژێ. لە بیرت چوو زۆراب خەریک بوو لە دارم بدا.

از ایرانیـــان ســر ببــرم هزار
کنم زنده کـــــاوس کی را بدار

لە دەقە کوردییەکەدا ئەو بەشە لە قسەکانی کەیکاوس شا کە ڕوو بە ڕۆستەمی کردووە هەیە بەڵام وەک لە دەقە فارسییەکەدا باسی زۆراب کراوە، لەوێ نییە. دوای ئەوە کەیکاوس شا لە دانی نۆشداروو خۆی دەبوێرێ، لە دەقە فارسییەکەدا هاتووە: ڕۆستەم بۆ خۆی چوو بەڵام لە ڕێگای چوون بۆ لای کاوسدا بوو خەبەریان بە ڕۆستەم دا زۆراب گیانی سپارد[656]. ئەمە لە دەقە کوردییەکەدا نییە. لە دەقی فیردەوسیدا باسی ئەوە کراوە لە دوای مردنی زۆراب، کاوس چووە لای ڕۆستەم پێی وت: هەموو کەس لە جیهاندا دەمرێ کەسێک زووتر و کەسێک درەنگتر، من کە ئەو پاڵەوانەم لە دوورەوە دیت وتم ئەمە لە تورک ناچێ. ڕۆستەم پێی وت لەگەڵ تورکاندا شەڕ مەکە، کاوس وتی ئەگەر تۆ شەڕ لەگەڵ ئەواندا نەکەی، ئێمەش نایکەین. ئەمەش لە دەقە کوردییەکەدا نییە.

دوای پاشەکشەی هەر دوو سپای ئێران و توران، و دواتر گەڕانەوەی تەرمی زۆراب بۆ زابول لە دەقی فیردەوسیدا باسی ڕوودابە دایکی ڕۆستەم دەکرێ چۆن شینگێڕیی زۆراب دەکا، کە ئەمە لە دەقە کوردییەکەدا نییە و لە هیچ شوێنێکدا تووشی ڕوودابە ناو نابین.

لە کۆتاییی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە دەقی فیردەوسیدا، دوای ئەوە تەهمینە لە مەرگی زۆراب ئاگادار دەبێ دوای ساڵێک لە غەم و خەفەتی زۆرابدا دەمرێ کە لە دەقە کوردییەکاندا ئەمە نییە. لە دەقە کوردییەکاندا دوای ٤٠ ڕۆژئازیەتباری، تەهمینە بە لەشکەرێکی گەورەوە دەچێتە شەڕی ڕۆستەم بەڵام بە ناوبژیوانیی زاڵ، تەهمینە ئاشتی لەگەڵ ڕۆستەمدا دەکا و دوای نۆ مانگ کوڕێکی دیکەیان دەبێ ناوی دەنێن فەرامەرز.

---

٦٥٦. لە دەقی شانامەی لەکیدا گێڕانەوەیەکی دیکە هەیە: کاتێک ڕۆستەم زگی زۆرانی دڕی و زانایان وتیان تەنیا چارەسەری ئەوە چل شەو ورۆژ بە کۆڵەوە هەڵی بگری بە بێ ئەوە شوێنیک لە جەستەی زۆراب وەرعەرز بکەوێ، ڕۆستەم بۆ ڕزگاریی زۆراب ئەم کارە دژوارەی کرد بەڵام لە ڕۆژی ٣٩هەمیندا، ئەهەریمەنێک لە شێوەی ژنێک لە سەر چۆمێک دەردەکەوێ، کە خۆی بە شوشتنی دەوارێکەوە خەریک کردووە، ڕۆستەم پێی دەڵێ ئەوە خەریکی چیت؟ ژنەکەش دەڵێ ئەم دەوارە ئەوەندە دەشۆم کە سپی بێتەوە، ئەویش دەڵێ هەی نەزان چۆن ڕەش، سپی دەبێتەوە، ئەویش دەڵێ ئەی ئینسانی مردوو چۆن زیندوو دەبێتەوە؟ ئەمە وادەکا ڕۆستەم تووڕە ببێ بە دەستێک زۆراب بگرێ و بەدەستەکەی دیکەی پیرەژنەکە هەڵبگری و بە عەرزیدا بکوتێ و بیکوژێ. لەو کاتە پێی زۆراب لە عەرز دەخشی و دەمرێ. دیارە ئەم گێڕانەوەیە نە لە دەقی فیردەوسی و نە لە دەقە کوردییەکانی دیکەی وەک نوسخەی ئەمینی و گۆدەرزیدا نییە.
زبان و ادبیات، رشد آموزش زبان و ادب فارسی، زمستان ١٣٨٧ – شماره ٨٨.

ئەمەش لە خۆیدا بەشێکی سەربەخۆیە لە شانامەی کوردی و بەدوای بەخاکسپاردنی زۆرابدا دێت بە ناوی "چوونی تەهمینە بۆ شەڕی ڕۆستەم"، کە لە شانامەی فیردەوسیدا نییە.

٤

# وەبەردانێکی سەرەپێی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب بە کرمانجیی ژووروو لەگەڵ دەقە کوردییەکانی دیکە و دەقی فارسی فیردەوسیدا

## ١ . پاشخان:

خوێندنەوەیەکی تایبەت لە ئەدەبیاتی کرمانجی سەروو لە سەر چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب هەیە. چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لەم ساڵانەی دواییدا لە لایەن خوەرشید میرزەنگی[٦٥٧] کراوەتە ڕۆمان و بە کرمانجیی ژووروو بە پیتی لاتین بڵاو کراوەتەوە. ئەم داستانە لە سەر بنەمای چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی فیردەوسیدا جارێکی دیکە داڕێژراوە و نووسەر بە پێی زەوق و تێڕوانینی خۆی و لە شێوازێکی نوێدا چیرۆکەیەی داڕشتووە. ئەو نووسەرانەی باکوری کوردستان، کە باسی ڕۆستەم و زۆراب دەکەن، زۆر بە تێڕادیتوویییەوە ڕۆستەمی زاڵیان بە کورد زانیووە. وتنێکی زارەکی ناسراویش لە باکوری کوردستان هەیە دەڵێ: "ڕستەم بە ئەسلێ خوە کوردە". شاعیر و نووسەری کوردی واش لە باکوری کوردستان هەن ناسناوی "زاڵ" باوکی ڕۆستەمیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. شاعیری ناسراوی کوردیش جگەرخوێن لە زۆر شیعردا باسی ڕۆستەمی زاڵی وەک کورد کردووە. " کا فەرەیدوون؟ کا درەفش، تاخا کایان لە کوویە، کا گوهدەرز و کا ڕستەم، کا ئەو مەیدان لە کوویە؟ لە شیعرێکی دیکەدا جگەرخوێن لە سەر ڕۆستەم دەڵێ: "ئەم گۆهدەرزین، سەربلندین، دەڤچرێنین، وەک ڕستەم بدەن دەنگ".

سەعیدی نورسی کوردیش لە "ڕەسالەی" نووردا باسی ڕۆستەمی زاڵی وەک کورد کردووە، بەڵام گۆیا لە چاپی دواتری رەسالەی نووردا بە زمانی تورکی ناوی کورد بە ڕۆستەمی زاڵەوە سڕاوەتەوە. بێجگە لەوەش دەزانین کە شەرەفخانی بتلیسی[٦٥٨] لە شانامەدا باسی ڕۆستەی زاڵ و بنەماڵە و بنەچەی ئەو وەک کورد دەکا. لە شەرەفنامەدا هاتووە: لە نێو دیرۆکی کوردانددا پاڵەوان و قارەمانێکی وەک ڕۆستەمی ئیبن زاڵ دەرکەوتووە، کە لە سەردەمی کەیقوبادی کەیانیدا ژیاوە. ئەو مێرخاسە لە هەرێمی زابولستان لە دایک بووە، هەر بۆیە بە ناوی ڕۆستەمی زابولی بەناوبانگە. نووسەری شانامە، فیردەوسی ئەو وەک کورد ناودێر دەکا.

---

657. Risteme Zal, Roman, Xursîd Mîrzengî,Wesanen Rewsên

658. Serefname, Serefxan Werger: M. Emîn Bozarslan, Wesanên Deng

به دوای گەڕان بە شوێن سەرچاوەی کرمانجیدا لە سەر داستانی ڕۆستەم و زۆراب، هەر دوو بەرگی کتێبی " زارگوتنا کوردا"م[٦٥٩] لە کۆکردنەوەی ئۆریخانێ جەلیل و جەلیلێ جەلیل وەدەست کەوت. لە بەرگی دووەمی ئەم کتێبەدا داستانێک بە ناوی "ڕۆستەم و جەنگلێمە" هەیە. بەڵام جێگەی سەرەنجە ئەم چیرۆکە تەنیا ناوی ڕۆستەمی زاڵە و هیچ پێوەندییەکی بە ئەو ڕۆستەمە زاڵەی لە شانامە کوردییەکان یان دەقی فیردەوسیدا باس کراوە، نییە. لێرەدا ڕۆستەم پاڵەوانێکە تەنانەت لە زابولیش واتە وڵاتی خۆی ناناسرێ. ڕۆژێک ئەسپەکەی ڕۆستەم بە ناوی ڕەخشی بەڵەک هەڵدێ و دەچێتە شاری زابول (هەمان شاری ڕۆستەم)، ڕۆستەمیش ئەسپ لە ماڵە مەزنی شارەکە بە ناوی مەسیخان پەیدا دەکا، دواتر مەسیخان بە ڕاوێژ لەگەڵ وەزیر و گزیر کچەکەی خۆی بە ناوی فەرەنگ شەهابی دەداتە ڕۆستەم، ڕۆستەم دوای چل ڕۆژ دەگەڕێتەوە ئێران و دواتر فەرەنگ کوڕێکی دەبێ بە ناوی زۆراب. زۆراب هێرش دەکاتە سەر ئێران و کوڕێکی ڕۆستەم واتە براکەی خۆی بە ناوی فەرامەرز دەکوژێ و هەتا دواتر[٦٦٠]... ئەم چیرۆکە چ وەک فۆرم و چ وەک کەسایەتییە سەرەکییەکانی نێو چیرۆکەکە و هەروەها ناوەڕۆک جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا هەیە. دیارە ئەوەش نابێ لە بیر بکرێ چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب و هەموو چیرۆکێکی دیکەی نەنووسراوی سەر زارەکی لەم بەیتبێژ بۆ ئەو بەیتبێژ ، لەم هەرێم بۆ ئەو هەرێم گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ڕێ ئەوەشی تێ دەچێ ئەم چیرۆکە لە بناغەوە چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب بێت، کە گۆڕابێ.

کتێبێکی دیکە بە کرمانجیی سەروو و بە لاتینی بە ناوی "ڕۆستەمی زاڵ" لە کۆکردنەوەی ئەدیپ پۆلات[٦٦١] هەیە. لەم کتێبەدا هەموو بەسەرهاتی ڕۆستەمی زاڵ لە شانامەدا کۆ کراوەتەوە و بە ناوی یەکەم ڕۆمانی فۆلکلۆری یان گەلەری کوردی بڵاو کراوەتەوە. لە بەشێک لەم کتێبەدا چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب بە درێژی لە شێوازی نەسردا بڵاوکراوەتەوە، هەر بۆیە دەکرێ لەم کتێبە وەک بنەما بۆ بەراوردکردن لەگەڵ نوسخە

---

659.Zargotina Kurda, Ordixane Celil u Celile Celil, Moskva, 1978

٦٦٠. دەقی هەمان چیرۆک لە کتێبی "زارگوتنا کوردا" جارێکی دیکە بە کورتکراوەیی بە ناوی "ڕۆستەمێ زاڵ" لە کتێبێکدا بە ناوی "داستانێن کوردی ژ زارگوتنا کوردی" لە لایەن ڕەشۆ زیلان و سەردار ڕەوشەنەوە بڵاوکراوەتەوە:

Serdar Rosan. Destanên Kurdî ji Zargotina Kurdî, Enstîtuya Kurdî ya Stenbolê, Reso Zîlan-

661. RISTEM ZAL, Destanek Gelêrî, Berhevkar: EDîB POLAT, Dîarbekir 2000

کوردییەکانی دیکە کەڵکی لێ وەربگیرێ.

لێرە بەرلەوەی بچمە سەر جیاوازییەکان لە نێوان نوسخەی ڕۆستەم و زۆرابی ئەدیب پۆلات و نوسخە کوردییەکانی دیکە و دەقی فیردەوسیدا، ئاماژە بە چەند تێبینییەکی گشتی پێویستن:

یەکەم، چوارچێوەی ئەم چیرۆکە بە کرمانجی سەروو هەروەک نوسخەی شانامەی فیردەوسی و هەم وەک نوسخە کوردییەکانی بە کرمانجی خواروو یەکە، واتە دەسپێک و ڕەوتی چیرۆک و ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە و هەروەها کەسایەتییە سەرەکییەکانی ناو چیرۆکەکە هەر وەک یەکن.

دووەم، هێندێک دەسکاریی بەرچاوی تێدایە، کە لە هیچ کام لە نوسخەکاندا چ فارسی و چ کوردی نین. وەک نموونە لە زۆر شوێندا باسی هورموز خوای زەردەشتی کراوە. ڕاستە لە هەموو نوسخەکانی دیکەشدا باسی یەزدان دەکرێ و دەزانین سەرچاوەی ئەمەش زەردەشتییە بەڵام ناوێک لە هورومز لە نوسخەکاندا نییە.

سێیەم، هێندێک پێناس و شیکردنەوە کە لە شانامەدا و لە چیرۆکەکانی دیکەی ڕۆستەمدا هاتوون و لە خودی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆرابدا نەهاتوون لە نوسخەی کرمانجیی سەرووا وەبەرچاو دەکەون. ڕاستە ئەمە یارمەتیی زیاتری خوێنەر دەدا تا باشتر لە چیرۆکەکە بگا بەڵام ئەوانە لە دەقی چیرۆکەدا نین. ڕەنگە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەمەش ئەوە بێت چیرۆکەکە لە شیعرەوە بۆ نەسر گۆردراوە و نووسەر دەستی ئاواڵا بووە ئەو گۆڕانکارییانە لە چیرۆکەکەدا بکا. بۆ نموونە ئەوەی لە شیعردا تەنیا وەک ئاماژەیەک هاتووە لە نەسردا لە ڕستەیەک یەک چەند ڕستەیەکدا دەربڕێ.

چوارەم، بە خوێندنەوەی هەموو چیرۆکەکە بۆم دەرکەوت کە زۆر لە دەقە فارسییەکە نزیکە، کەواتە دەتوانم ئەوە بێژم ڕەنگە وەک ئەدیب پۆلات بۆخۆیشی لە پێشەکیی کتێبەکەدا ئاماژەی پێ کردووە، کە لە شانامەی فیردەوسی بە زمانی تورکی[٦٦٢] کەڵکی وەرگرتووە، هەموو چیرۆکەکە لە ژێر کارتێکەریی دەقی شانامەی فیردەوسیدایە. دیارە دواتر من بە وردی دێمە سەر ئەم بابەتە. بەڵام لە هەمان کاتدا هەر لەم نوسخە کوردییەدا لە چەند جێگا ئاماژە بە دەقی بەیتەکان بە کوردی دەکرێ، کە ئەمەیان وەک بۆ خۆی دیسان لە پێشەکیدا ئاماژەی پێ کردووە، کە لە دەقی بەیتبێژان[٦٦٣] کەڵکی وەرگرتووە، کە

662. Şêxname-Fîrdevsî: Çar Cîld.We anên Wezareta Perwerdeyîya Nêtewî Turkîye
663. Evdilqadirê dengbêj Çavkanî: M. Kizilkaya, di pirtûka Dîwana Wunda de

ئەمانە پێوەندییەکیان بە خودی دەقەکەی فیردەوسییەوە نییە. کەواتە بە کورتی دەتوانین بێژین هەموو نەسری چیرۆکەکە لە شانامەی فارسی فیردەوسی بە هێندێک دەسکارییەوە وەرگیراوە و بەیتە کوردییەکانیش هەمان دەقی گەلەری یان فلۆکلۆری کوردی چیرۆکی ڕۆستەمی زاڵن، کە لە شوێنی دیکە وەرگیراون و کراوەتە ناوئاخنی کتێبەکە. بێجگە لەم جیاوازییانەی لە بنەوە ئاماژەیان پێ دەکرێ، هەموو چیرۆکەکە وەک نوسخە کوردییەکانی دیکە و بەتایبەت دەقی شانامەی فیردەوسی دەچێ.

پێنجەم، لەم نوسخەیەدا ئەوەی لە شانامەی فیردەوسیدا وەک ئاین یان باوەڕی ئێمە هاتووە وەک عورف و عادەتی ئێرانی وەرگێڕاوە، کە دیارە ئەمە جێگەی گرفتە چونکە لە دەقی فیردەوسیشدا ڕۆستەم وەک پاڵەوانی ئێرانی ناسراوە نەک وەک خەڵکی ئێران و ڕۆستەم خەڵکی سیستان و بە پێی شانامەی فیردەوسی خەڵکی زابول لە سیستان بووە. کەواتە کاتێک بۆ نموونە ڕۆستەم یان گیوی گۆدەرزی کەشواد، کە خزم و زاوای ڕۆستەمیشە دەڵێ لە ئاینی ئێمەدا وایە یان وا نییە ئەمە ڕاست بە مانای ئاینی ئێرانی نییە.

## ٢. جیاوازییەکان لە نێوان چیرۆکە جیاوازەکانی ڕۆستەم و زۆراب

لە دەسپێکی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب لە شانامەی کوردی کرمانجی سەروودا، یەکەم جیاوازییەک کە تووشی دەبین جێگۆرکێی گۆڕ بە گاکێوییە. لە فارسیدا گۆڕ زۆرجار وەک ئاسک هاتووەو لەگەڵ "گور"ی ئێستا کە بە مانای کەرەکێوی دێت جیاوازە. دواتر لە هەژماری سوارانی تورکدا جیاوازی هەیە لە نوسخە کوردییەکانی دیکەدا هەژماری دە سواری تورک هاتووە بەڵام لێرەدا باسی حەفت هەتا هەشت سوار دەکرێ.

کاتێک ڕەخشی ڕۆستەم بەرەو سەمەنگان دەبردرێ، خەڵکی لە دەورەی ڕەخش کۆ دەبنەوەو پرسیار دەکەن ئەم ئەسپە هی کێیە، ئەوانیش دەڵێن ئەمە ڕەخشی ڕۆستەمەو لە چۆڵەوانی گرتوومانە. خەڵکی دەهاتن و ماینەکانی خۆیان وەبەر ڕەخش دەدا بۆ ئەوە لە تۆوی ڕەخشی ڕۆستەم ببنە خاوەن ئەسپی چاک و ڕەسەن.

کاتێک ڕۆستەم دەچێتە سەمەنگان لە نوسخە کوردییەکاندا هاتووە چۆن خەبەر بە پادشای سەمەنگان دەدرێ و ئەوانیش دەچنە پێشوازیی ڕۆستەم. بەڵام لێرەدا وا هاتووە، کە ڕۆستەم دەچێتە شاری سەمەنگان لە دەرکەی ماڵێک دەدا و منداڵێک دەرکەی لێ دەکاتەوە و ڕۆستەمیش خۆی پێ دەناسێنێ. منداڵەکەش هەڵدێ بۆ قەسری پادشا و

هەواڵی هاتنی ڕۆستەم ڕادەگەینێ.

لە کاتی چاوپێکەوتنی ڕۆستەم لەگەڵ پادشای سەمەنگاندا ئەو توندوتیژی و هەڕەشانەی لە تێکستە کوردییەکانی دیکەدا هەیە، لێرە بە هەمان شێوە نییە. بۆ نموونە لیرە باسی ئەوە کراوە ڕۆستەم ڕوو بە پادشای سەمەنگان دەڵێ: "ئەگەر بێتو ئەسپەکەم بۆ پەیدا نەکەن، بۆ ناوبانگی شارەکەتان باش نابێ چونکە خەڵکی دەڵێن سەمەنگانییەکان ڕەخشی ڕۆستەمیان دزیوە". بەڵام لە دەقە کوردییەکاندا باس مەترسی خستنەسەری تێک و مەکاندانی قەڵای سەمەنگان لە لایەن ڕۆستەمەوە دەکرێ.

لە کاتی چوونی تەهمینە بۆ لای ڕۆستەم هەروەک دەقی ئەمینی باسی هاوڕێیەتیی کارەکەرێک لەگەڵ تەهمینە دەکرێ. باسی کارەکەرێک دەکرێ بە هاوڕێیەتیی تەهمینە مۆمێکی بەدەستەوە گرتووە و دەچێتە لای ڕۆستەم. لێرەدا ڕۆستەم بە هۆی کرانەوەی دەرکە وەخەبەر دێ، چەند جاران چاوی دەگلۆفێ و دەڵێ ئایا ئەمە ڕاستە یان هێشتا مەستی شەراب بەری نەداوم. پرسیار دەکا تۆ کێی دواتر، کە بۆ ماوەیەکی کورت، کەس وەڵام ناداتەوە، لە پرسیارەکەی پەژیوان دەبێتەوە، بەڵام هەر زوو تەهمینە وەڵام دەداتەوە. دوای ئەوەی خۆی دەناسێنێ، ڕۆستەم دەڵێ ئەمە "هورموز" بۆمی ناردووە. ئەمانە لە نوسخە کوردییەکانی دیکەدا نین. دواتر بە پێچەوانەی نوسخە کوردییەکانی دیکە و هەروەها دەقی شانامەی فیردەوسیشدا باسی ئەوە ناکرێ تەهمینە داوا لە ڕۆستەم بکا لە لای باوکی خوازبێنیی بکا و ئەو شەوە ڕۆستەم و تەهمینە پێکەوە دەبن و لای بەیانی ڕۆستەم نیشانەیەک بە تەهمینە دەدا بۆ ئەوە وەک ناسینەوەی باوکی بە منداڵەکەیان بدا و پێی دەڵێ نابێ کەس بەم نیشانەیە بزانێ. ئەمەش لە نوسخە کوردییەکاندا نییە. دواتر ڕۆستەم دەچێتە لای باوکی تەهمینە و ڕازی پێکەوەبوونی خۆی و تەهمینە ئاشکرا دەکا، کە ئەمەش لە دەقەکانی دیکەدا نییە. بەڵام لێرە لە باتی ناردنی وەزیر بۆ خوازبێنیی تەهمینە وەک لە دەقە کوردییەکانی دیکەدا هاتووە، هەروەک شانامەی فیردەوسی باسی موبدێکی زەردەشتی کراوە کە پەیمانی ژن و شوویی ئەوان دەبەستێ. بەڵام لێرە شتێک زیاد کراوە هیچ پێوەندیی بە هەموو دەقەکانی دیکەوە نییە، ئەویش ئەوەیە لەوەی باوکی تەهمینە، کە ڕۆستەم و تەهمینە پێک دەگەن خۆشحاڵە لەبەرئەوەی ڕەچاوی بەرژەوەندی سیاسیی کردووە یان وەک لە چیرۆکەکەدا هاتووە: "پشتی کو ڕستەمێ زاڵ بو زاڤێ وی، پاشا هیسابێ هێزا خوەیا سیاسی کر". بە پێی هەموو دەقەکانی چیرۆکی ڕۆستەم و زۆراب، ڕۆستەم تەنیا شەوێک لە سەمەنگان ماوە بەڵام لە نوسخەی کرمانجیی ژووروودا

دوای پەیمانی ژن و شوویی، شەوێکی دیکە لە سەمەنگان دەمێنێتەوە. بۆ لای بەیانی ئەو کارەکەرەی، کە یەکەم شەو هاوڕێیەتی تەهمینەی بۆ لای ڕۆستەم کردبوو لە ناکاو دێتە ژووری ڕۆستەم و تەهمینە و دەڵێ ڕەخشی بەڵەک دیترایەوە. ئەمەش لە نوسخە کوردییەکانی دیکەدا نییە و بێجگە لەوە ناوی ئەسپی ڕۆستەم، کە ڕەخش بووە لە دەقە فارسی و کوردییەکانی دیکەدا هەر بە ناوی ڕەخش هاتووە، بەڵام لەم نوسخە کرمانجییە و هەروەها نوسخەیەکی دیکەی کرمانجیدا[664] ناوی ڕەخشی ڕۆستەم وەک ڕەخشی بەڵەک براوە. ڕۆستەم کە ڕەخش دەبینێ دەزانێ بریندار کراوە، دەیشوا و تیماری دەکا، ئەمەش دیسان لە دەقە کوردییەکانی دیکەدا نییە. دواتر ڕۆستەم، کە سەمەنگان بەجێ دێڵێ بە پێی ئەم نوسخەیە یەکسەر ڕوو لە سیستان دەکا کە لێرەشدا بە پێچەوانەی دەقە کوردییەکانی دیکە لەگەڵ دەقەکەی فیردەوسیدا یەک دەگرێتەوە. دواتر لە باسی گەورەبوونی زۆرابدا دیسان باسێک، کە لە دەقە کوردییەکاندا هەیە و دەڵێ منداڵان ئێرەیی بە زۆر و بازووی زۆراب دەبەن و قسە و تانەی لێ دەدەن، کە زۆڵە و باوکی دیار نییە، لەم نوسخەیەدا نییە و لێرەش ئەم دەقە لەگەڵ چیرۆکی فیردەوسیدا یەک دەگرێتەوە. دوای ئەوەی تەهمینە چیرۆکی باوکی بۆ ئاشکرا دەکا باسی ئەوەش دەکا، کە ڕۆستەم چەند دیارییەکی بۆ ناردووە و پێی دەدا بە شەرتێک نابێ لە لای کەس باسی بکا. ئەمەش بە هەمان شێوە لە دەقی فیردەوسیدا هەیە و لە دەقە کوردییەکاندا بە هەمان ڕوون و ئاشکرایی نییە. ئەڵبەت بەو جیاوازییە، کە لە دەقی فیردەوسیدا باسی نامەیەکیش لەگەڵ دیارییەکان دەکرێ کە لێرەدا باسی ناکرێ. دواتر تەهمینە باسی دوو شت دەکا؛ یەکەم ئەوە ئەفراسیاب شا دوژمنی ڕۆستەمە و نابێ بەمە بزانێ و هەروەها زۆرابیش نابێ بچێ بۆ لای باوکی چونکە ئەو گلی دەداتەوە و ئیتر دایکی نابینێ، ئەم دوو مەسەلەیە هەردووکیان لە دەقی فیردەوسیشدا هەن بەڵام لە دەقە کوردییەکانی دیکەدا نین. دواتر بە پێچەوانەی نوسخە کوردییەکانی دیکەوە ئەفراسیاب هەر زوو لە مەسەلەی هێرشی زۆراب بۆ سەر ئێران ئاگادار دەکرێ و هێشتا زۆراب خەریکی ئامادەکاری شەڕە، کە ئەفراسیاب لەشکەر و دیاری و پاڵەوانی بۆ دەنێرێ واتە کاتێک هێشتا زۆراب لە سەمەنگانە. بەڵام لە نوسخە کوردییەکانی دیکە و هەروەها دەقی شانامەدا دوای ئەوە زۆراب خەریکە لە چۆمی جەیحوون بپەڕێتەوە، هێزی یارمەتیدەری تۆرانی پێ دەگا. لە ڕەوتی چیرۆکەکەدا لە شوێنێکی دیکە ئەم نوسخەیە و هەروەها دەقی شانامەی فیردەوسی یەک دەگرنەوە ئەویش

664. Destanên Kurdî ji Zargotina Kurdî, Enstîtuya Kurdî  ya.

ئەوەیە، کە زۆراب لە هێرش بۆ سەر ئێراندا هەرچی گوند و مەزرایە هەتا قەڵا سپی دەسووتێنێ، کە دیارە ئەمە لە دەقی فیردەوسیشدا هەیە بەڵام دەقە کوردییەکانی دیکەدا نییە. دواتر بە پێی ئەم نوسخەیە لەشکەری زۆراب ئاڵای سەمەنگانی پێیە، کە ئەمە لە نوسخە کوردییەکانی دیکەدا باسی نەکراوە. کاتێک لە شەڕی نێوان هەژیر و زۆرابدا، هەژیر وە بن دەکەوێ، بە پێی ئەم نوسخەیە هەژیر دەپاڕێتەوە و داوا دەکا لە بەر ژن و منداڵەکەی نەیکوژێ، کە دیارە ئەمەش نە لە دەقە کوردییەکان و نە لە دەقی فیردەوسیدا نییە[٦٦٥].

بەڵام مەسەلەیەکی سەرەنجڕاکێش ئەوەیە لەم نوسخەیەدا باسی شەڕی نێوان گوردئافەرید و زۆراب ناکرێ تەنیا باسی ئەوە دەکرێ کاتێک زۆراب و لەشکری تۆرانی هاتنە نێو قەڵا، دیتیان قەڵا چۆڵ کراوە و ڕیش سپی قەڵا کەژدەهەم و کچەکەی گوردئافەرید قەڵاکەیان چۆڵ کردووە و ڕۆیشتوون. ئەمە لە کاتێکدایە هەم لە دقی فیردەوسی و هەم لە یەک دوو دەقی نوسخە کوردییەکاندا باسی شەڕی بەناوبانگی نێوان زۆراب و گوردئافەرید کراوە.

لەم نوسخەیەدا لە ژندەڕەزم وەک کوڕی پادشای سەمەنگان و خاڵۆی زۆراب ناوی هاتووە، ئەمەش تەنیا لە دەقە جیاوازەکانی فیردەوسیدا هاتووە، لە دەقە کوردییەکاندا لە دەقی گۆدەرزی تەنیا وەک پاڵەوانێکی تۆرانی ناوی هاتووە و لە دەقی ئەمینیدا وەک خاڵۆی زۆراب، کە دیارە هەمان برای تەهمینە و کوڕی پادشای سەمەنگانە.

لە باسی گۆدەرزی، کەشواد لە زمانی هەژیرەوە باسی گۆدەرز و ٨٠ لە کوڕەکانی دەکرێ

---

٦٦٥. لە باسی هەژیر لە سەر ڕۆستەم و هۆکاری نەهاتن بۆ شەر لە زمانی هەژیرەوە ئاوا لە چیرۆکی گەلەریی ڕۆستەم و زۆرابدا هاتووە:

Belê, mîre min mîrê mîran e,
Ew pêlewan û nêçîrvan e,
Neçîrvanê şêr û pilingan e,
Bi  şev û roj li deşt û çiyan e,
Ez sond dixwum bi Rehman e,
Ew niha digere li Zabilistan e,
Niha rûniştiye li nav bostan e,
Ew mêrekî be sed mêran e,
Nayê şerê xişîm û cahilan e,
Vedixwe meyê, dikuje pezkûviyan e,

کە ئەم هەژمارەش ڕاست وەک دەقی شانامەی فیردەوسییە و لە دەقە کوردییەکانی دیکەدا هەژماری جیاواز هاتووە. لە نەدرکانی ناوی ڕۆستەم و نەناساندنی ڕۆستەم بە زۆراب لێرەدا هەروەک دەقی فیردەوسی باسی پاڵەوانێکی چینی دەکرێ بە پێچەوانەی نوسخە کوردییەکان، کە دەگوترێ پاڵەوانێکە لە بوخاراوە هاتووە. لەم نوسخە کوردییەدا زۆراب گەلێک لە هەژیر دەپاڕێتەوە ڕۆستەمی پێ نیشان بدا و تەنانەت بەڵێنی پێ دەدا هەموو گەنجینەی شاری سەمەنگانی پێ ببەخشێ، دیارە ئەمەش لە نوسخە کوردییەکانی دیکەدا نییە. هەروەها دوای ئەوە هەژیر ڕۆستەم بە زۆراب ناناسێنێ لێرەشدا هەروەک دەقی شانامە زۆراب لێی دەدا و تەختی عەرزی دەکا بەڵام وەک لە نوسخە کوردییەکانی دیکەدا هاتووە، زۆراب هەژیر لە قەڵا فڕێ ناداتە خوارەوە و نایکوژێ، کە دیارە دواتر لە چەند جێگەی دیکەدا ناوی هەژیر لە ڕەوتی ڕووداوەکان لەم نوسخەیەدا وەبەرچاو دەکەوێ. ئەمەش لێکچوونێکی دیکەی نێوان ئەم نوسخە و دەقی فیردەوسییە[٦٦٦].

جیاوازییەکی دیکەی ئەم نوسخە و نوسخە کوردییەکانی دیکە ئەوەیە، کە لانی کەم لە سێ جێگەدا ڕۆستەم قسەکانی تەهمینەی دایکی و نیشانەکانی ڕۆستەمی وەبیردێتەوە، کە ئەمەش لە نوسخە کوردییەکانی دیکەدا نییە.

لە نوسخەی فیردەوسیدا ناوی ئەسپی زۆراب سەمەندە، لە نوسخە کوردییەکانی دیکەشدا چەند جار ناوی سەمەند هاتووە، بەڵام لێرەدا تەنیا باسی ئەسپی زۆراب، کە لە تۆوی ڕەخشە ڕۆستەمە کراوە و لە جێگایەکیشدا وەک ئەسپی عەرەبی Hespekî Erebî ناوی هاتووە.

لێرەش هەروەک نوسخەی فیردەوسی لە کاتی هێرشی زۆراب بۆ سەر خێمەی کەیکاوس شا و ڕماندنی بەشێک لە خیمەکەیدا، دەقی قسەکانی زۆراب لەم نوسخە کوردییەدا هەروەک دەقی فیردەوسی دەچێ، کە دەڵێ من دوای کوشتنی ژندەڕەزمی خاڵۆم سوێندم

---

٦٦٦. لە لەشکەرکێشانی کەیکاوس شا بۆ سەر زۆراب لە دەقێکی گەلەری کرمانجی سەروودا دا ئاوا هاتووە:

El û xêbet,
Bi tirs û heybet,
MeŞiya, çû;
Zû û her zû,
Kawûs li pêŞ.
Pêlewanan da dû

خـوارد تۆ بگرم و له دارت بدەم، دیاره ئەو بەشــەی باسی ژندەرەزم دەکـرێ لـه نوســخــه کوردییەکانی دیکەدا نییه.

له نوسـخـه کوردییـەکانی دیکەدا هاتووه، زۆراب هات و ۷۰ مێـخی خێمەکەی کەیکاوس شای هەڵکەند و هەر بۆیه لایەک له خێمەکه ڕما. لەم نوسخەیەدا هاتووه که زۆراب ڕەمێکی وای له خێمەکه دا ۷۰ مێخی خێمەکه هەڵکەندرا. کەیکاوس شا لەم نوسخەیەدا دوای ئەوه زۆراب هێرش دەکا و خێمەکەی بەسـەردا دوڕووخێنێ و پاڵەوانه ئێرانییەکان ناوێرن نزیکی ببنەوه، دەڵێ:

"خــوەلی ل ســـەر من بە، من ژی دگــۆت پەهلـەوانێن من هەنە". دواتر لـه نوســـخـــه کوردییەکاندا هاتووه کەیکاوس شا گیو به پەلە دەنێرێتە خێمەی ڕۆستەم تا به هانایەوه بێت، بەڵام لەم نوسخەیەدا کەیکاوس شا توس دەنێرێ بۆ لای ڕۆستەم نەک گیو. لێره لەم نوسخەیەدا له پاش چوونی توس بۆ لای ڕۆستەم بۆ یەکەم جار باسی زەواره برای ڕۆستەم دێتە گۆڕێ، که ئەمه له نوسخه کوردییەکانی دیکەدا نییه بەڵام له دەقی فیردەوسیدا هەیە. دواتر کاتێک بۆ یەکەمجار ڕۆستەم زۆراب له ناو جەرگەی شەڕ و مەیداندا دەبینێ دەڵێ من نامیەوێ له پێش چاوی لەشکەر شەڕ بکەین و دەبێ بچینه شوێنێک دوور لەوان. ئەمەش له نوسخه کوردییەکانی دیکەدا نەهاتووه، بەڵام هاوکات هەر لەو نوسخه کوردییانەشدا به بێ ئامـاژەکـردن ئەوه دەردەکـەوێ، کـه ڕۆسـتـەم و زۆراب له دوور له چاوی هەر دوو لـەشکری توران و ئێران شەڕیان کردووه.

له دەسـپێکی شـەڕی نێـوان ڕۆسـتـەم و زۆرابدا هەتا کۆتایی لەم نوسـخـەیەدا هێندێک ڕسـته و ئاماژه هەن له نوسـخه کوردییەکانی دیکەدا نین. وەک نموونه ڕۆسـتەم به زۆراب دەڵێ: "تو ل تەمـەنێ کـوڕی من دای، ئەز ناخـوازم دەست له بەر ته ڕاکەم، ته بکوژم". یان "ته ناهەشـبی ترکـان، به خودێ تو ژ وانره نـابی هەڤاڵ" یان زۆراب ڕۆسـتـەم وەک "خـالۆ" بانگ دەکـا و ڕۆسـتـەمـیش زۆراب وەک "خـوارزێ". له شـوێنێکی دیکەدا هـاتووه، زۆراب خەریک بوو به ڕۆستەم بڵێ: "خالو بێهنا باڤێ من ژ ته دێ". له شوێنی دیکەدا زۆراب خۆی وەک "ئەز سـوهرابێ سـەمـەنگانێ مـە" دەناسـێنێ و باسی خـۆی دەکـا و ئەمـەش لـه چەند جێگای دیکەی چیرۆکەکەدا دووپات دەکرێتەوه.

له دەقی فیـردەوسیدا یەکێک له هۆکارەکان، که ڕۆستەم دوای ئەوەش زۆراب ناونیـشانی لێ دەپرسێ و ڕاسـتـیی خۆی ناڵێ ئەوەیه ڕۆسـتـەم نایەوێ دواتر تـورکان بڵـێن ڕۆسـتـەم پاڵەوانی ناودار بەدەستی کەسێکی نەناسراو کوژراوه، ئەمەش ڕاست لەم نوسخەیەدا هەیە

و ئاوا هاتووه: "بلا ترک نەبێژن ناشیتێکی ڕستەم بن دەست خست". لە شوێنێکی دیکەدا ئاوا زۆراب باسی ڕۆستەم لە لای هومان دەکا: "ئەز ژ وی فدی دکم، وەک مرۆڤ بە باڤێ خوەرە جەنگ بکە. ئەز نیشانێ باڤێ خوە دوی پێلەوانی دە دەبینم". هەروەها لە دوایین شەڕدا زۆراب داوای ئاشتی لەگەڵ ڕۆستەمدا دەکا و دەڵێ: وەرە ئەم ل بەر دەستێ رۆهێ هورموز تۆبە بکەین"

دواتر وەک لە دەقی فیردەوسیشدا هاتووە دوای ئەوە ڕۆستەم و زۆراب لە شەڕ لەگەڵ یەکتردا ماندوو دەبن، هەر کامەیان ڕوو دەکەنە لەشکری بەرانبەر، ڕۆستەم گەلیک پاڵەوان و سەربازی تورک دەکوژێ بەهەمان شێوەش زۆراب هەژمارێک سەربازی تورک دەکوژرێ. ئەمەش بە هێندێک جیاوازییەوە لەم دەقە کوردییەدا هەیە بەڵام لە دەقی نوسخەی گۆدەرزی و ئەمینیدا نییە.

بێجگە لەمە لە کاتی هێرشی زۆراب بۆ سەر سەربازە ئێرانییەکاندا، زۆراب لە توس پاڵەوان و سەرلەشکری ئێرانیش دەدا و ئەویش هەڵدێ، کە لێرەدا بە درێژی لە زمانی گیو، کە بۆ ڕۆستەمی دەگێڕێتەوە هاتووە، دیسان گیو باسی ئەوە دەکا کە ڕۆستەم بۆ خۆت دەزانی ئێمە لە بەر ڕێسا و یاسای خۆمان قەد لە شەڕ هەڵنایەن بەڵام، زۆراب هێرشی کرد هەموو پاڵەوانەکان هەڵهاتن. ئەم ئاماژەیە لە دەقی فیردەوسی لە دەقی کوردیی گۆدەرزیشدا نییە.

لە دەقی کوردیی گۆدەرزیدا بەشێک بە ناوی مناجات و پاڕانەوەی ڕۆستەم لە یەزدان هەیە بەڵام لەم نوسخەیەدا ئەوە کەیکاوس شایە، کە لە یەزدان و هورموز بۆ سەرکەوتنی ڕۆستەم بە سەر زۆرابدا دەپاڕێتەوە. دیسان لەم نوسخەیەدا ڕۆستەم دوای شەر لە بەر ئەوەی نەیتوانیوە بە سەر زۆرابدا زاڵ بێت دەچێتە لای حەکیم بۆ ئەوە هەلومەرجی تەندروستی خۆی بزانێ، کە ئەمەش لە دەقە کوردییەکاندا نییە.

لە دوایین شەڕی نێوان ڕۆستەم و زۆرابدا وەک لە دەقی فیردەوسیشدا هاتووە، ڕۆستەم لە لای براکەی زەوارە وەسیەت دەکا. ئەمە لەم دەقە کوردییە کرمانجییەدا هەیە بەڵام لە دەقی گۆدەرزیدا نییە. هەر لێرەدایە، کە بۆ یەکەم جار ناوی دایکی ڕۆستەم "ڕوودابە" دێت و ئەمە لە دەقی فیردەوسیشدا هەیە و لە دەقی گۆدەرزیدا نییە.

لە وەڵامی زۆرابدا، کە دەڵێ ئەو پاڵەوانەی ئێمرۆ من شەڕم لەگەڵدا کرد، ڕۆستەم بوو، هومان دەڵێ: ئەو ئەوەندە خۆی بە بچووک نازانێ لەگەڵ تۆدا شەڕ بکا. بەڵام لە دەقی فیردەوسیدا بە شێوەیەکی دیکە هاتووە و باسی ڕەخشی ڕۆستەم دەکرێ، کە ئەو ئەسپەی

ڕۆستەم هەیەتی ڕەخش نییە هەر بۆیە ئەو پاڵەوانە ڕۆستەم نییە[٦٦٧].

لەم دەقە کوردییەدا لە پێشدا ئەوە زۆرابە باسی ئەوە دەکا بۆ ڕۆستەم، کە خەتای هەژیر بوو تۆی بە من نەناساند. دواتر هومان لە ڕاسپاردەیەکەدا لە ڕێگەی زەوارە بۆ ڕۆستەم هەمان شت دووپات دەکاتەوە و خەتای کوژرانی زۆراب دەخاتە ئەستۆی هەژیر. بەڵام لە دەقی فیردەوسیدا تەنیا ئاماژە بە ڕاسپاردەی هومان دەکرێ. دیارە هەموو ئەمانەش لە نوسخەی کوردیی گۆدەرزیدا نین.

پاش بریندار بوونی زۆراب و داوای زۆراب لە ڕۆستەم، کە شەڕ لەگەڵ سپای توراندا نەکا، ڕۆستەم بۆ خۆی دێت و بە لەشکری ئێران رادەگەیەنێ شەڕ مەکەن و زەوارەی برای دەنێرێتە لای هومان، کە بگەڕێنەوە وڵاتی توران و شەڕ کۆتایی پێ هاتووە. ئەمەش لە هەر دوو ئەم دەقە کوردییە و دەقی فیردەوسیدا هەیە بەڵام لە دەقی گۆدەرزی و ئەمیندا نییە.

